دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٢٤، یەکشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، ٥ی ژوئەنی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com

■ پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات ڕوو لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەلئەحواز ٢

■ ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: ناڕەزایەتیی جەماوەری لە ئێران بەردەوام دەبێت ٢

■ ئاگاداریی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٣



ئێران شامی شەریفە! ٤



مێترۆپۆل وێنایەکی ڕاستەقینە، بۆ داڕماویی کەڵانشاری ئێرانی ٦



لە یادی ٥٩ پەپوولەی پەڕپەڕکراودا ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# چی بێمانایە؟ گیانی خەڵک!



نیزیک بە دوو حەوتوو لەمەوپێش و لە ڕێکەوتی ٢ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی بینای مێترۆپۆلی عەبادان داڕما؛ پاش ئەم ماوەیە ڕێکەوتی ١٤ی جۆزەردان تەرمی بێ گیانی دوو قوربانی تریش دۆزرایەوە.

تا ئێستە کە هێشتا ئۆپەراسیۆنی خاوێنکردنەوەی ئاسەوارەکانی ئەم داڕووخانە کۆتایی پێ نەهاتووە، بەپێی ئامارە فەرمییە حکومەتییەکان ٣٨ کەس لەم ڕووداوەدا گیانیان لە دەست داوە بەڵام وەک سەرچاوە نافەرمییەکان باس دەکەن لە کاتی ڕوودانی کارەساتی مێترۆپۆل ڕێژەیەکی زۆرتر لە نێو بیناکەدا سەرقاڵی کارکردن بوون کە بەهۆی گەرمای شوێنی کارەکەیان چوونەتە نهۆمی ٢-ی بیناکەوە و تا ئێستە نەدۆزراونەتەوە.

دوابەدوای ڕووخانی مێترۆپۆل هەندێک لە بەرپرسانی پێوەندیدار دانیان بەوەدا نا کە لە ڕەوتی سازکردنی ئەم بورجەدا هەندێ دانوستانی ژێربەژێر لەنێوان خاوەنی بیناکە واتە «حسێن عەبدولباقی» لەگەڵ شارەدار و هەندێ لە بەرپرسانی حکومەتی لەم شارە و پارێزگا بەگشتی هەبووە تاکوو تێچووی سازکردنەکە بۆ ناوبراو کەم بکرێتەوە و لە بەرامبەریشدا بەرتیلێکی زۆرتر لەلایەن عەبدولباقییەوە دراوە؛ واتە بەرپرسانی پێوەندیدار لە پێناو هەندێ پێوەندی خزمخزمێنە و دۆستایەتی کە لەگەڵ خاوەنی بورجەکە هەیانبووە و هەروەها بەو هۆیەوە کە عەبدولباقی لە کەسانی نیزیک لە دەسەڵات بوو، یاساکانی پێوەندیدار بە سازکردنی بینایان بۆ خستە پەراوێزەوە.

پاش ڕووداوەکە و لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا لایەنە پێوەندیدارەکان ڕایانگەیاند کە خاوەنی بیناکەش لەنێو بورجەکەدا بووە و بەو هۆیەوە مردووە؛ ئینجا بۆ قبوڵاندنی ئەم درۆیە هەندێ لە کەسوکاری ناوبراویان لە ساردخانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی عەبادان نیشان دا کە بەسەر تەرمێکەوە کە ڕوون نییە هی کام یەک لە قوربانییە بێبەختەکانی ڕووداوەکەیە نیشان دا کە خەریکی شین و شەپۆڕ بوون.

لە شەووڕۆژەکانی دوای ئەم کارەساتە خەڵکی عەبادان و دواتر شار و گوندەکانی دیکەی هەرێمی ئەلئەحواز ڕژانە سەر شەقامەکان و وەک هەلێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و ئێعترازە پەنگخواردووەکانیان دژ بە تەواوییەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دروشمیان دا و «مەرگ بۆ خامنەیی» بووە دروشمی سەرەکی خۆپیشاندەران.

لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و وێڕای پاڵپشتی لە خەڵکی بێدیفاعی سەر شەقام، کە دەکەوتنە بەر پەلامار و هێرشی سەرکوتکەرانی سەر بە ڕێژیم، خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامی بوون و جارێکی تر سەلماندیان کە کۆماری ئیسلامی هیچ جێگە و پێگە و ڕەواییەکی لای خەڵک نەماوە.

ئەم ڕاستییە ئەو کاتە زیاتر خۆی نواند کە بەرپرسانی ڕێژیم ویستیان ئەم ڕووداوە وەک هەلێک بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و کاتێک ماتەمینی گشتی ڕاگەیەندرا، بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە دەستیان کرد بە دروشمدان بە دژی ڕێژیم و تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵک و چەکدارانی ڕێژیم دەستی پێکرد؛ هەر ئەمەش بوو کە تەنانەت ئیبراهیم ڕەئیسی بەناو سەرکۆماری ئێران ١١ ڕۆژ پاش ڕووداوەکە و لە ترسی ڕاپەڕینی خەڵک و پاش نیشتنەوەی کەفوکوڵی ئێعترازەکان سەفەرێکی کورتی ڕانەگەیەندراوی بۆ شوێنی ڕووداوەکە ئەنجام دا و بەخێراییش شوێنەکەی جێ هێشت و نەیوێرا تەنانەت کۆبوونەوەیەکی هاوخەمی بە حوزووری هێزە ئەمنیەتییەکانیشی لەگەڵ خەڵک وەڕێ بخات!

ئەوەیکە ڕوونە و لە ڕابردووشدا بۆ ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی و قوربانیانی دەستی ڕێژیمی ئاخوندی بەتایبەتی سەلماوە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە ئەوەی لە ئێراندا و بۆ حکومەت مانای نەبووە و مانای نییە و ماناشی نابێت، گیان و ژیانی خەڵکە نە هیچی تر؛ کە ئامادەن لەپێناو پاراستنی دەسەڵات و ژیانی خۆیان نەک هەر خەڵک بەڵکوو گیاندار و بێگیانی ئەم وڵاتە بکەنە قوربانی؛ چونکە پێیان وایە ئەوان نوێنەری خودا لەسەر عەرزن و بەگوێرەی باوەڕێکی مەزهەبی کە هەیانە دەتوانن حوکمی ئەوە بکەن کە خەڵک بچەوسێننەوە و تاقییان بکەنەوە و هەر کەسیش دەنگی «نا»ی هەڵبڕی بیگرن و ئازاری بدەن و لە نێوی ببەن؛ هەر ئەمەشە کە عەلی خامنەیی لە ساڵمەرگی خومەینیدا بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوی سەبارەت بە ئێعترازەکانی ئەم دواییانەی عەبادان و ناڕەزایەتییەکانی پێشتری بەهۆی گرانییەوە هەموو ئەوانە بە «دژمن»ەوە دەبەستێتەوە و دەڵێ: «پێیان وایە دەتوانن «میللەت»ی ئێران بەرامبەر بە «نیزامی ئیسلامی» ڕابگرن؛ ئەم هەڵە گەورەیەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕاوێژکارەکانیان تاقمێک ئێرانی «خائین»ن کە خەیانەت بە وڵاتی خۆیان دەکەن بەڵام دواجار ئەم ڕاوێژکارانە خەیانەت بەوانیش دەکەن!.»

ئەمە ئەو نوسخە ئیسلامییەیە کە خامنەیی وەک «نوێنەری خودا لەسەر عەرز» لەباتی بڕیاردان بۆ دۆزینەوەی خەتاکاران و سزادانیان و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانوێکەوتووان بۆ خەڵکی دەیپێچێتەوە. بۆیە دەڵێین: لە ئێراندا چی بێمانایە؟ گیانی خەڵک!

## پەیڤ

### داهاتووی بێ ڕابردوو

کەریم پەرویزی

زیاتر لە هەر ساڵ و مانگێکی پێشووتر، هەرەسهێنان لە بەرچاوی ڕێژیمەکەی خومەینی و خامنەییە و خامنەیی جێگرەوەی لە ساڵرۆژی مەرگی جەلادی ڕووڕەشی مێژوودا، لە باتی هەڕەشە و گوڕەشە هەمیشەییەکانی، باسی لە بەکرێگیراوبوونی خەڵکانی ئێران و هەروەها ترسی خۆی و هاوکاسەکانی لە ڕووخانی ڕێژیمەکەی کرد. خامنەیی بە لاڵی و پرتەپرتەوە گوتی کە ڕێژیمەکەی دەڕووخێ و وەکوو چۆن لە فەڕانسە دوای شۆڕش ڕێژیمی پێشوو هاتەوە سەرکار، دووبارە لە ئێرانیش ئەو نیگەرانییە هەیە! لەو کاتەوە کە لە پووشپەڕی ٧٨دا، خامنەیی لەبەرامبەر خەباتی خوێندکاراندا وەلەرزە کەوت و گریا و وتی گەر وێنەکانیشی بدڕێنن هیچ مەڵێن، ئەمە جارێکی دیکەیە کە خامنەیی بەرامبەر بە خۆپیشاندانی خەڵك وەلەرزە دەکەوێتەوە. بەڵام ئەم جارە ڕەنگە دەرەتانی نەبێ ڕێژیمەکەی دەرباز بکات، چوونە ڕیاکارانێکی وەکوو چاکسازیخوازەکانی ئەوکات نین تا یارمەتیدەری بن بۆ پاراستنی نیزام!

لە کەشی سیاسیی نێو بەرهەڵستکارانی ڕێژیمی تاراندا، باسی زۆر دەکرێ کە چی بکرێ تاکوو خۆپیشاندانی خەڵك یەك بخرێ و خەباتی سەرتاسەری و هاوئاهەنگ بەڕێوە بچێ. دووبارە پرسیارە کۆنەکە سەری هەڵداوەتەوە کە چۆن و کێ دەبێتە ئالترناتیڤی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی؟

ڕوون و ئاشکرایە کە گوتارێك دەتوانێ ببێتە ئالترناتیڤ کە وەخۆگری زۆربەی کۆمەڵگا بێ و لە دۆخی ئێستەدا کۆمەڵگای هەمەڕەنگ و فرەنەتەوەی نێو جوغرافیای ئێران پێویستی بە پلاتفۆرمێکە کە هەم جیاوازییە چینایەتی و داخوازییەکان ببینێ و هەم فرەنەتەوەیی کۆمەڵگا و هەم تێپەڕین لە دۆخی دەسەڵاتی دینی و ئایدیۆلۆژیك.

بەڵام هەندێ دەنگ لەم نێوەدا بڵاو دەکرێنەوە کە لە دۆخی ئێستادا کە خەڵك ڕەنج دەکێشن و خۆپیشاندانی جەماوەری بەڕێوەیە، با زۆر لەسەر ئەو شتانە ورد نەبینەوە و زۆر لاپەڕەی ڕابردوو هەڵنەدەینەوە تەنیا چاومان لە داهاتوو بێ! ئەم دروشمە کە تەنیا چاومان لە داهاتوو بێ، هەندێ بریقەدار و جوان دێتە بەرچاو، بەڵام گەر تەنیا چاومان لە داهاتوو بێ، ئەو پرسیارە دەخوڵقێ کە کامە داهاتوو؟ داهاتووەکە چۆنە؟ ئایا تەنیا بەوەندەی کە لە داهاتوودا ئیدی خامنەیی نییە، بەسە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوو لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەهواز

خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی «ئەحواز، ئابادان» و شارەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە!

ویست و ئیرادەی یەکڕەنگیی ئێوە لەو ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینەی دواییدا دژی ستەمکارییەکانی ڕێژیمی تێرۆریستی ئیسلامیی ئێران، دەرخەری ئەوەیە کە هاووڵاتییانی عەرەبی وڵاتەکەمان لەو ناوچەیە وشیارانە و بە ئاگاییەوە داوای مافەکانیان دەکەن.

خەڵکانێک کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە، لەژێر ستەمی دوو هێندە و هەڵاواردنی ئاشکرادا بوون و بە شێوەی جۆراوجۆر لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە سەرکوت کراون.

ئەو سیاسەت و بەرنامەیەی ڕێژیم سەبارەت بە هەموو ئازادیخوازانی ئێران، بەتایبەت نەتەوە ژێردەستەکان، بەردەوام درێژەی هەبووە. نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە باشی لەگەڵ ئەو سیاسەتە ئاشنایە و بە پێست و ئێسکی خۆیان ئەو زوڵمەیان ئەزموون کردووە.

هەر لەو پەیوەندییەدا، ئێمە لە قووڵایی دڵمانەوە لەگەڵ ئێوە هاوخەبات و هاوهەنگاوین و پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی ئێوە و خۆڕاگریی قارەمانانەی ئێوە دەکەین. زۆر باشە کە لەژێر سێبەری خەباتی یەکپارچەیی و یەکگرتوودا، هەموو ئازادیخوازان بەتایبەت نەتەوە زوڵملێکراو و پەراوێزخراوەکان، دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە تێکەوە پێچین.

ئێمە سەر دەکەوین. لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سەرەخۆشی لە هەموو بنەماڵەی قوربانییانی بینای «مێترۆپۆل» و خەباتکارانی بوێری «ئەحواز» و شارەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین.





# سپای تێرۆریستی قودس لە هەوڵی تێرۆرکردنی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندایە

بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکان، پیلانی تێرۆرکردنی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن یەکەی ٨٤٠ی لقی قودسی سپای تێرۆریستی پاسداران، ئاشکرا کرا.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، یەکەی ٨٤٠ی سپای تێرۆریستی قودس بە هاوکاری لەگەڵ چەند جاشی خەڵکی ورمێ، یەک لەوان «مەنسور ڕەسووڵی و لوقمان ڕەسووڵی» لە هەوڵی بەڕێوەبردنی پیلانی تێرۆرکردنی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و «ڕۆستەم جەهانگیری» بەرپرسی دەزگای چاوەدێریی ئەو حیزبە بوونە.

مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ، میدیاکانی ئیسرائیل باسیان لەوە کرد، لەنێو خاکی ئێراندا لێپرسینەوە لە «مەنسوور ڕەسووڵی» بەکرێگیراوی سپای پاسداران خەڵکی گوندی «هاشم ئاباد» سەر بە ناوچەی مەرگەوڕی ورمێ کراوە کە دانی بەوەدا ناوە کە پیلانی چەندین تێرۆری ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە بەڕێوە ببات.



سەرچاوەکانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە ورمێ ڕایانگەیاندبوو کە لێپرسینەوە لە مەنسوور ڕەسووڵی، ٤ مانگ پێش لە میدیاییکردنی ئەو بابەتە لە ورمێ ئەنجام درابوو و ناوبراو هەروا لەژێر چاوەدێریی وەزارەتی ئیتلاعات لە ماڵێکی ئەمن بەسەر دەبات.

یەکەی ٨٤٠ی لقی قودسی سپای تێرۆریستی پاسداران بە شێوەی نهێنی دامەزراوە، ئەرکی ئەو لقەی سپای پاسداران بەرنامەداڕشتن و بەڕێوەبردنی هێرشی تێرۆریستی لە دەرەوەی ئێران دژی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژاواییە.

بەشێک لە پیلانەکانی ئەو یەکە تێرۆریستییەی سپای پاسداران لە سێ بەشی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقا»، «قەفقاز و ئاسیا» و هەروەها «ئورووپا و ئامریکا» دابەش کراوە و لە ساڵی ڕابردوودا زۆرێک لە چالاکییە تیرۆریستییەکانی ئەو یەکەیە ئاشکرا و پووچەڵ کراوە.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: ناڕەزایەتیی جەماوەری لە ئێران بەردەوام دەبێت

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ مانگرتن و ناڕەزایەتیی بەردەوامی مامۆستایان و کرێکاران لە کوردستان و ئێران، ناڕەزایەتییەکی بەربڵاو لە زۆربەی شارەکانی ئێران و لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا دژ بە کۆماری ئیسلامی تەشەنەی سەند. ئەگەرچی ئەم ناڕەزایەتییە بەربڵاوە بە شێوەی خۆپیشاندانی سەرشەقام هەتا ئێستا بەشێک لە شارەکانی گرتووتەوە بەڵام ئەوەی کە لای خەڵک بەتەواوی ڕوونە ئەوەیە کە هۆکاری ئەو هەموو نەهامەتییەی کە بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتووتەوە تەنیا و تەنیا سیاسەتی سەرتاپا هەڵەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەر و بەرپرسانی ژێردەستی ئەوە.

ڕاستە ناڕەزاییە جەماوەرییەکانی ئەم دواییە کە دەسپێکەکەی لە بەر گرانیی لەڕادەبەدەری شتومەکی ئاسایی ڕۆژانە و قوتی خەڵکە، بەڵام ئەوە تەنیا بەشێکە لە هۆکاری ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، دەنا هەروا کە لە دروشمەکانی خەڵکدا هەر زوو دەردەکەوێت هۆکاری ئەو هەموو قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتووە، ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی سەدەکانی ناوەڕاستە کە وای لەو وڵاتە دەوڵەمەندە کردووە کە تەنانەت نانی ڕۆژانەی خەڵکیش ببێتە جیرەبەندی و هەندێ شتومەکی ئاسایی و ڕۆژانەی مرۆڤ لە ژیان و لەسەر سفرەی خەڵکی بێ دەرەتانی ئێران نەمێنێت.

هەژاری و بێکاری و بێ ئەنوایی خەڵک لە حاڵێکدایە کە گەندەڵی و ئیختلاس و دزیی لەبڕان نەهاتووی بەرپرسانی ڕێژیم گەیشتووەتە ئاستێک کە زۆر جاران لە بەر کێشە ناوخۆییەکان، هەر خۆیان لە یەکتری لەقاوی دەدەن و هیچ شەرمێکیش لە خەڵکێک ناکەن کە توانایی کڕینی نانی ڕۆژانەشیان نەماوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ناردنی پارە و سامانی وڵات بۆ پڕچەککردنی گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت، هۆکارێکی دیکەی ئەو قەیرانە ئابوورییەیە کە خەڵکی ئێران پێوەی گرفتارن.

هەموو ئەوانە لە حاڵێکدایە کە هەر چەشنە دەنگهەڵبڕین و ناڕەزایەتییەک بەرانبەر ئەو دۆخە لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە بە توندترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە و ڕۆژ نییە کە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ڕۆژنامەنووسانی دەروەست و خەڵک، لەوبارەوە بانگهێشت و دەسبەسەر و هەڕەشەیان لێ نەکرێت.

لە وەها دۆخێکدا کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی هەوڵی چاککردنی ژیانی خەڵک بدا هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و بەتایبەتی هێزە سەرکوتکەرەکانی سپای پاسداران دەست دەکەن بە کۆبوونەوەی بەربڵاو و مانۆڕی سەرکوت.

ئەوە خاڵی هاوبەشی هەموو ڕێژیمێکی دیکتاتۆرە و تەنیا چەکی دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەر ئەوەیە، بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە ئەو چەکەش لە بەرانبەر یەکگرتوویی خەڵکدا بە چۆکدا دێت.

خەڵکی کوردستان وێڕای دەربڕینی پشتیوانی بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی جەماوەری ناڕازی لە باقیی ناوچەکانی ئێران، لەو باوەڕەدایە چەکی ژەنگاویی سەرکوت لە بەرانبەر هێزی یەکگرتوو و ئیرادەی یەکگرتووی خەڵکی ئێران خۆی پێ ڕاناگیرێت و لە کۆتاییدا سەرکەوتن هەر بۆ خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە چنگ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وەک هەمیشە پشتیوانی لە ناڕەزایی جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئێران دەکات و پێمانوایە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە نیشانی دا کە ناڕەزایی جەماوەری خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی چووتە قۆناغێکی نوێوە و ئەم ناڕەزاییانەش بەردەوام دەبێت و کۆماری ئیسلامی توانای تێپەڕاندنی ئەم قەیرانگەلەی نابێت.

داواش لە سەرجەم لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەکەین لە ئێستادا کە هاودەنگییەکی گشتی دژ بە کۆماری ئیسلامی لەنێو جەماوەری خەڵکدا دروست بووە، دەبێ هەنگاوی جیدی هەڵبگرێت و کوردستانیش وەک هەمیشە دژ بە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە مەیداندا دەبێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**١ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی**

# کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ڕۆژی ٣ی جۆزەردان، ٢٤ی مانگی مەی ٢٠٢٢، کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی بەرپرسانی یەکەمی حیزبەکانی ئەندام و بە میوانداریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ ماوەی شەش کاتژمێر بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە «عومەر ئیلخانیزادە» سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان وەک بەرپرسی دەورەیی ناوەند بە گەرمی بەخێرهاتنی لایەنەکانی کرد و بە پەسەندگەیاندنی ئاجێندای کۆبوونەوەکە دەرگای گفتوگۆی لەسەر تەورەکان کردەوە .

دواتر «خالید عەزیزی» سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی دەورەی پێشووی ناوەند سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی ناوەند لە دەورەی پێشوو قسە و باسێکی پێشکەش کرد و ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکان لەلایەن تیمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندرایەوە.

تەوەری دووهەمی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و ئێران و ناوچەکە و ئەرکە سەرەکییەکانی ناوەند.

لەو بەشەی ئاجێندادا بەتایبەتی ئەو ناڕەزایی و خۆپیشاندانانەی لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوو لە شارەکانی ئێران و کوردستان بەڕێوە چوو، داهاتوی ئەو بزووتنەوەیە، هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکیی کۆماری ئیسلامی، هەلومەرجی سیاسی و ناکۆکییەکان لەو ناوچەیە و شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین و کاریگەرییەکانی خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەمبارەوە «خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، محەممەدنەزیف قادری جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و عومەر ئیلخانیزادە قسە و باسێکی چڕوپڕیان لەسەر بارودۆخی ئێران و کوردستان و ناوچەکە، ئەگەرەکانی داهاتوو و سەرەکیترین ئەرکەکانی ناوەند، پێشکەش کرد».

هەروەها «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی ئەو کۆبوونەوەیەدا بە شێوەی ئۆنلاین بەشداریی کرد و ڕا و بۆچوونی خۆی باس کرد.

لەو باسەدا لایەنەکانی ئەندامی ناوەند کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە ناڕەزاییەکان لە ئێران نەک هەر بەردەوام دەبێت، بەڵکوو بە ڕۆشنی سیستەم و گشت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی کردووەتە ئامانج. بەشداربووان لەو بڕوایەدا بوون کە کۆماری ئیسلامی کە لە نێوخۆ و ناوچەکەشدا تووشی قەیران بووە بە ئاسانی ناتوانێت لێی دەرباز بێت و بە سیاسەتی سەرکوت بۆی چارەسەر ناکرێت. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ناڕەزاییەکانی خەڵک بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانی پێویستی بە هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی زۆرترە. تەئکید کرا کە ئەو ناڕەزایی و خەباتە جەماوەرییە گەشتووەتە ئاستێک کە بۆ بەردەوامی و سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمدا پێویستی بە پێکهاتنی ناوەند و سازەی سیاسیی هاوئاهەنگ و یەکگرتوو هەیە بۆ ڕابەریکردن و سەرخستن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەدا لە باسەکاندا پێداگری لەسەر دوو ئەرکی سەرەکی لە کاری دەورەی داهاتووی ناوەندا کرایەوە:

یەکەم: بە هاودەنگیی ئێستای ناوەند و ئەزموونی کوردستان لە پێشووتردا، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ناوەند و حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێویستە بە یەکگرتوویەکی سازماندراو وەک سازەیەکی نەتەوەیی بەرەوڕووی ئەو هەلومەرجە ببنەوە و بۆ بوون بە ناوەندێکی سیاسیی بەڕێوەبەر لە کوردستاندا، هەنگاوەکانیان خێراتر بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە، تاوتوێکردنی هەندێک میکانیزمی گونجاو و پێویست خرایە ئاجێندای زووی کۆبوونەوەکانی داهاتووی ناوەند کە کاریان لەسەر بکرێت.

دووهەم: هەموو لایەک کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە بەهۆی یەکگرتوویی زۆرتری هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەرکەوتنی زیاتری قورسایی بزوتنەوەی کوردستان، پێویستە ناوەند لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەورێکی زۆرتر بگێڕێت بۆ پێکهێنانی ڕابەری و ئاڵترناتیڤ بۆ جێخستنی زۆرتری داخوازییەکانی کوردستان.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا چەندین تەوەر و بابەتی گرنگ و پەیوەندیدار بە کاری ناوەند، لەوانە پەرەدان بە چالاکیی نێونەتەوەیی خرایە بەر باس و ئەولەوییەتەکانی کاری داهاتووی ناوەندی هاوکاری دەستنیشان کرا.

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کارەساتی مێترۆپۆلی ئابادان

هاونیشتمانییانی خۆشەویست!

بۆ گەلانی ئێران بەگشتی و نەتەوەی عەرەبی بندەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە کە بێکیفایەتی و ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی هەموو بوارە پێوەندیدارەکان بە ئیدارە و بەڕێوەبەریی وڵاتی لەخۆ گرتووە. سەرەڕای ناکارامەیی و گەندەڵی و دزی و بەرتیل، ئاژینی هەموو جومگە چکۆلە و گەورەکانی دەسەڵاتە و کراوەتە سیستمێکی سێبەر بۆ هەرچی زیاتر ڕووتاندنەوەی خەڵک و وڵات لە ئاوەدانی، ئاسایش و خۆشبژێوی. کەم نین ئەو ڕووداوانەی لە سایەی سیستمی سێبەری زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەماندا، ناوەناوە خەڵکی پانتایی ئەم نیشتمانە تووشی لێقەومان و کارەساتی ناخهەژێن دەکەن. داڕمانی بینای مێترۆپۆلی ئابادان وێنەیەکی دیکەیە لە ڕووخساری گەندەڵیی ئەم ڕێژیمە کە سەرەڕای ئەستاندنی گیانی گەلێک لە هاونیشتمانان گیانی دەیانی دیکەشی لەژێر پەردووە ڕووخاوەکانیدا خستۆتە مەترسیی نەمانەوە. ئەگەرچی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چنگ گەندەڵ و بێکیفایەتەکان ئازایانە هاتوونە سەر شەقامەکان و بە دروشم و خۆپیشاندان ناڕەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام نە بە ئاڵوگۆڕی دەوڵەت و دامەزراوەکانی، نە شوێنگۆڕکەی کەسایەتیی گەندەڵ و ناکارامە، لەم ڕێژیمەدا چاکسازی پێک نایەت و بنبڕکردنی گەندەڵی دەستەبەر نابێت. لە ئەزموونی تاڵی چل و سێ ساڵ دەسەڵاتداریدا، تێرۆر، سەرکوت، ئازادیکوژی و شەڕ وماڵوێرانی سیمای ناسراو و مۆرکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی و هاوخەمی لەگەڵ خەڵکی بەرکارەساتی ئابادان، ڕاشکاوانە دووپاتی دەکاتەوە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری لە وەیشوومەی ئەم دەسەڵاتە دزێوە، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هاتنەسەرکاری سیستەمێکی دێموکراتی فێدراڵە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٨ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی**

# بەشداریی چەند شاندێکی حیزبی دێموکرات لە یادی ٤٧ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە، لە یادی ٤٧ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداریی کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١١ی جۆزەردان (٢٠٢٢/٦/١) شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەممەد نەزیف قادری» جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە یادی ٤٧ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە، بەشداریی کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن شاندێکی مەڵبەند بە سەرپەرستیی «ئەبوو زەید ساڵح» ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانی، پێشوازییان لێ کرا.

لە دیدارەکەدا «محەممەد نەزیف قادری» بە نوێنەرایەتیی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتیی حیزب، پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگرانی یەکیەتی کرد و هیوای خواست کە یەکیتیی نیشتمانی و سەرجەم هێزەکانی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکگوتاری لە ئاست بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەمان هەنگاو هەڵبگرن.

لە بەرامبەردا «ئەبوو زەید» وێڕای سپاس لە شاندی حیزب، لەسەر بەهێزترکردنی پێوەندیی دۆستانەی هەردوولا جەختی کردەوە. هەروەها سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی، بۆ یادی ٤٧ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی ئەو حیزبەیان کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن «جەزا سەید مەجید» لێپرسراوی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی نیشتمانیی کوردستانەوە پێشوازییان لێ کرا.

شاندی حیزبی دێموکرات وێڕای پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی و هەروەها یەکگوتارییان لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان بۆ بە ئاوات خواستن.

شایانی باسە لەلایەن «جەزا سەید مەجید» سپاسی بەشداریی شاندی حیزبی دێموکرات کرا.

هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٤٦ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەردانی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕینی ئەو حیزبەی لە شاری ڕانیە کرد و لەلایەن هەیئەتێک بە سەرپەرستیی «ئەحمەد زرار» بەرپرسی مەڵبەندەوە، بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

لە سەرەتای ئەو دیدارەدا «کەماڵ فەڕوخی» نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەڤەری ڕاپەڕین وێڕای گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکێتی، کورتەیەکی لەسەر ڕابردووی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو لای باس کرد. ناوبراو لەسەر گرینگیی پتەوترکردن و بەردەوامیی ئەو پێوەندییانە جەختی کردەوە.

پاشان «ئەحمەد زرار» بەرپرسی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی شاندی حیزب و دەربڕینی خۆشحاڵی و سپاسی خۆیان بۆ سەردانی شاندی حیزب، پێوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و حیزبی دێموکراتی بە نموونەی پێوەندییەکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە و مێژوویی ناو برد کە دۆخی ئێستای ناوچەکە و چارەنووسی گەلی کورد لە بەردەم هەڕەشە و دەرفەتەکاندا، پێویستیی ئەو نزیکایەتی و هاوپێوەندییە زیاتر دەکات.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا، شاندی هەر دوو لا وێڕای خستنەڕووی بۆچوون و تێبینییەکانیان لەمەڕ هاوکاریی دۆستانە و هاوئاهەنگیی زیاتر جەختیان لەسەر گرینگیی بەردەوامبوونی ئەو جۆرە سەردانانە کردەوە.

لە کۆتایی دیدارەکە و لە کەشێکی زۆر هاوڕێیانەدا شاندی حیزب زۆر بە گەرمی لەلایەن هەیئەتی خانەخوێوە بەڕێ کرا.

# چالاکیی تەبلیغی

**ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە بەردەوامی ڕێز لە خەباتی ڕۆڵەکانی گەلەکەیان دەگرن و پەیمان لەگەڵ ڕێ و ڕێبازی شەهیدانی نیشتمان نوێ دەکەنەوە. لە ڕۆژانی ڕابردوودا و هەر لەم چوارچێوەیەدا چەندین چالاکی جۆراوجۆری تەبلیغی لە کوردستان بەڕێوە چوون کە ئەمە ڕاپۆرتی بەشێک لەو چالاکییانەیە:**



ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیان بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە گوندی ‹›تەنگیسەر››ی سنە و نووسینی دروشم لە کوێستانی ‹›سپی سەنگ››ی مەهاباد، خۆشەویستیی خۆیان بۆ حیزب و گەل دووپات کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان وەفاداریی خۆیان بە کوردستان نیشان داوە و پشتیوانیی خۆیان بە حیزبی دێموکرات کە ئاڵاهەگری خەباتی میللی- دێموکراتیکی گەلی کوردە بۆ جاریکی دیکە دووپات کردەوە.

هەروەها ئەندامانی دڵسۆزی حیزب لە کوێستانی ‹›سپی سەنگ و لمونج›› بە نووسینی دروشمی حیزبی ئەمەگناسی و خۆشەویستیی خۆیان بە حیزبی دێموکرات و ڕێبازی شەهیدان نیشان داوە و بە دوژمانی کوردیان سەلماند کە تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە خەبات بەردەوامن.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری بانە پشتیوانیی خۆیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕی و لە نزیک کێوی ‹›ئاربابا›› ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە گۆڕستانی ‹›تەرخانئاوا›› چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیمانیان نوێ کردەوە.

پێشمەرگەکانی شار لە گوندی تەنگیسەر بە دانانی وێنەی ڕێبەری شەهید دوکتور ‹›قاسملوو›› و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی پڕسەروەریی شەهیدان نیشان دا.

هەروەها لە پەیامێکدا بڵاویان کردەوە کە هەڕەشە لەو جاش و خۆفرۆشانە دەکەن کە لەو گوندە دەبنە کۆسپ لەسەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان. هەروەها هەڕەشە لەو کەسانە دەکەن کە پەرە بە بڵاوکردنەوەی مادە سڕکەرەکان لەو گوندە دەدەن و تێکەڵ بە پیلانی قێزەوەنی ڕێژیمی ئیسلامی بوونە.

هاوکات ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بە سەردانکردنی گڵکۆی شەهید ‹›شەماڵ مەحموودی›› لەگەڵ شەهیدان کورد و کوردستان یەک لەوان شەهید ‹›هیدایەت عەبدوڵلاپوور›› و شەهید ‹›کەماڵ خزری›› پەیمانیان نوێ کردەوە و پشتیوانی و وەفاداریی خۆیان بە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

لەلایەکی تریشەوە ئەندامانی تیکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوێستانەکانی ناوچەی تیکاب بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشم چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. تێکۆشەرانی دێموکرات لە کوێستانەکانی ‹›ماینبلاغ، دووهاچە و کوێستانەکانی هەوشار›› کە خەڵکێکی زۆر ڕووی تێ دەکەن، ئەو چالاکییەیان بەڕێوە بردووە.

ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گوندی «میراوێ»ی شنۆش شەوی هەینی ڕێکەوتی ١٣ی جۆزەردان بە بڵاوکردنەوەی سروودی «ئەی ڕەقیب» و وتەکانی «د. قاسملووی ڕێبەر» بۆ ماوەی سێ خولەک لە بڵندگۆی مزگەوتەوە، جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد دووپات کردەوە.

ئەو چالاکییە بووەتە جێگای خۆشحاڵیی خەڵکی گوندەکە. خەڵکی تێکۆشەر بە بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییە سەلماندوویانە کە هیچ حیسابێک بۆ بوونی ڕێژیم ناکەن و فەزای ترس و خەفەقانی پێکهاتوو لەلایەن ڕێژیمەوە هیچ گرینگییەکی لەلای ئەوان نییە.

# شاندی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات لە دوو کۆڕی ئەدەبیدا بەشداریی کرد



شاندی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «محەممەد ساڵح قادری» بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، لە دوو کۆڕی پەردەلادان لەسەر کتێبی دیوانی شێعری شاعیری ناوداری کورد «ئەدەب» (میسباح دیوان) لە ئامادەکردنی مامۆستا «محەممەدی حەمەباقی» و هەروەها کتێبی «یادەوەرییەکان» لە نووسینی «ئیسماعیل بێشکچی» بەشداریی کرد.

ڕێکەوتی ٨ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، لە هۆڵی ئاکادمیای کوردی لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک ڕووناکبیر و نووسەر، پەردە لەسەر کتێبی دیوانی شێعری «ئەدەب» هەڵگیرا و مامۆستا «محەممەدی حەمەباقی» شرۆڤەیەکی تێروتەسەلی لەسەر دیوانی شێعری ئەدەب و کەسایەتیی ئەدەب پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و دوای وەرگرتنی بۆچوونی ئامادەبووان و وڵامدانەوەیان، دواتر بەرهەمەکە بەسەر ئامادەبووان دابەش کرا. هەروەها ڕێکەوتی ٩ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، لە سەنتەری ئاڵا لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر و ڕووناکبیران و نوێنەرایەتیی چەندین ڕێکخراوەی مەدەنی، پەردە لەسەر کتێبی «یادەوەرییەکان» لە نووسینی «ئیسماعیل بێشکچی» نووسەر و لێکۆڵەری دۆستی کورد لا درا. سەرەتا مامۆستا «بێشکچی» چەند وتەیەکی سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی کورد و نکۆڵیکردنی مافەکانیان لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە کرد و لەسەر یەکگرتووی و خەباتی کوردان بۆ بە دەوڵەتبوون پێداگریی کردەوە.

دواتر ‹›ئومید خۆشناو›› پارێزگاری هەولێر بەخێرهاتنی «بێشکچی»ـی کرد و ڕایگەیاند کە لە قەڵاتی هەولێر ژوورێکیان تایبەت بە بێشکچی کردووەتەوە. لە کۆتایی کۆڕەکەدا دوکتور «فەرهاد پیربال›› کە پێشەکیی بۆ ئەو بەرهەمە نووسیوە، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و داوای کرد لە زانکۆکانی کوردستاندا، لە وانەی کۆمەڵناسیدا بەشێک بۆ توێژینەوەکانی ئیسماعیل بێشکچی تەرخان بکرێت.

# ئاگاداریی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕای گشتی ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

بۆ ڕای گشتی!

بە ئاگاداری دەگەیەنین کە سێ پێشمەرگە بە ناوەکانی:

١- ئارمان دەرویشی

٢- محەممەد محەممەدپوور

٣- ناسێح لاهیجانی

بەهۆی لادان لە بڕیاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەهۆی گوێنەدان بە دیسیپلینی پێشمەرگایەتی و دوورکەوتنەوە لە شوێنی ئەرکی پێئەسپێردراوی خۆیان، لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەر کراون و پێوەندییان بەو هێزەوە نەماوە.

**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**٩ی جۆزەردانی ١٤٠١**

## لە زنجیرەڕێوڕەسمێکدا ڕێز لە ٢٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات گیرا

لە درێژەی چالاکییەکانی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب و لە چەندین ڕێوڕەسمی جیاوازدا، لەلایەن بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە ڕێز لە ئەو ئەندامانەی حیزب گیرا کە ماوەی ٢٠ ساڵە بێ‌پسانەوە لە ڕیزەکانی حیزبدان. ئەم ڕێوڕەسمانە لەلایەن کۆمیتەکانی کەلار، سلێمانی و زەڕەیان بەڕێوە چوون کە تێیدا ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی ٢٠ ساڵەی ئەم کەسانە گیرا:

«ڕۆستەم پالانی، محەممەد تەیموری، گوڵباخ موڕادی، خانم لۆرانژاد، مەحموود پالانی، سوێبە پالانی، محەممەدعلی پالانی، عەسکەر پالانی و فەریدوون ئەلیاسی»، لە کۆمیتەی کەلار.

"ڕەزا موڕادی، موختار ئەیازی، شەفیع ئەمجەدی، کاوە سەعیدی، کامیل مەلەکی، عالیە مەردۆغی، کەریم عەزیزی، ڕۆخزاد سلێمان پوور، بەهادین ساڵحی، شەفیع چوپانی، محەممەد موڕادی، بورهان ئێحسانبەخش، ئەحمەد عەزیزی، چنوور قادری، سەید سەلاح حوسێنی و غەریب محەممەدپەناهی» لە کۆمیتەی سلێمانی.

"فازڵ میرزایی، محەممەد عەبدوڵلاهی و حوسێن محەممەدی» لە کۆمیتەی زەڕەیان.

# ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو

ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردان ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لەلایەن ناوەندی «نێرگز» بە بەشداریی منداڵان، بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» لەلایەن منداڵانی «ناوەندی نێرگز» و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

دواتر پەیامی بەڕێوەبەریی «ناوەندی نێرگز» بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، لەلایەن «نیشتمان ڕەسووڵ دنخە» ئەندامی بەڕێوەبەریی «ناوەندی نێرگز»وە پێشکەش کرا.

پاشان چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ لەلایەن گرووپی «نێرگز» سەر بە «ناوەندی نێرگز»ەوە پێشکەش کرا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا چەپکەگوڵێک لەلایەن دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات پێشکەش بە «ناوەندی نێرگز» کرا. پاشان سروودی «ژیرە ژیرە» لەلایەن کۆرسی منداڵانی «ناوەندی نێرگز»ەوە پێشکەش کرا و لەوحی ڕێزلێنان لەلایەن «خەدیجە بەهمەن» بەرپرسی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش بە بەرپرسانی پێشووی «ناوەندی نێرگز» «فاتێح ساڵحی، شنە دروودگەر و زەمەند بەهاری» کرا.

لە ڕێوڕەسمەکەدا شانۆی «شازادەی خۆبایی» لەلایەن گرووپی شانۆی ناوەندی نێرگزەوە بەڕێوە چوو.

دواتر ئەو منداڵانەی کە پلەی یەکەمیان لە خوێندن بەدەست هێنابوو و لەلایەن ناوەندی نێرگزەوە خەڵاتیان بۆ ئامادە کرابوو، خەڵاتەکانیان لەلایەن مامۆستا «نەبەز» بەڕێوەبەری خوێندنگەی ڕۆژهەڵات و خاتوو «خەدیجە بەهمەن» بەرپرسی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش کران.

پاشان شێعری ئاواتی منداڵان لەلایەن «یەلدا نەقشبەندی» و گۆرانییەکی ئینگلیزی لەژێر ناوی « کینگ ئاف کینگ» لەلایەن «خاتوو تەبیا»وە پێشکەش کرا. منداڵانی بەشدار لەم ڕێورەسمەدا بەشداریی چەند پێشبڕکێیەکیان کرد کە لەلایەن «کەژان مێنبەری»یەوە ئامادە کرابوون.




## درێژەی پەیف

بۆ ئەوەی بیر لە هیچ نەکەینەوە؟ لە هەموو ئەوانە گرنگتر، ئەو پرسیارەیە کە ئێمە وەکوو هەموو سەرتاپای کۆمەڵگای ئێران لە کوێدا هەڵەمان کردووە وا گەیشتووین بە ئێرە؟ ئەو ڕابردووەی کە هەمانبوو چۆن و بە چ شێوەیەك بونیاتمان نا وا خومەینی و خامنەیی بوون بە جەللادی خوێنمژ بەسەرمانەوە و ئێستەشی لەگەڵ بێ بە دەست ئازاری بوونی ئەم دڕندانەوە دەناڵێنین؟

ڕەنگە لە دونیای پەخشان و یان دەورەی تایبەتی ڕەوانی بۆ چاککردنەوەی نەخۆشەکانی خەمۆکیدا، باسکردن لە وەها دروشمێك کە تەنیا چاومان لە داهاتوو بێ جوان بێ بەڵام لە ژیانی نەتەوەکان و کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئێراندا کە دژی ڕووخانی شا شۆڕشیان کرد بەڵام تەنیا چاویان لە ڕووخانی شا بوو و نەیانزانی بۆچی خومەینی هاتە سەرکار، ئەم دروشمە زۆر بەلاڕێدابەرە و مەترسیی کوشتارگەی دیکەی لێ دەکەوێتەوە.

هەر کەس و هەر نەتەوەیەك و هەر کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەی وەکوو ئێران، گەر تەنیا چاوی لە داهاتوو بێ، بەدڵنیاییەوە ڕابردووی لە داهاتوودا دووپات دەکاتەوە!

## ئێران شامی شەریفە






**کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بیری ئایدیۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە و بۆ مانەوەی خۆی هاوشێوەی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت هەوڵ دەدات و لەم نێوانەدا نە برسیەتی خەڵک، نە بێماڵی ئەوان، نە ویستی دنیای دەرەوە و نە هیچ پرسێکی تر گرینگی نییە بۆی کەواتە سروشتی دێتە بەرچاو کە دەبینین خەڵک لە برسان دەمرن و دەسەڵاتیش بە پانەوە درۆ دەکات و دەڵێ ئێران شامی شەریفە**

**لە پاش هاتنەسەرکاری خومەینی و لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژییەک کە ئەو باوەڕی پێی هەبوو واتە دامەزراندنی سیستمی ویلایەتی فەقیهی کە ئەم بیرۆکە و جیهانبینییەی لە کەسانێکی وەک شێخ عەبدولعالی کەرەکی ناسراو بە «محقق سانی» وەریگرتبوو، دەس کرا بە پڕوپاگاندا لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی ئاماژەبۆکراو کە گوایە بە هاتنەسەرکاری ئەم سیستمە نەک هەر ئێران بەڵکوو لە هەموو جیهاندا هەژاری بنبڕ دەبێت، مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگەنە باڵاترین پێگەی مەعنەوی خۆیان، خۆشبژێوی ڕوو لە هەمووان دەکات و یەکسانی و ئارمانە ئاسمانییەکان دادەبەزێندرێنە سەر عەرز بەڵام ئەوەیکە لە عەرزی ڕەقدا بینرا نەتەنیا جێبەجێنەکردنی ئەم خەون و خولیاگەلە نەبوو بەڵکوو بەپێچەوانەوە لێئەستاندنی هەموو ئەو خۆشی و ئاسایش و ئارامییانە بوو کە خەڵک بۆخۆیان دابینیان کردبوو**

شەماڵ تەرغیبی

بەشی دووهەم

### پێشەکی

ڕێکەوتی ٢٦ی دێسامبری ١٩٩١ی زایینی بەرامبەر لەگەڵ ٥ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی و تەنیا ڕۆژێک پاش دەست لەکارکیشانەوەی میخاییل گۆرباچۆف سەرکۆماری شۆڕەوی پێشوو، شۆڕای باڵای یەکیەتیی سۆڤییەت سەربەخۆیی ١٥ وڵاتی نوێی بە فەرمی ناسی و بەمشێوەیە کۆتایی بە تەمەنی ئەم یەکیەتییە هات و ئاڵای داس و چەکوش لە کۆشکی کرێملین هێنرایە خوار.

زۆر کەس لەو کاتەدا و تەنانەت ئێستەش پێیان وایە هۆکاری ڕووخانی ڕێژیمی سۆڤیەت پرۆسەی «پێرێسترۆیکا و گلاسنۆست» یان « ڕیفۆرمی ئابووری – پێکهاتەیی و کەشی کراوە و ئازادی دەربڕین» بووە کە ئەگەر ئەمەش وەک هۆکاری بناغەیی ببینین کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش بونیان هەبووە کە ڕەنگە بێمشتومڕ هۆکاری ئایدیۆلۆژی یەکێک لە سەرەکیترینیان بێت، بۆیە لەم کورتەوتارەدا هەوڵ دەدرێت بەشێوەیەکی بەراوردکارانە دۆخی ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابووریی ئێستەی ئێران لەگەڵ ئەودەمی شۆڕەوی لە سۆنگەی «ئایدیۆلۆژی»یەوە هەڵبسەنگێنین.

### هۆکاری ئایدیۆلۆژیک:

ئایدیۆلۆژی یان جیهانبینیی حیزبی زاڵ لە شۆڕەوی پێشوو واتە حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتیی (CPSU) بریتی بوو لە مارکسیزم – لێنێنیزم؛ ئایدیۆلۆژییەک کە خاوەنی ئابوورییەکی کۆنترۆڵکراوی سەنتراڵ بوو و دەوڵەتێک یان تاکەحیزبێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی واتە دامەزراندنی سیستمی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا کەڵکی لێوەردەگرت. ڕێبەرانی شۆڕەوی پێشوو بە پشتبەستن بە ئایدیۆلۆژیی زاڵی خۆیان هەوڵیان دا کە بە وێکخستن و سەریەکخستنی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ڕووسیا و لەوەش زیاتر لە بلوکی کۆمۆنیستی، کە هەرکام خاوەنی کلتور و دابونەریتێکی جیاواز و ئایین و مەزهەبێکی جیاواز بوون، یەکەیەکی نوێ بنیات بنێن کە خاوەنی شوناسێکی تازە بوو بەناوی شۆڕەوی. یەکەیەک کە ئەگەرچی نیزیک بە ٤٠ ساڵ تێچوویان بۆ دا بەڵام بەهۆی کێشە و گرفتی جۆراوجۆری ئابووری و سیاسی نەتەنیا ساز نەبوو بەڵکوو بە کەمبوونەوەی بەردەوامی هێزە ئایدیۆلۆژییەکەی کۆتاجار لێک هەڵوەشایەوە. شۆڕەوی بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆژی خۆی و ڕاکێشانی سەرنجی هاوپەیمانی زیاتر لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکیدا کۆمەڵێک بەڵێنیی دابوو کە لەڕاستیدا لە توانای ئابووریی ئەم وڵاتەدا نەبوو. جیا لەمەش ڕووسەکان بەهۆی پێبەندبوونە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانیان چاویان لە ئاست کەتوارە ئابووری و سیاسییەکان نووقاندبوو؛ زانستی ئابووری بەلایانەوە گرینگی و سەرەتی نەبوو و هەر ئەمەش وای کرد کە لە دەیەی ٧٠ی زایینی و دابەزینی نرخی نەوت ناچار بن لە چوارچێوەی ئەو بەڵێننامە ئایدیۆلۆژیکانەی کە واژۆیان کردبوو، هەر بەرمیلێک نەوت بە کەمتر لە ٣ دۆلار بە وڵاتانی ئۆرووپای ڕۆژهەڵات بفرۆشن کە دواجار ئەمە وای کرد ناچار بن پێداویستییەکانیان، هەر لە کەلوپەلە سەنعەتییەکانەوە بگرە تا دەگاتە بەرهەمی کشتوکاڵی و خواردن، لە ڕۆژاوا و بلوکی کاپیتالیستی هاوردە بکەن.

هەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیکە دوور لە لۆژیکەکانی سەرانی شۆڕەوی دەبینین کە ئەوان بۆ پەرەدان بە دەسەڵاتەکەیان و گەیشتن بە ئایدیای سازکردنی ئیمپراتۆرییەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەستیان کرد بە ڕکەبەرایەتی چەکوچۆڵ کە بەپێی ئامارەکان تێچووی سەربازی لە شۆڕەویدا نیزیک بە ١٧لەسەدی کۆبەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی ئەم وڵاتە بووە. هەر کەسێکیش لەم چوارچێوە جوغرافیاییەدا بیویستبا دژ بەم سیاسەتانە دەنگ هەڵبڕێ دەگیرا، ئازار دەدرا، لە زیندان دەخرا و دواجار بەناوی دژبەری دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و لایەنگری سەرمایەداری یان سیخوڕی ئامریکا و بلوکی ڕۆژاوا ئێعدام دەکرا تا ببێتە نموونە، سەرچەشن و ئۆلگوو بۆ خەڵکانی تر! لە ئێرانی پاش شۆڕشی بەتاڵانبراوی ٥٧یش تەواوی ئەم پرسانە بە زەقی دەبیندرێن؛ لە پاش هاتنەسەرکاری خومەینی و لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژییەک کە ئەو باوەڕی پێی هەبوو واتە دامەزراندنی سیستمی ویلایەتی فەقیهی کە ئەم بیرۆکە و جیهانبینییەی لە کەسانێکی وەک شێخ عەبدولعالی کەرەکی ناسراو بە «محقق سانی» وەریگرتبوو، دەس کرا بە پڕوپاگاندا لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی ئاماژەبۆکراو کە گوایە بە هاتنەسەرکاری ئەم سیستمە نەک هەر ئێران بەڵکوو لە هەموو جیهاندا هەژاری بنبڕ دەبێت، مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگەنە باڵاترین پێگەی مەعنەوی خۆیان، خۆشبژێوی ڕوو لە هەمووان دەکات و یەکسانی و ئارمانە ئاسمانییەکان دادەبەزێندرێنە سەر عەرز بەڵام ئەوەیکە لە عەرزی ڕەقدا بینرا نەتەنیا جێبەجێنەکردنی ئەم خەون و خولیاگەلە نەبوو بەڵکوو بەپێچەوانەوە لێئەستاندنی هەموو ئەو خۆشی و ئاسایش و ئارامییانە بوو کە خەڵک بۆخۆیان دابینیان کردبوو. ئەوانیش هاوشێوەی ڕێبەرانی شۆڕەوی پێشوو بە پشتبەستن بە ئایدیۆلۆژیی زاڵی خۆیان هەوڵیان دا کە بە وێکخستن و سەریەکخستنی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران و لەوەش زیاتر لە ئاستی ناوچەیی، کە هەرکام خاوەنی کلتور و دابونەریتێکی جیاواز و ئایین و مەزهەبێکی جیاواز بوون، یەکەیەکی نوێ بنیات بنێن کە خاوەنی شوناسێکی تازە بوو بەناوی ویلایەتی فەقیە و ئیمپراتۆری شێعەی ١٢ ئیمامی. یەکەیەک کە ئەگەرچی زیاتر لە ٤٠ ساڵە تێچووی بۆ دەدەن بەڵام بەهۆی کێشە و گرفتی جۆراوجۆری ئابووری و سیاسی نەتەنیا ساز نەبووە بەڵکوو بە کەمبوونەوەی بەردەوامی هێزە ئایدیۆلۆژییەکەی بەرەو کۆتامەنزڵگەی خۆی هەنگاو دەنێ. کۆماری ئیسلامیش هاوشێوەی شۆڕەوی بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆژی خۆی و ڕاکێشانی سەرنجی هاوپەیمانی زیاتر لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکیدا کۆمەڵێک بەڵێنیی داوە کە لەڕاستیدا لە توانای ئابووریی ئەم وڵاتەدا نییە. جیا لەمەش ئەوان بەهۆی پێبەندبوونە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانیان چاویان لە ئاست کەتوارە ئابووری و سیاسییەکان نووقاندووە؛ زانستی ئابووری بەلایانەوە گرینگی و سەرەتی نییە چونکە خومەینی پێی وابوو ئەمە بۆ ئاژەڵان دروست کراوە و هەر ئەمەش وای کردووە کە لەگەڵ هەرجارەو دابەزینی نرخی نەوت، کە ئابووریی ئەم وڵاتەی پێ بەستراوەتەوە، ناچار بن لە چوارچێوەی ئەو بەڵێننامە ئایدیۆلۆژیکانەی کە واژۆیان کردووە، سامانی خەڵک و کەرامەتی ئینسانییان هەرزانفرۆش و تەنانەت بەلاشفرۆش بکەن، کە ئەنجامی ئەم سیاسەتکردنە ئەوە بووە کە ناچار بن پێداویستییەکانیان، هەر لە کەلوپەلە سەنعەتییەکانەوە بگرە تا دەگاتە بەرهەمی کشتوکاڵی و خواردن، لە ڕۆژاوا و بلوکی کاپیتالیستی کە ئەوان بە شەیتانی گەورە دەیناسێنن، هاوردە بکەن.

هەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیکە دوور لە لۆژیکەکانی سەرانی کۆماری ئیسلامییە کە دەبینین، بۆ پەرەدان بە دەسەڵاتەکەیان و گەیشتن بە ئایدیای سازکردنی ئیمپراتۆریەتی ویلایەتی فەقیهی دەستیان کردووە بە ڕکەبەرایەتی

چەکوچۆڵ کە ئەگەرچی ئامارێکی ورد لە بەردەستدا نییە تاکوو دەری بخات چەندە لە سامان و داهاتی ئەم وڵاتە سەرفی پڕۆژە زەبەلاحە ناوکی و چەکوچۆڵییەکانی تاران کراوە بەڵام دەرەنجامەکەی لە سەر شەقامەکانی ئێراندا دەبیندرێت.

هاوشێوەی شۆڕەویش هەر کەسێک لەم چوارچێوە جوغرافیاییەدا بیهەوێ دژ بەم سیاسەتانە دەنگ هەڵبڕێ دەگیرێ، ئازار دەدرێ، لە زیندان دەخرێ و دواجار بەناوی دژبەری حکومەتی عەدڵی

عەلی و نوێنەری خودا لەسەر عەرز و بە تۆمەتی لایەنگر یان سیخوڕی ئامریکا و ئیسراییل یان ڕۆژاوا ئێعدام دەکرێ تا ببێتە نموونە، سەرچەشن و ئۆلگوو بۆ خەڵکانی تر!

### کۆبەند:

بەم هۆکارانەی باس کران و ئەو بەراوردکارییەی کە لە سەرەوە کرا، هیچ بە دوور نابیندرێت کە داهاتووی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئاخوندی هەمان سیناریۆ بێت کە شۆڕەوی پێشووی گرفتار کرد؛ کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بیری ئایدیۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە و بۆ مانەوەی خۆی هاوشێوەی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت هەوڵ دەدات و لەم نێوانەدا نە برسیەتی خەڵک، نە بێماڵی ئەوان، نە ویستی دنیای دەرەوە و نە هیچ پرسێکی تر گرینگی نییە بۆی کەواتە سروشتی دێتە بەرچاو کە دەبینین خەڵک لە برسان دەمرن و دەسەڵاتیش بە پانەوە درۆ دەکات و دەڵێ ئێران شامی شەریفە!

# ناڕەزایەتیی گشتی و ئەرکی ڕووناکبیری

سامال ئەحمەدی



**هێزی تۆقاندن، کۆڵەکەی سەرەکیی ڕاگرتنی ڕێژیمە و پێویستە ئەو کۆڵەکەیە بە داهێنانی هزری و بە کردەی گوتاری تێک بشکێندرێت، تاکوو هێزی ئازادیخوازیی خەڵک ئاسۆی ڕوون لەبەردەمیدا ببینێت و لە ڕاپەڕینە بەکۆمەڵەکەی خۆیاندا باوەڕ بە هێز و توانای داهێنەرانەیان بکەن و دڵنیا بن لەوەی کە بە ڕووخانی ڕێژیمی ستەمکاری ئیسلامی، گەلانی ئێران زیاتر دەتوانن لە دەوری گوتاری دێموکراسی و ئازادی و فرەیی و یەکسانی بە کردەوە ژیانی ئاسوودە و ئازاد بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن**

کە هەژاری و دەستکورتی و سەرکوت کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتێک، یان جوگرافیایەکی سیاسی وەزاڵە دێنێت، ناڕەزایەتی و نافەرمانیی مەدەنی، بەردەستترین دەرفەتن بۆ دەربڕینی هاواری گشتی و لەو بڕگە زەمانییەدا هەم تاک و هەم کۆمەڵ دەکەونە کەشێکی سیاسییەوە و ڕووناکبیرانیش جودا لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ داهێنانی بەرهەمی نوێ، دەتوانن توخمی «ناڕەزایەتیی گشتی» بکەن بە بنەمایەک بۆ بیرکردنەوە لە گۆڕانی سیاسی-کۆمەڵایەتی و دژایەتیی دەسەڵاتی حاکمان، ئەو چەمکەی کە ئیدوارد سەعید دەهەڵمەتی دەگرێت و میشل فۆکۆ پێی وایە جەستە و گیانی تاکەکانی کۆمەڵ ئەشکەنجە دەکات.

توخمی «ناڕەزایەتیی گشتی» وەکوو ناڕازیبوون لە دەسەڵاتی سیاسی-ئایدیۆلۆژیک و دژایەتیی زاڵبوونی فەرمانە سیاسی-کۆمەڵایەتییە سەرکوتکەرەکان دەکرێت لەگەڵ ناڕازیبوون لە فۆڕم و گوتارە زاڵە هونەرییەکان بەراورد بکەین کە خاڵی وەرچەرخانی هونەرمەندن بەرەو هونەری پەتی و داهێنەرانە و، لە دەلاقەی ئەرکی هونەری و ڕووناکبیرییەوە باس لە بنەماکانی گوتارێکی ڕووناکبیرانە بکەین کە بناغەکەی لەسەر یەکسانیی سیاسی-کۆمەڵایەتی هەڵچنراوە و دەیەوێت هەرچەشنە نایەکسانییەکی نێو کۆمەڵگە بسڕێتەوە کە لە نایەکسانیی دەرفەتەکانی دەرکەوتنی تواناکانی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت.

گرنگترین گوتاری ڕووناکبیری، ڕێزگرتنە لە بەها سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی، چونکە ئەو بەهایانە ماتەوزە (پوتانسیەل)ی دەستەبەرکردنی یەکسانیی سیاسی و کۆمەڵایەتین لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەیدا کە فرەنەتەوە و فرەئایینن و لەنێو ئەوانیشدا چین و توێژی جیاواز دەژین بەڵام هەمووی ئەمانە پێویستیان بە «کردەی گوتاری» هەیە، چونکە سەرباری ئەوەی کە گوتار خۆی تەوەرەی سەرەکیی چالاکیی مرۆڤانەیە، کەچی فۆکۆ گوتەنی خودی گوتار «چەمکێکە لەناو کتێبدایە»، ئەگەر بێت و کردەی گوتاری نەبێت کە پەیوەستە بە چالاکی و بەرهەمهێنانی مرۆڤانەوە و بابەتێکی ڕاستەقینەیە کە ڕیشەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دەسەڵاتدا هەیە.

لەم ڕۆژانەدا گەلانی ئێران سەرباری ستەمی سیاسیی دەیان ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامی، لەژێر باری قورسی ژیان و کەمیی خزمەتگوزاری و هەڵاوسانی زۆر بەرزی ئابووری و بێکاری و مشتومڕی نێوان باڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا وەزاڵە هاتوون و هەرچەند دەزانن ڕێژیم بە توندوتیژترین شێوە بەرەنگاریان دەبێتەوە و ئاگری مەرگیان بەسەردا دەبارێنێت، بەڵام ئەوان لە دەربڕینی ناڕەزایەتی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی خۆیان ناپرینگێنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ شێلگیرتر دەبن.

لە وەها کەشێکدا ئەرکی ڕووناکبیری (نووسەران، شاعیران و... هتد) ناکرێت تەنیا سەرقاڵبوون بە داهێنانی هونەرییەوە بێت و دەبێت ناڕەزایەتی بکرێتە سیحرێک بۆ گواستنەوەی ئەو هزری داهێنانەی کە هاوکات هەم زەینی و هەم بەرچاوەکی بێت و بوێرییەکی وا بە بەر جەستەی ناڕەزایەتییەکاندا بکات کە ڕێگای نەئەزموو و نەپێوراو بدۆزرێتەوە بۆ دەربازبوون لە دۆخی هەیی و داهێنانی دۆخی دێموکراسی و ئازادی و دەستەبەری ئاسایشی ئابووری و یەکسانیی نەتەوایەتی و چینایەتی و ڕەگەزی.

بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون یەکێک لە ئەرکەکانی ڕووناکبیران تێکشکاندنی «هێزی تۆقاندن»ـە لەڕێی زمانەوە کە ئەوە دەبێتە دەروازەی گۆڕانێکی مەزن لەناو کۆمەڵگەی ئێراندا، چونکە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی ئیسلامی بە نیشاندنی هێزی تۆقاندن لە ڕێی ئایینەوە وەکوو کەرەستەیەکی ئایدیۆلۆژیک بۆ تەکفیر و سەرکوت و هەروەها لەڕێی تیرۆر و کۆمەڵکوژی و لەسێدارەدانی جودابیرانەوە، کەشێکی دڕدۆنگ و ترسناکی وای خولقاندووە کە هاتنە ئارای گوتاری ئازادی و کردەی گوتاریی ئازادیخوازانەی تاکوو ڕاددەیەک دژوار کردووە، بەڵام ناڕەزایەتییە گشتییەکانی ئەم دواییە ئەوە دەخوازێت کە یەکێک لە پێداویستییەکانی ئازادی دەهەڵمەتگرتنی هێزی تۆقاندنی ڕێژیمە، چونکە چاندنی تۆوی هێزی تۆقاندن لە زەین و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکدا و هووشەکاری و زێدەڕۆیی سەبارەت بە هێزی سەرکوتی ڕێژیم و لاوازیی هێزی خەڵک لە بەرانبەریدا، هیوای گەیشتن بە ئازادیی تووشی لێڵی کردووە، بۆیە هێزی تۆقاندن، کۆڵەکەی سەرەکیی ڕاگرتنی ڕێژیمە و پێویستە ئەو کۆڵەکەیە بە داهێنانی هزری و بە کردەی گوتاری تێک بشکێندرێت، تاکوو هێزی ئازادیخوازیی خەڵک ئاسۆی ڕوون لەبەردەمیدا ببینێت و لە ڕاپەڕینە بەکۆمەڵەکەی خۆیاندا باوەڕ بە هێز و توانای داهێنەرانەیان بکەن و دڵنیا بن لەوەی کە بە ڕووخانی ڕێژیمی ستەمکاری ئیسلامی، گەلانی ئێران زیاتر دەتوانن لە دەوری گوتاری دێموکراسی و ئازادی و فرەیی و یەکسانی بە کردەوە ژیانی ئاسوودە و ئازاد بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

هەرچەند لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوییەوە هێزی تۆقاندنی ڕێژیم بەرەبەرە لە زەینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا لەرزۆک بووە، بەڵام هێنانە ئارای گوتاری پێشکەوتووی ئازادیخوازانە و تەمرینی کردەکیی ئەو گوتارانە دەتوانێت هێزێکی ئەوتۆی لێ بەرهەم بێت کە وێڕای تێکشکاندنی هێزی تۆقاندنی ڕێژیم، ببێتە وزەی باوەڕی گەلانی ئێران بە دابەشکردنی یەکسانی دەرفەتەکان بۆ دەرکەوتنی توانا فەرهەنگی و مرۆییە جیاوازەکانی ئەو گەلانە.

هەڵبەت ئەمە ئاسان نییە و بیری ورد و کاری ڕژدی دەوێت، چونکە کری تێکتەنراوی خواستە جیاوازەکانی گەلانی ئێران زۆر زۆر ئاڵۆزە، سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سەرەکیی ڕێژیمی ئیسلامی، وەکوو پەرەدان بە هەژاری و جیاکاریی نەتەوایەتی و چینایەتی و ڕەگەزی، ئازاری هاوبەشی هەموو گەلانی ئێرانن و دەکرێت ناڕەزایەتیی گشتی لەدژی هەرکامێکیان بکرێتە بیانووی ڕاپەڕین دژی سەرلەبەری ڕێژیم و هەر لە دەرووی ئەو ڕاپەڕینانەشەوەیە کە ڕامالێنی ئەو ڕێژیمە مومکین دەبێت و دەرفەت بۆ دارشتنەوەی ڕێژیمێکی دیموکراتیک دەڕەخسێت کە تێیدا پرەنسیپەکانی یەکسانی و ئازادی بچەسپێت.

ئەوەی لە گۆشەنیگای بابەتی ئەم یادداشتەوە دیارە، ئەوەیە کە ناڕەزایەتییەکانی چین و توێژەکانی گەلانی ئێران لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ـوە بەردەوامە و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە لەناو دڵی کۆمەڵگەدا ئامادەیی بۆ ڕامالێنی سەرلەبەری ڕێژیمی ئیسلامی بەرچاوە و لەو ڕووەوە کە سەرلەبەری چالاکییە ڕووناکبیرییەکان لەلایەن هەرکەسێکەوە (نووسەر، شاعیر، فەیلەسووف، هونەرمەند و ...) بێت، تێکۆشانە بۆ یەکخستنی پێوانەکانی هزر و بیرکردنەوە لەپێناو خەڵک و ڕای گشتیدا، واتە بەرژەوەندیی تەسکی تێدا نییە و «ۆ هەمووانە و بۆ هیچ کەسیش نییە»، کەواتە پێویستە ڕووناکبیران گرفتە جەوهەرییەکانی پەیوەست بە چارەنووسی خەڵک لەم بڕگە زەمانییەدا دەستنیشان بکەن و ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە داهێنانی جیهانێکی زۆر تایبەتدا کە جۆرە یەکخستنێکی هەموو پێوانەکانی تێدا ببینرێت و لە هەوڵی داهێنانی گوتارێکی وادا بن کە زیاتر گوێی لێ بگیرێت، چونکە ئێستا سەرچاوە و لێڤەگەڕی زانیارییەکان، بەتایبەتی بەهۆی کەشی بەربڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر پەرشوبڵاون، هەموو کەسێک پێی وایە لەڕێی تەلەفۆنە زیرەکەکەیەوە، یان لەڕێی کامپیۆتەرەکەیە دەتوانێت زۆرترین زانیاری بخاتە بەردەستی خۆی.

هەربۆیە لێرەدا دەبێ ڕووناکبیر بگەڕێتەوە سەر بنچینەی کاری خۆی، کە کردەیەکی گوتاری و ڕەخنەگرانەیە و بە نیشاندان و هەڵسەنگاندنی پەیوەندیی دۆخ و کردەی گوتاری لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتدا بواری ڕەخنە و تەنانەت بەرەنگاری بۆ ئەوانی دیکە ئامادە بکات.

هەروەها لایەنێکی دیکەی گرنگایەتیی بەشداریی چالاکانەی ڕووناکبیران لە ناڕەزایەتییە گشتییەکاندا لەوەدایە کە سەرباری هەر تایبەتمەندییەکی هزری و زانستی، دواجار ئەوانیش بەشێکی دانەبڕاون لە خەڵک، نەک لە حکوومەت، بۆیە وەکوو هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەسەریانە لەپێناو دەرچوون لەو دۆخە چالاک بن و وەکوو پێشتر گوترا، توخمی «ناڕەزایەتیی گشتی» بکەن بە بنەمایەک بۆ بیرکردنەوە لە گۆڕانی سیاسی-کۆمەڵایەتی و دژایەتیی دەسەڵاتی حکوومەت کە بێ گومان دەکرێ وەک بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ داهێنانی بەرهەمی نوێش (دەقی هونەری) بەکاری بێنن.

# دۆڕانی سێسەرە

سندووس

**ئەوانەی ئەزموونێکیان لە کاری سیاسیدا هەیە چاک دەزانن سیاسەت بە کەللەڕەقی ناکرێت، سیاسەت دانوستانە و دەبێ چەمەوازیی و نەرمونیانی تێدا ڕەچاو بکرێت، دەنا نەک هەر دەسکەوتی نابێت بگرە گەورەترین خەسارەکانی لێدەکەوێتەوە**

کاتێک لە ڕێگەی ڕاگەیەنەرەکانەوە بڵاو کرایەوە کە لایەنەکانی بەرجام لێک نیزیک بوونەتەوە و ڕەنگە بە ئاکام بگەن، ڕووسەکان لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا ڕایانگەیاند کە لەم گرێبەستەدا پشکیان هەیە و جارێ ڕازی بە پێکهاتنی کۆتایی نابن. بە وتەیەکیتر ڕووسەکان ڕایانگەیاند کە بەرجام بە بارمتە دەگرن، تا گەرەنتییان بدرێتێ کە ئێران لە دوای واژۆی بەرجام و بەئاکام گەیشتنی، لەگەڵ گەمارۆکانی جیهانیی لە دژی ڕووسیا ناکەوێت و بگرە دەبێ ڕۆڵی گەمارۆشکێنیش بگێڕێت.

خامنەیی، «حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهییان»ی ناردە مسکۆ تا گەرەنتی بداتە پووتین. ئەم کارە بەم مانایە بوو کە ئێران لە شەڕی ئۆکرایینادا بە هەموو تواناوە لە پشت پووتین دەوەستێت. ڕۆژاوا و بەتایبەتی بایدێن، پەیامی ئێرانیان ناباوەڕانە وەرگرت. خامنەیی کەوتە «گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو»، شانسی کەڵکوەرگرتن لە قەیرانی ئۆکراینای لەدەست دا و کارتەکانی دەربازبوون لە چاڵی گەمارۆکانی یەک لە دوای یەک سووتاند و دیسان خۆی لەگەڵ تووڕەیی ئامریکا و ڕۆژاواییەکان بەرەوڕوو کردەوە.

ئەفسەرە چاوشین و پیتۆڵەکەی K.G.B لە جێگەی پێزانین سەبارەت بە ئەمەگناسی خامنەیی کە دەمێکە نۆکەریی بۆ دەکات! کەوتە هەڵخەڵەتاندنی کڕیارەکانی نەوتی ئێران و نەوتی ڕووسیای بە نرخێکی هەرزانتر بە چین و باقی کڕیارەکانی فرۆشت و کارێکی کرد کە فرۆشی نەوتی ئێران لە ١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار بەرمیلەوە دابەزێت بۆ ٥٠٠ هەزار بەرمیل. پووتین بازاڕی فرۆشی ئاسنی «تاران»یشی لەبڕەو خست و بە شێوەی فەرمی پێشی داهاتی ٦ میلیارد دۆلاری هەناردەکردنی ئاسنی لە ئاخوندەکان بەربەست کرد.

لەدوای ئەم دۆڕانە یەک لە دوای یەکانە، خامنەیی کەوتە جووڵە تا بەڵکوو بتوانێ ڕۆحێکی تازە وەبەر بەرجام بخاتەوە، بەڵام پووتین لە ڕێگە و لە زمانی «ئۆلیانۆف»ەوە ڕایگەیاند کە ڕووسیا ئیتر هۆگرێکی بە زیندووکردنەوەی بەرجام نەماوە! لەم نێوەدا خامنەیی لە گەمەیەکی گەمژانەدا لەگەڵ پووتین، هەم لە بەرجام دوور خرایەوە و هەم بەهۆی پشتیوانیکردن لە ڕووسیا لە هێرش بۆسەر ئۆکراینا، دەرگای تووڕەییەکی زیاتری ڕۆژاوای بەرەوڕووی خۆیدا کردەوە و هەم سەرچاوەی ئەو داهاتەی حیسابی بۆ کردبوو پێی نەگەیشت و لە دەستی دەرچوو. لێرە دەرکەوت کە خامنەیی و سیستمە گەندەڵەکەی سێسەرە دۆڕان!!

چەند ڕۆژ بەر لەئێستا هەواڵنێریی ڕۆیتێرز ڕایگەیاند کە لە کاتی هێرشی ڕووسیاوە بۆ سەر وڵاتی ئۆکراینا، هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ چین زۆر دابەزیوە، هەرزانی نەوتی ڕووسی و کوالێتی سەرووی لەبەرابەر نەوتی ئێران، دوو هۆکاری سەرەکین لە پێشوازیی «چین»ییەکان بۆ کڕینی نەوتی ڕووسیا.

هەر ئێستا نیزیکەی ٤٠ میلیۆن بەرمیل نەوتی ئێران و ٢١ میلیۆنی وێنزۆئێلا، وەک نیزیکترین هاوپەیمانی کۆماری ئاخوندی لە سەر پاپۆڕەکان، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لێوارەکانی سەنگاپووردا ماوەنەتەوە و لە کڕیار دەگەڕێن و گیریان ناکەوێت. دیارە ئێران ڕێگەی دەورلێدانی گەمارۆکانی فێری ڕووسیا کردووە بەڵام ئەوان زۆر بەباشی توانیان پێش بە فرۆشی نەوتی ئێران بە «چین»ییەکان بگرن و خۆیان ببنە جێگرەوە، جگە لە چین، ڕووسیا هەر ئێستا نەوت بۆ هێند و بۆ ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبییش هەناردە دەکات. لەم نێوەدا ئەوەی سەری بێکڵاو ماوەتەوە ئاخوندکان و لەسەرووی هەموویانەوە خامنەیی نەزان و خۆئەڤینە!

ئەوەیە سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی خامنەیی و تێزی «ئاراستە ڕۆژهەڵات»ییەکەی کە دەمێکە کردوویەتە بنێشتەخۆشکە و بەردەوام کاوێژی دەکاتەوە!!

ئەوانەی ئەزموونێکیان لە کاری سیاسیدا هەیە چاک دەزانن سیاسەت بە کەللەڕەقی ناکرێت، سیاسەت دانوستانە و دەبێ چەمەوازیی و نەرمونیانی تێدا ڕەچاو بکرێت، دەنا نەک هەر دەسکەوتی نابێت بگرە گەورەترین خەسارەکانی لێدەکەوێتەوە.

٤٣ ساڵە ئاخوندەکان بە کەللەڕەقی
- چ لە دەرەوە و ناوچە و چ لە ناوخۆدا
- سیاسەت دەکەن، ئاکامەکەشی دۆڕان و شکستهێنانیانە لە گشت بوارەکاندا و لەڕووی سیاسەتە هەڵەکانی ئەوانەوە، کۆمەڵگای ئێران تووشی گەورەترین خەسار و نەهامەتییەکان بووەتەوە.

## دیار زاگرۆس

# کۆچی دوولایەنە

**پژمان شەریعەتی**

مرۆڤ بە درێژایی مێژوو بەردەوام لە کۆچکردندا بووە و هۆکارگەلی جیاواز وەکوو سروشت، شەڕ،خوێندن، لێکۆڵینەوە و ... بوونەتە هۆی ئەوەیکە لەو کاتەوە مرۆڤایەتی نیشتەجێ بووە و گوند و شارەکانیان پێک هێناوە کۆچ بکات.

لەم سەردەمەیشەدا کە نیشتەجێبوون و وڵات واتای تایبەت بە خۆی گرتووە و زۆربەی نەتەوەکان لە جیهان کیانی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، هێشتا کۆچ بە هۆکارگەلی جیاواز بەردەوامە و لە خاڵێکی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ دیاری کراوە کە هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە کۆچ بکات بۆ وڵاتێکی دیکە و مافی نیشتەجێبوون و هاووڵاتی وەربگرێت.

لێرەدا پرسی کۆچکردن بۆ ئێمەی کورد جیاوازە و دەمانهەوێت بزانین هۆکارەکانی کۆچکردن لە کوردستان و بەرەو کوردستان چین.

لەو کاتەوە کە دەوڵەت بە واتای مۆدێرنی لە جوغرافیای ئێران پێکهاتووە، دەسەڵاتە ناوەندگەراکان بە بەردەوامی هەوڵیان داوە کە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا وەکوو پەراوێز بجوڵێنەوە و بە هەموو شێوازێک دەست بگرن بەسەر لایەنەکانی ژیان.

بۆ ئەو ئامانجە نگریسەش ڕێگای جیاوازیان گرتووەتە بەر و هەوڵی داگیرکاریان داوە کە سەرەکیترینیان لە ڕێگەی هێزی نیزامییەوە بووە و جیا لە هێرشکردن و ژینۆساید، بنکە سەربازییەکانی خۆیان لە خاکی نەتەوەکانی ئێران جێگیر کردووە تا بە کۆچاندنی سەربازەکانیان لە خاکی نەتەوەکانی دیکە دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

بۆ نموونە لە کوردستان کە ئامانجی سەرەکی ئێمەیە لە باسەکەدا، سەدان بنکەی سەربازی و ئەمنیەتی بوونی هەیە و بە هەزاران بنەماڵەی نیزامی کۆچێندراون بەرەو کوردستان و وەکوو شارۆمەندێک لەنێو شار و گوندەکان ژیان دەکەن.

ئەم کردەوەیەی داگیرکەران لە دوو بوارەوە بۆ دەسەڵات گرینگە، یەکەم پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆیان و دووهەم کۆچاندنی ئەو بنەماڵە نیزامییانە کە زۆربەیان لە نەتەوەکانی دیکەی غەیری کوردن بۆ تێکدانی جوغرافیای ئینسانی کوردستان و لەلایەکی دیکەشەوە بە دامەزراندنی دەزگا و ئیدارە حکوومەتییەکان لە کوردستان و دانانی بنکەی تایبەت بە بابەتە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان وەکوو وەزارەتی ئیرشاد و نەهادەکانی دیکەی پەیوەندیدار، کە زۆربەی کارمەندەکانیان فارس و لە نەتەوەکانی دیکەن، هەزارانی دیکەیش کۆچێندراون بەرەو کوردستان بە ئامانجی ئاسیمیلاسیۆن و تێکدانی فۆرمی ژیان لە کوردستاندا.

ئەم شێوازە لە کۆچاندن بەرەو کوردستان لە سیاسەتە هەرە سەرەکییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و ئەم ڕێژیمەیش لە درێژەدانی سیاسەتەکانی ڕێژیمی پاڵەوی ئەو سیاسەتەی گرتووەتە بەر.

بۆ نموونە لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام، ڕێژیم جیا لە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتەی ستراتژیکی ئەو ناوچانە، بە بیانووی سنووری بوون و شەڕی هەشت ساڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی بەعس، زۆرترین بنکەی سەربازیی لەو پارێزگایانە دامەزراندووە کە تەنیا کاریان پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم نییە، بەڵکوو ئەو هێزە سەربازییانە لە شەڕی نەرمیش لە دژی کورد بەردەوامن.

تەنانەت لە کۆمپانیاکان و پیشەکانیشدا ڕێژیم بە وەرگرتنی غەیری کوردەکان هەزاران کەسی دیکەیشی کۆچاندووە و ئەگەریش لە کارخانەیەکدا کورد وەرگرن، وەکوو کرێکارە سەرەتاییەکانن و بەڕێوەبەری زۆربەی ئەو کۆمپانیا و نیهاد و بنکانە فارس و غەیری کوردن.

بۆ نموونە لە پیشەی نەوت و گاز لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام کە لە سەرەکیترین پیشەکانی ئەو ناوچانەن کەمترین کورد وەرگیراوە و بە شێوەی ئەنقەست کوردیان لەو پیشەیە دوور خستووەتەوە، چوونکە لە سیستمی ڕانتی ڕێژیم و سیاسەتی ئابوورییاندا نەوت و گاز ڕۆڵی سەرەکی هەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە کۆچ لە کوردستان واتایەکی دیکەیشی هەیە و ئەویش بەشێکی سەرەکی لەو سیاسەتەی ڕێژیمە بۆ گۆڕینی جوغرافیای مرۆڤی لە کوردستان بەتایبەتی لە کرماشان و ئیلام، ئەوەیش کۆچاندنی کوردە بەرەو ناوەندی ئێران و دەرەوەی کوردستان.

بە پێکهێنانی کەشێکی نالەباری ئەمنی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و قەیرانسازی لە کوردستان لە هەوڵدان کورد ناچار بکەن زێدی خۆی بەجێ بهێڵێت و حەشیمەتی کوردستان کەمتر بکرێت و دەرفەت بۆ ڕمبازێنیان زیاتر بکرێت.

بۆ نموونە لە پارێزگایەکی وەکوو کرماشان کە سەرچاوەی ئابووریی گرینگی زۆری تێدایە، دۆخی ژیانی خەڵکی ئەو پارێزگایە لەوپەڕی نالەبارییە و ڕێژەی چارەڕەشی لەو پارێزگایەدا خەریکە سنووری ٥٠ لەسەد تێپەڕ دەکات، ئەم گرفتە ئابوورییانە، کە هەژاری و بێکاری بەدوای خۆی هێناوە، هۆکارێکی بەرنامەبۆداڕێژراو و سیاسییە بۆ ناچارکردن بە کۆچ.

کاتێک لە نێو شاری کرماشان باس لە کار دەکەیت، زۆرینەی خەڵک باس لەوە دەکەن کە لەم شارەدا دوو کار زۆرتر دەس ناکەوێت، یەکەم یان دەبێ ببی بە نیزامیکار یان بە ئۆتۆمۆبیل موسافرکشی بکەیت، ئەم قسەیە ڕنگە سادە بێتە بەرچاو بەڵام باس لە کارەساتێک گەورە و سیاسەتێکی دژەئینسانی دەکات کە بەرۆکی کوردی گرتووە.

لەو پێناوەیشدا ڕێژیم، بە تێکدانی دۆخی ئابووری، نەبوونی دەرفەت بۆ خوێندن، نەبوونی کەرەستەکانی ڕۆژی ژیان، تێکدانی سروشتی کوردستان و گواستنەوەی ئاوی کوردستان بەرەو ناوەندی ئێران، کەشی داخراوی سیاسی، خولقاندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ...هتد هەوڵ دەدات کوردستان لە کورد چۆڵ بکات و خۆی ببێتە خاونی ئەم وڵاتە.

# مێترۆپۆل وێنایەکی ڕاستەقینە، بۆ دارمِاویی کەڵانشاری ئێرانی



**مێترۆپۆل بە واتایەک دەتوانێ وێنایەک بێ لە هەیمەنەی لاوازی قەوارەی ڕێژیم بەگشتی کە لەسەر بۆشایی کەڵەکە بووە و ئاوا بە سانایش دادەڕمێ، بەڵام ڕاست پێچەوانەی مێترۆپۆل، ڕووخانی ڕێژیمی فاشیست و دیکتاتۆری ئێران و چەقبەستوویی ئێرانی، نەک وەک مێترۆپۆل خەسارێکی بەرینی نابێ بۆ خەڵک، بەڵکوو دەکرێ بە بێگومانی بگوترێ ڕووخانی ڕێژیم، قازانجەکانی تەنیا بۆ نەتەوەکانی ڕاگیراو لە ئێران نابێ و وەک هەمووان دەزانن، هەموو ناوچەکە و وڵاتانی زەوییش لە تیرۆریزمی دەوڵەتی و دوژمنی ئاشتی دەرباز دەبن**

**چەکۆ ئەحمەدی**

ڕوخسار و کردەوەی وڵاتانی دیکتاتۆر و گەندەڵ، وا دەنوێنێ لای دوکتورێکی شارەزای زاوزێ بەرهەم هاتبێ. وڵاتانی دیکتاتۆر، تەنانەت ئەگەر لە دوو سەدەی دوور لە یەکدی و لە دوو گۆی جیاوازدا بن، دیسان بەرهەمەکانیان و دەرکەوتەکانیان وەک کۆپیکراوی یەکدین. کاتێ ئەم دیکتاتۆرییە ئایدیۆلۆژیشیان تێکەڵ بکرێ، هێندە لێکچوونیان قووڵتر دەبێتەوە کە لە دوو زارۆکی دووانە دەچن و تەنانەت دەربڕین و ڕوانینیشیان لێکدی دەچێ کە بێگومان لەمجۆرە دەسەڵاتانەدا، گەندەڵی لە هەموو بوارەکانەوە دەبێتە پێناسەی سەرەکییان.

ئەوەی چاوی بینین و گوێی بیستنی هەبێ، دەیان نموونە لە وڵاتانی دیکتاتۆر چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا دەناسن. هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هەرلایەکی خۆماندا چاو بسووڕێنین، وڵاتانی دواکەوتوو و دیکتاتۆر و گەندەڵ دەبینین کە لە هەموو بوارێکەوە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ئێمە و هەموو ناوچە و تەنانەت دنیاش داناوە.

٢ی جۆزەردانی ئەمساڵ، باڵەخانەیەکی ١٠ نهۆمی لە عەبادان لە چاوترووکانێکدا داڕما. خەڵکی ئەوێ و دانیشتووانی سنوورەکانی ئێران دەڵێن ئەوەی داڕووخا هەیمەنەی دەسەڵاتێکی کەڵەکەکراو لەسەر بۆشایی و گەندەڵی بوو کە داڕووخا. پاش داڕمانی ئەو باڵەخانەیە، هەروەک هەموو داڕمانەکانی دیکەی هەیمەنەی ڕێژیم، دیسان ئەوە خەڵکی ئاسایی و سڤیل بوون کە خەساری سەرەکییان بەرکەوت و ئەگەریش تا ئێستا دیسان خەڵک بە تاوانباری سەرەکی و دەستێوەردانی وڵاتانی دوژمن و نەیار، لەلایەن ڕێژیمەوە دیاری نەکراون، هەم جێی سەرسووڕمانە و هەمیش جێی دڵخۆشیی بەشێک لەوانەی کارەساتەکەیان بەسەردا ڕووخاوە.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە زیاتر بۆ خەڵک و میدیاکان ڕوون دەبێتەوە. لە یەکەم ساتەکانی پاش ئەو داڕمانە، دەسەڵاتدارانی ڕێژیم ڕایانگەیاند خاوەنی مێترۆپۆل (ناوی ئەو باڵەخانەی داڕما) لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراوە. ئەوە لەکاتێکدایە هێشتا تۆزی ئەو داڕووخانە نەنیشتبوویەوە و ڕوون نەبوو چ بووە و چ ڕووی داوە!

ڕۆژی دواتریش ڕایانگەیاند کە خاوەنەکەی (حسێن عەبدولباقی) لەو باڵەخانەیەدا بووە و ئەویش کوژراوە. تەنانەت بنەماڵەکەشیان بردە ساردخانەی شار و شیوەنیان لەسەر تەرمی کەسێک پێ گێڕان کە نە ڕوخساریان پیشان دا و نە دەرکەوت چ هەناسەساردێکی دیکەیە کە ئاوا بە مردوویی دەیکەنە ئەکتەری شانۆی ڕێژیم بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانێکی دیکە. بەڵام ئەوەی ڕوونە، خەڵک و دانیشتووانی ئەو سنوورە و تەنانەت دەرەوەی ئەو سنوورانەش، متمانە بە یەک قسەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی ناکەن و هەردەم بە درۆزنی مێژووییان ناو دەبەن.

ئەوەندەی تا ئێستا دەرکەوتووە و دێکۆمێنتەکان دزەیان کردووە، ئەم کارەساتەش هەروەک هاوشێوەکانی، بنەماکەی لەسەر گەندەڵیی بەرپرسانی وەک فەرماندار و پارێزگار و سەرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران واتە عەلی شەمخانی و بنەماڵەکەی هەڵچنراوە. هەروەک باسکرا، دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و دیکتاتۆر چوونکە کەس خۆی بە خاوەنی وڵات نازانێ، هەر تاقمێک لە هەوڵی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک هاوبیرن بۆ باشتر بەڕێوەبردنی گەندەڵییەکانیان. لێرەشدا و لەم ڕووداوەدا، دیارە کە کارەساتێکی دڵتەزێنە، بەڵام ئاکامەکانی کردەوەی گەندەڵکارانەی ئەو باندە مافیا ئابووری و ئیدارییە، هەر بە ئەوەندە ناوەستێ و بێگومان هەر ڕۆژەو لە کەلەبەرێکی ئەو وڵاتە دیکتاتۆرلێدراوەدا داڕمانێکی هاوشێوەی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام، هەر دەرکەوتەیەکی کارەساتباری کردەوە و بڕیارەکانی ڕێژیم، مێشک و شان و باهۆی ئەندامانی نەتەوەکانی داگیرکراوی دەستی ئێران زیاتر بەهێز دەکات بۆ بەرنگاربوونەوەی ملهۆڕیی ڕێژیمێک کە هەموو ڕۆژێک بەشێک لە هەیمەنەی دەڕووخێ.

پاش کارەساتەکە و دەرکەوتنی زیاتری خەسارەکان و کەمتەرخەمیی دەسەڵاتداران، خەڵکی شار ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەخۆیاندا پیشیان خواردەوە تاکوو لە ئاکامدا ناڕەزایەتییەکان دەستی پێکرد و ڕژانە سەر شەقام. هاوکات و تەنانەت پێش لە ناڕەزایەتیی خەڵک، ڕێژیم دەستی دایە گرتنی چالاکانی عەرەب و بە شێوەی ڕەشبگیر نزیک بە ٣٠٠ چالاکی دەستبەسەر کرد تاکوو پێش بە ناڕەزایەتی بگرێ بەڵام ئەوەی بینرا، نەک خەڵکی شاری عەبادان، بەڵکوو هەموو دانیشتووانی گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەریش دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز کردەوە و ڕوویان لەو شارە کرد.

ئەوەی ڕوونە، تا تەمەنی ئەم ڕێژیمە درێژ ببێتەوە، کارەساتەکانی لەم شێوە و خراپتر لەمەش کە پێشتر ڕووی داوە کۆتایی نایە. ڕێژیم تا ئێستا لە هەموو ئامرازێکی ناڕەوا کەڵکی وەرگرتووە بۆ مانەوە و جێگیرکردنی دەسەڵات.

ئەگەر لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە پێناسەیەک بۆ ئەو ڕێژیمە دیاری بکرێ، وەک ڕێژیمێکی ئایدۆلۆگی دیکتاتۆری تیرۆریست دەناسرێ بەڵام کاتێک پێناسەکان لەلایەن نەتەوەکانی قەتیسماو لە سنووری ئێرانەوە بێت، دەبێ وەک داگیرکەرێکی فاشیستی دیکتاتۆر پێناسە بکرێ.

هەرکات سیستمێک یا ئایدیۆلۆژییەک هەنگاوەکانی بە ئاقارێکدا بووبێ کە کۆمەڵێک مرۆڤ یا نەتەوە و گەلێک تێیدا خۆیان نەبیننەوە و خەساریان بەرکەوێ، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی ڕێکخراویش نەبێ، بەرامبەری هەڵوێست دەگیرێ و لەلایەن خەسارلێکەوتوو یا چەوسێندراوانەوە دژکردەوە بەرامبەر نایەکسانی و دیکتاتۆری سەرهەڵدەدات. ئەوەی ڕوونە، دەسەڵاتی دیکتاتۆر و فاشیستی ئێران لانیکەم بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەک بە شێوەی سیستماتیک هەنگاو بەرەو پاکتاوی فرەڕەهەندی هەموو ئەویدییەکان دەنێ و دەکرێ بگوترێ لە هیچ کردەوەیەکی ناڕەوا سڵی نەکردووەتەوە و هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانج، واتە سڕینەوەی هەموو ئەویدییەکان لەپێناو مانەوە و سەرخستنی پلان و پرۆژەکانی، بەردەوام لە پەرەسەندندا بووە؛ بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەم پلان و پیلانانەی ڕێژیم و ڕێژیمەکانی پێشتر، نەک لەگەڵ بەربەست و بەرنگاری بەرەوڕوو بووەتەوە، بەڵکوو بەخۆشییەوە لە نزیک بە دوو دەیەی ڕابردوودا شەپۆلێکی ناسیۆنالیزمی بەهێزتر لە ڕابردوو لەنێو نەتەوەکانی بندەستی تاران پەرەی سەندووە و تا دێ ڕادیکاڵتر و بەرینتر خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی بەرەوپێش دەبات.

مخابن لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، ئاستی وشیاریی نەتەوەیی نەتەوە چەوساوەکانی ئێران یا هەر نەبوو یا ئەگەریش هەبوو زۆر لاواز بوو و کوردستان و نەتەوەی کورد لەو مەترێزەدا وەک یەکەیەکی تەنیا دژی دەسەڵاتی ڕابردوو و نوێی پاش شۆڕش، خەباتی دەکرد. ئەو وشیارییە نەتەوەییەی ئێستا لە هەموو ناوچەکان و لای نەتەوەکانی دیکە دژی دەسەڵاتداران دەبینرێ، هەم هیوابەخشە و هەمیش مزگێنیی ئاسۆی ڕوونتر دەبەخشن.

داڕمانی باڵەخانەی مێترۆپۆل لە عەبادان و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی خەڵکی ئەو ناوچە کە زۆرینەیان لە نەتەوەی عەرەب پێکهاتوون، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئیرادەی زۆرینەی نەتەوەکانی بندەستی ئێران بۆ درێژبوونەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی و سڕینەوەی هەمووجۆرەی هەڵاواردن و نایەکسانییەک.

مێترۆپۆل بە واتایەک دەتوانێ وێنایەک بێ لە هەیمەنەی لاوازی قەوارەی ڕێژیم بەگشتی کە لەسەر بۆشایی کەڵەکە بووە و ئاوا بە سانایش دادەڕمێ، بەڵام ڕاست پێچەوانەی مێترۆپۆل، ڕووخانی ڕێژیمی فاشیست و دیکتاتۆری ئێران و چەقبەستوویی ئێرانی، نەک وەک مێترۆپۆل خەسارێکی بەرینی نابێ بۆ خەڵک، بەڵکوو دەکرێ بە بێگومانی بگوترێ ڕووخانی ڕێژیم، قازانجەکانی تەنیا بۆ نەتەوەکانی ڕاگیراو لە ئێران نابێ و وەک هەمووان دەزانن، هەموو ناوچەکە و وڵاتانی زەوییش لە تیرۆریزمی دەوڵەتی و دوژمنی ئاشتی دەرباز دەبن.

مێترۆپۆل دەتوانێ ببێتە سەرەتایەک بۆ ناسینی گەندەڵیی سیستماتیکی دەسەڵاتداران کە لە سەرەوە واتە ویلایەتی فەقیەوە دەس پێدەکا تا دەگاتە ئەو بازرگانانەی سەریان لە توورەکەی ڕێژیمدایە.

هاوخەباتیی نەتەوە بندەستەکانیش دەتوانێ گەرەنتیدەر بێ بۆ سڕینەوەی تراویلکەی خۆبەسەرتزانین و چارەنووسی سەردەستی کە پێیانوایە دەبێ هەتایی بێ.

# گریمانەی ڕووخانی ڕێژیم لە ناکاودا!!



**ئەمڕۆ ئیتر خەڵکێکی زۆرمان هەیە کە هیچ شتێکیان بۆ لە دەستدان نەماوە، ئەو خەڵکە بە زۆری سەرکوت ڕاگیراون، گریمانەی ئەوەی کە جارێک ئەو خەڵکە ئیتر کۆنترۆڵ نەکرێت هەیە**

**ئەلبور ڕووئین‌تەن**

بەپێچەوانەی دە ساڵ پێش ئێستا، لە دەیەی پێنجەمی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئیتر باس لە نەبوونی ناڕەزایەتی گشتی خەڵک بەرانبەر ڕێژیم ناکرێ، بەڵکوو پرسی بۆچی سەرەڕای پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان تا بە ئێستاش ڕێژیم هەر ماوەو ناڕووخێ، سەردێڕ و نێوەڕۆکی زۆربەی وتارەکانی پەیوەندیدار بە دۆخی ئێستای ئێرانە.

خەڵک لە بەرانبەر سەدان و هەزاران قەیرانی جۆراوجۆری ئافرێندراوی دەستی ڕێژیم، بەردەوام لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان هەڵدەکەوێ ناڕەزایەتی خۆیان دەردەبڕن و وێڕای داواکانیان، بەرپرسانی یەکەمی ڕێژیم لە دۆخی ئێستا بە بەرپرسیار دەزانن و تەنانەت هەر زوو هەموو دروشمەکان بەرەو خامنەیی و نەمانی ڕێژیم ئاراستە دەبن. سەرەڕای ئەوەی ناڕەزایەتییەکان بەردەوام پەرە دەستێنن، ڕووخانی ڕێژیم یا کۆتایی تەمەنی ڕێژیم لە لایەن بەشێک لە شرۆڤەکارانەوە بەدڵنیاییەوە باسی لێوە ناکرێت، تەنانەت ئەگەر باسی ڕووخانی ڕێژیمیش باسی لێوە بکرێت، هەبوونی پرسیاری بۆچی بەو هەموو قەیرانەوە تا ئێستا ڕێژیم هەر بەردەوامە؟ لە ڕۆژەڤی باسوخواستەکانی خەڵک و گۆڕەپانی سیاسەتدایە.

لەلایەن شرۆڤەکارانی سیاسییەوە چەندین هۆکاری زانستی بۆ بەردەوامی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەخرێنە ڕوو، لەوانە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارامە و خاوەن بەرنامە، نەبوونی هاواهەنگی لە نێو خەڵک، ترسی خەڵک لە داهاتوو بە هۆی ئەزموونی ڕابردوو، توانای ڕێژیم بۆ سەرکوت و کۆنترۆڵ کردنی ناڕەزایەتییەکان و ....؛ دەتوانرێت ئەو هۆکارانە و زۆری دیکە لە ڕوانگەی جیاوازەوە کە باس دەکرێت کەم یا زۆر ڕاستی تیدا هەبێت و هەیە.

هەبوونی ئەو هۆکارانە و ڕاستییەکانی دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی بەشێک لە شرۆڤەکاران بەرەو ئەوە هان دەدات کە بڵێن ئیتر جارێکی دیکە لە ئێران شۆڕش ڕوو نادات یا ئەگەر ڕوو بدات ئەوا کاتەکەی نزیک نییە و زۆر نادیارە. ئەو شرۆڤەکارانەی بەرگری لە تیئۆری مانەوەی ڕێژیم یا درێژتربوونی تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەکەن دوو بەشن، هەندێکیان وەک بەشێک لە شەڕی نەرمی ڕێژیم بە مەبەستی چاندنی تۆوی بێهیوایی ئەو کارە دەکەن کە دەبێ پشتگوێ بخرێن و بەشێکی دیکەش لە سەر بنەمای دیکە کە لەوانەیە لایەنی زانستیشی تێدا هەبێت زوو بەو ئاکامە دەگەن کە ڕووخانی ڕێژیم و سەرهەڵدان و سەرکەوتنی شۆڕشێکی دیکە بە دوور دەبینن.

وێڕای گرینگی هەموو ئەو شرۆڤانە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سەر بنەمای زانستی و خوێندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشەکان لە سەدەی ڕابردوو داڕێژراون، نابێ لە بیرمان بچێت کە لە زانستی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو بابەتەی کە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە داهاتوو وەک پێشبینییەکان دەرناچن، چونکە زۆر فاکتەری جیاواز دەتوانن لەناکاو ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو ئاقارێکی دیکە ببەن.

بەپێچەوانەی هەموو ئەو شرۆڤانەی کە دەڵێن ڕێژیم بەهۆی نەبوونی شۆڕش و هۆکارەکانی سەرکەوتنی شۆڕش هەر بەردەوام دەبێ، گریمانەی دیکەش هەیە کە ئەگەری ڕوودانیان ئەگەر کەمیش بێت بەڵام نابێت لە بەرچاو نەگیرێ.

یەکێک لەو گریمانانە، ڕووخانی لە ناکاوی ڕێژیم لە سەر بنەمای پەرەسەندنی لەناکاوی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە.

لە ئێستادا ژیان لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا بۆ زۆرینە بە مانای تەواوی وشە دۆزەخێکی بەئازارە کە هەر ڕۆژی پڕە لە تابلۆی تراژیک، زۆرینەیەک کە بەردەوام زۆر و زۆرتر دەبن، تەنانەت لە دوایین ناڕەزایەتییەکان کە لە کاتی گرانبوونی کاڵاکانی سەرەکی خۆی نیشان دا و بە ناڕەزایەتی برسییەکان لێکدرایەوە زۆر بە باشی دەیبینین. ئەو جۆرە ناڕەزایەتییانە کە بەردەوام بە هۆکاری جیاواز دروست دەبن، ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارە ببنەوە خەڵکێکی زیاتر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، ئەو بابەتە لەو بەڵگە نهێنییانەی کە ئاشکرا دەبن و هەروەها ئاماری ناڕەزایەتییەکان زۆر بە ڕوونی دیارە.

وێڕای ئەوەیکە ڕێژیم توانیویەتی ئەو ناڕەزایەتییانە بۆ کورتماوە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام نەیتوانیوە بەتەواوی نەیهێڵێ، یا ڕێگە لە زیادبوونیان بگرێ، تەنانەت لە ڕووداوی ڕووخانی بینای مێترۆپۆلی عەبادان کە سەرەتا ڕێژیم دەیهەویست خۆی بە خاوەنی خەمەکەی بزانێت، بەڵام هەر زوو خۆپیشاندانەکان پەرەیان سەند و لە کۆتاییدا دیتمان تیکەڵ بە ناڕەزایەتییەکانی دیکە بوو و زۆربەی شارەکانی گرتەوە.

هەروەک مارکس دەیگوت کرێکاران هیچ شتێکیان جیا لەو زەنجیرانەی کە لەدەستیاندایە بۆ لەدەستدان نییە، ئەمڕۆ ئیتر خەڵکێکی زۆرمان هەیە کە هیچ شتێکیان بۆ لە دەستدان نەماوە، ئەو خەڵکە بە زۆری سەرکوت ڕاگیراون، گریمانەی ئەوەی کە جارێک ئەو خەڵکە ئیتر کۆنترۆڵ نەکرێت هەیە، لە کاتێکی وەهادا ئیتر هیچ لەو هۆکارانەی سەرەوە کە باسمان کرد گرینگی نامێنێ و ئەوەی دەکەوێتە بەر شەپۆلی خەڵک لە ژێر پێی دەمێنێتەوە و لەنێو دەچێت.

بێگومان لە وەها دۆخێکدا دروستبوونی بشێوی و تەنانەت زۆر خەساری دیکە کە لەوانەیە قەرەبوو نەکرێنەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، یا لانیکەم هەندێک هێزی بەرژەوەندیخواز کە تەنیا بە دوای دەرفەتێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دەگەڕێن و لەو شەپۆلەی خەڵک کەڵک وەرگرن بۆ ئەوەی دیکتاتۆریەتێکی دیکە دروست بکەن و دەسەڵات بگرنە دەست کە ئاکامەکەی گەڕانەوە بۆ خاڵی سیفر بێت هەیە؛ بەڵام ئەو ڕاستییەی کە دڵنیا بە مانەوەی ڕێژیم دۆخەکە بەردەوام خراپ و خراپتر دەبێت قورسایی دەنوێنێ. هەر بۆیەش نابێ گریمانەی لەناکاو ڕووخانی ڕێژیم یا پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان لە کاتێکی کەمدا بە شێوەیەک کە ئیتر ڕێژیم نەتوانێ کۆنترۆڵ بکات لە بەرچاو نەگرین. هەندێک جار یەک ڕووداو وەکوو کاریگەری دۆمینۆ دەتوانێ بەردەوام گەورەو گەورەتر بێت کە لە ڕووداوێکی بچووکەوە دەست پێبکات و ڕووداوێکی گەورە وەک ڕووخانی ڕێژیمی لێبکەوێتەوە.

لەبەرچاوگرتنی ئەو گریمانەیە لە زۆر ڕووەوە بەگشتی بۆ ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتی بۆ هێز و لایەنی سیاسی کوردی گرینگییەکی زۆری هەیە، لەلایەک ئەو گرنگی پێدانە وادەکات، کە هەر لە ئێستاوە ئامادەیی هەموو جۆرە دۆخێک بین بۆ ئەوەی بتوانین لە کاتی پێویستدا وێڕای کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان بەرەو ئاقارێک کە لە بەرژەوەندی نەتەوەکان و خەڵکدا بێت ببەین، لەلایەکی دیکەشەوە هەر ئەو هەوڵدانە بۆ ئامادەیی هەرچی زۆرتر دەتوانێ یەکێک لەو هۆکارانەی بەردەوامی تەمەنی ڕێژیم واتە هۆکاری نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی کارا بێ کە هیوا بدات بە خەڵک و لە کاتی پێویستدا بەرەو ئامانج ئاراستەی بکات، بڕەوێنێتەوە.

**نابێ گریمانەی لەناکاو ڕووخانی ڕێژیم یا پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان لە کاتێکی کەمدا بە شێوەیەک کە ئیتر ڕێژیم نەتوانێ کۆنترۆڵ بکات لە بەرچاو نەگرین.**
**هەندێک جار یەک ڕووداو وەکوو کاریگەری دۆمینۆ دەتوانێ بەردەوام گەورەو گەورەتر بێت کە لە ڕووداوێکی بچووکەوە دەست پێبکات و**

## وێـــستگە

# وێنەیەک و کۆمەڵێک گازندە!



**نووسین: هێمۆ**

ماوەیەک پێش ئێستا بڵاوبوونەوەی وێنەیەک لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە جارێکی دیکە کۆمەڵێک ڕەخنە و ڕەنگە باشتر بڵێم کۆمەڵێک وردەگلەیی بەرەوڕووی حیزبەکان ببێتەوە!

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ٣ی جۆزەردانی ئەمساڵدا کۆبوونەویەکی بەڕێوەبرد و بڵاوبوونەوەی وێنەیەک لە بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە کە هەموویان لە بەرپرسان و ئەندامانی ناوەندن، بووە جێگەی باس و خواستی زۆرکەس لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و زۆر کەس بە ژن و پیاوەوە دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتن لە حیزبەکان کە بۆچی ئەم وێنەیە سیمایەکی بەگشتی پیاوانەی پێوە دیارە و ژنان تێیدا بوونیان نییە!

لەڕاستیدا دەکرێ ڕەخنە و گلەییەکان بە سەر دوو لایەنی جیاوازدا دابەش بکرێن: لایەنێک باس لە ڕەخنەی بەجێ و سازندەیە و گرینگە کە بزانرێ سەرچاوەی ڕەخنەکە چییە و ڕەخنەگر کێیە؟ لایەنێکی دیکەش وردەگلەییەکانی هەندێک کەسە کە مەبەستی سەرەکییان لە گلەییکردن بەشدارنەبوونی خۆیانە کەچی لە قاڵبی فێمێنیست و چالاکی بواری ژناندا بەقەولی خۆیان، حیزبەکانیان خستە بەر ڕەخنە!

لایەنی یەکەم کە وەکوو ڕەخنەگر دەرئەکەون، بێگومان شێوازی ئاراستەکردن و ئەدەبیاتی ڕەخنەکەیان دیار و لۆژیکی بوو، چونکە باسیان لەوە دەکرد کە لە سەدەی ٢١دا و پاش ئەم هەموو خەبات و قوربانیدانە و بەتایبەتیش لە چوارچێوەی ئەم حیزبانەدا کە هەرکامەیان بەشێوازێک و بەپێی بەرنامە و بیری خۆیان باس لە ڕۆڵ و کاریگەری و هەڵبەت گرینگیی هەبوونی ژنان لە بازنەی سیاسەتدا دەکەن، ئەی چۆنە کە لە ناوەندی هاوکاریدا، ژنان بوونیان نییە و ئەوە تەنیا پیاوانن کە لە بڕیارەکانی ناوەندا ڕۆڵ ئەگێڕن کە بێگومان بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای بەردەنگیشیان هەر ژنانن!

ئەم چەشنە لە ڕەخنەگرتن کاتێک کە فوکوس دەکاتە سەر پێویستیی هەبوونی ژنان و لەگەڵ ئەمەشدا باس لە توانایی و لێهاتوویەکانی ژنان بە کەڵکوەرگرتن لە مێژووی نەتەوایەتی دەکات و ئازایەتیی ژنان لە مێژوودا دەکاتە ڕێفرێنس، بێگومان دەتوانێ سازێنەر بێ، هەروا کە چەندین کەس لە پیاوانی بەشداربوو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ڕەخنەکەیان بە هەند وەرگرت و وێڕای قەبووڵکردنیشی، باسیان لەوە کرد کە بە کردەوە دەبێ هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم لاوازییە بدرێت.

ئەمە لایەنی پۆزەتیڤی بابەتەکەیە، کە ڕەخنەگر لەهەوڵدایە بە ڕەخنەگرتنێکی لۆژیکی، لایەنی بەرانبەر بگەیێنێتە قەناعەت و ئاراستەکە بەرەو شوێنیک ببات کە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و هەنگاو بۆ چارەسەرکردن و قەرەبووکردنەوەشی هەڵبگرێت.

بەڵام لایەنی دیکە، وردەگلەییەکان بوون! لەڕاستیدا خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی ئێمە وەکوو کورد گرێدراوە بە لەخۆبوردوویی و تێکۆشانی تاک بە تاکمانەوە جا لە هەر پێگە و ئاستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا بین. گرینگ ئەوەیە کە هەر کامەمان بتوانین گۆشەیەک لەم خەباتە بگرین و کاری بۆ بکەین و بە ئاکامی بگەیەنین، بەڵام کردەوە لەگەڵ قسە مەودایەکی زۆری نێوانە!

ژمارەیەک لەو کەسانەی کە گلەییان هەبوو، کە بۆچی ژنان لەم وێنەیەدا نابیندرێن، لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکیان ڕەخنەگرتنێکی لۆژیکی نەبوو، چونکە لە چوارچێوەی هەرکام لەو حیزبانەدا، ئازادی ڕادەربڕین لەو ئاستەدا هەیە کە ئەندامی هەر حیزبێک ڕەخنەیان ئاراستە بکات و وڵامیش وەربگرێ، کەوایە ئەم هاوارکردنە لە سۆشیالمیدیا و ئیدیعای ئەوە کە «من» لە هەمووان ژیرترم و ئەوە تەنیا منم کە هەست بەم لاوازییە دەکەم، تەنیا دەچێتە خانەی پڕوپاگەندە و بەقەولی بەکارهێنەرانی سۆشیالمیدیا، ئاڵترناتیڤێک بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەردەنگ! و بەداخەوە لە کۆتاییشدا، بەدەستەوەدانی خاڵێکی لاواز بۆ کەڵکوەرگرتنی دوژمن، دژ بە خۆمان!

سەرنجدانێکی وردی نووسینەکان و ئەدەبیاتی تاکەکان دەری دەخات کە زۆر جار تەنیا و تەنیا مەبەستیان لە وروژاندنی بابەتگەلێکی لەم چەشنە، بانگەوازکردنە بۆ ئەوە کە خەڵک هەست بە بوونیان بکەن، واتە هەر ئەو خۆبەکەمزانینەی کە ئێستاشی لەگەڵ بێت گەورەترین دەردی کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەت بۆ ژنانە!

بێگومان هەموو حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری لە ئاستی سەرەوە و لە ڕێبەراتیشدا، کەڵکیان لە بوون و توانا و لێهاتوویەکانی ژنان وەرگرتووە و ئەمە زۆر نادادپەروەرانەیە کە بەم شێوازە هێرشیان بکرێتە سەر.

ئەگەر مەبەست لە بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا، بەشداری پێکردنیان بێت، کە ئەمانە دوو بابەتی زۆر زۆر لێک جیان و بێگومان هیچ ژنێکی ئازادیخواز و خاوەن بیر نییە کە پێی خۆش بێت، لە لایەن پیاوانەوە، لە دەسەڵاتدا بەشداریی پێ بکرێت و ئیمتیازی ژن بوونی ببێتە دەرفەت بۆی، هەر ئەوەی کە وەکوو «تبعیض مثبت»، ناوی لێ دەبردرێ؛ کە بێگومان خودی ئەم بابەتە یەکەم هەنگاو بۆ دوورخستنەوەی ژنان لە مەیدانی کردەوەیە و بەم پێیە هیچ ژنێک هەوڵ نادات کە بە تواناکانی خۆیەوە و بە هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی ئەم تواناییە بچێتە ناوەندی دەسەڵاتەوە واتە بوونێکی ویترینی کە بیرکردنەوە و بڕیاردانی هی خۆی نییە و تەنیا وەکوو بووکەڵەیەک لە بازنەی سیاسەتدا یاریی پێ دەکرێت.

بۆیە پێویستە ئەو ژنانەی کە وردەگلەییان لە نەبوونی ژنان لە ناوەندی بڕیاردا هەیە، قۆڵی لێهەڵماڵن و لە قوربانیدان و تێکۆشان و هەوڵداندا، پێشەنگ بن، خۆیان بخزێننە نێو بازنەی دەسەڵاتەوە و هەوڵ بۆ ڕۆشنبیرکردنەوەی کۆمەڵگا و دەرخستنی توانایی و لێهاتوویی ژنانی دیکەش بدەن، بەڵکوو وێنەکان لەمەوبەدوا، تێکەڵاوێک لە هەر دوو ڕەگەز بن!

# لە یادی ٥٩ پەپوولەی پەڕپەڕکراودا

موکریان

مێتۆد یان شێوازی کاریی ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، نەك هەر نالۆژیکی و ناسەردەمیانە بووە، بەڵکوو داپلۆسێنەرانە، هێرشبەرانە و تاڵانکارانەش بووە. ڕوانگەی ئەو جۆرە ڕێژیمانە بۆ کۆمەڵگا، ڕوانگەیەکی داخراو لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی پێکهێنەری دەسەڵاتەکەیاندایە. مەبەستی ڕێژیمگەلێکی لەم چەشنە، کە نموونەیان لە مێژوودا کەم نییە، نەك ئازادی تاك، ئازادی ڕادەربڕین، دانی مافە نەتەوایەتی و ڕێکخراوەیی و سێنفییەکان نیە، بەڵکوو دەسەڵاتدارییەتی تاقمێکی زۆرکەم لە ژێرناوی جۆراوجۆر بیانووی پاساوهەڵنەگ رو بێ‌بنەما و نایاساییدایە.

لێرەدا پرسیارێک خۆی بەرجەستە دەکاتەوە کە گەلۆ کۆمەڵگا لەبەرانبەر مێتۆدگەلی لەم چەشنەدا بێدەنگ و دەستەوەستان بووە یان بەبێ هێندگرتنی خەفەقان، زەبروزەنگ و گرتن و ئێعدام داخوازەکانیان هێناوەتە گۆڕێ؟ پێش لە وڵامدانەوە بەم پرسیارە ڕووداوێکی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەبیر دێنینەوە و دواتر وڵامی پرسیارەکەش دەخەینە بەر چاو:

ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی (٢ی ژوئەنی ١٩٨٣ ز) واتە ٣٩ ساڵ بەر لە ئێستە، ٥٩ لاوی دڵ پڕ لە هیوا و تاسەی شاری مەهاباد لە لایەن هێزەکانی پارێزەری جەهل و نەزانییەوە لە کردەوەیەکی دڕندانە و بێبەزەییانەدا، ئێعدام کران. ئەو ٥٩ شەهیدە لە حاڵێکدا دڵیان لە لێدان کەوت کە تووشی هیچ تاوانێك نەببوون یان ئەگەر وا دابنێین تاوانباریش بووبن، بێ‌ئەوەی لە دادگایەکی ئاشکرا و یاساییدا ـ تەنانەت لە چوارچێوەی یاسای کۆماری ئیسلامیش ـ دادگایی بکرێن، وەبەر دەستڕێژی گوللەی سەربازانی خومەینی کەوتن.

ئەوەی لێرەدا زۆر ڕوونە ئەوەیە کە بۆ کۆماری ئیسلامی هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان خەڵکی ئاسایی و ئەندامانی دژبەری خۆی کە لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی، وەک خۆی دەڵێ یاساغ لەوانەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە مەسەلەی بنەڕەتیی تەنیا ڕشتنی خوێنی کوردە. پاش ئەم جینایەتە سامناکە کە بەدڵنیاییەوە دەچێتە خانەی هەوڵێک بۆ پاکتاو و ژینۆساید و جینایەتی شەڕ، پێشمەرگەکانی هێزی بێستوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەڵبەندی کامیاران و کرماشان، بەدژی ڕێژیم ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانەیان ئەنجام دا کە ئەوە پەیامێکی ڕوون بۆ ڕێژیم بوو کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدان، ڕێگا نادەن بکوژانی کورد بە هاسانی دەست بدەنە کوشتاری لاوانی کورد، ئەوە هەروەها نیشان دەدا کە هاوپێوەندی نەتەوەیی لە نێو خەڵکی کوردستاندا ئەوەندە بەهێزە کە ئەگەر لە مەهاباد خوێنی لاوی کورد بڕێژرێ، ڕۆڵەکانی قارەمانی کورد لە کامیاران و کرماشان و شوێنەکانی دیکەی کوردستان، نەك هەر دەستەوەستان نابن، بەڵکوو تۆڵەی خوێنیشیان دەکەنەوە.

***

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنییەوە، لە کوشتار و ئێعدام و گوشارەکانی دەرحەق بە نەتەوەی مافخوازی کورد سڵی نەکردۆتەوە. کاتێك نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە سێبەری ڕێبەری و ڕێنوێنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بەشداری نەکرد و هەر لە سەرەتاوە ویست و خواستەکانیان هێنایە بەرباس، کەوتە بەر ڕق‌و تووڕەیی تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان و بەدەرکرانی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینییەوە، خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕێکی داسەپاو ئامادە کرد. ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی لە درێژەی شاڵاوی کوشتوبڕەکانی ڕێژیم لە کوردستان ڕووی دا.

هۆی ئەو جینایەتە سامناکە و تەنیا تاوانی شەهیدانی ئەم ڕووداوە کوردبوون و مافخوازی ئەو کۆمەڵە لاوە بوو بەڵام لە ڕاستیدا نێوەرۆکی ئایدیۆلۆژیك و پێکهاتەی چەقبەستوو و گۆڕان هەڵنەگری کۆماری ئیسلامی کە تەحەمولی هیچ بەرهەڵستکارییەك ناکا، دەیتوانی بەو چەشنە وەڵامی داوای ڕەوای ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بداتەوە. ئەو سیستمە دەسەڵاتدارییە کە ئاخووندەکان بانگەوازیان بۆ دەکرد، دەیان کارەساتی دڵتەزێنی دیکەی ـ کە جێگەی باسی ئەم بابەتە نین ـ لێ‌کەوتەوە.

کردەوەی دژی مرۆڤییانەی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ڕاستیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نەیانویستوە و ناشیانهەوێ دێموکراسی سەقامگیر بێ. بۆ نموونە ئەگەر ئەو دێموکراسییەی کە بریتییە لە: دابەشبوونی دەسەڵات، دانانی بە مافە نەتەوایەتییەکان و گۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵات، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بێتەدی و ئیدی هیچ دژبەر و بەرهەڵستکارێك لە کۆمەڵگا بەدی نەکرێ، ڕێژیمە تۆتالیتێرەکانیش ئەو دەسەڵاتە بێ ئەملاوئەولایەیان نابێ و ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان دەست بدەنە کوشتاری نارازییەکانی کۆمەڵگا. ڕێژیمی ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیش لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی فرەیی و لەبەرچاونەگرتنی مافی نەتەوەکان و ئاسمیلەکردنیان، ڕاست وەك فاشیزم و ئیستالینیزم هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران دەکا. ئەو دژایەتییەی هێمای بۆ کرا، پیشان دەدا کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە بەرانبەر واقعییەتی فرەنەتەوەیی لە ئێراندا و پێویستیی دابەشبوونی دەسەڵات و ژیانی ئاشتیخوازانەی ئەو نەتەوانە هەڵ ناکا.

بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای جیهان و ناوچەکە، ڕەوتی ئاشتی‌و دێموکراتیزاسیۆن، کەمڕەنگبوونەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمە سەرەڕۆکان، چوونەسەری ئاستی وشیاری نەتەوەیی خەڵك و پێداگرییان لەسەر دەستەبەربوونی مافەکانیان، چاوەڕوان دەکرێ چیدیکە ئەو ڕێژیمانە نەتوانن بە تۆمەت و ناتۆرەلێدانی جۆراوجۆر ـ کە گەلێك لە مێتۆدەکان بووە ـ درێژە بە ڕەوتی سەرکوت و نکوڵیکردن لە ماف و ئازادییەکانی خەڵك و نەتەوە بندەستەکان بدەن.

ئەگەرچی جینایەتی ٥٩ لاوی مەهاباد، یەکەم کردەوە و دوایین کردەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی نەبووە و نابێ، بەڵام دەکرێ بڵێین یەکێك لە جینایەتە هەرەگەورەی کۆمەڵکوژییەکانی ئەو ڕێژیمەیە کە لە لاپەڕەکانی مێژووی خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەی کورددا تۆمار کراوە و لە بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی دڵتەزێنی خەڵکی کوردستاندا بە زیندوویی و سەربەرزیی دەمێنێتەوە. دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە پاش تێپەڕبونی ٤٣ ساڵ بەسەر دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئیسلامیدا و بەسەرنجدان لە کردەوەکانی ئیدی بۆ هەموو عەقڵێکی سەلیم ڕوون بۆتەوە کە فەلسەفەی وجوودیی ڕێژیم لەسەر بنەمای سڕینەوەی دەنگی جیاواز دامەزراوە و بە هیچ شێوەیەك گۆڕان هەڵناگرێ و تەنیا ڕێگەچارەی بەردەم نەتەوەکانی ئێران ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەیە.

# هەناسە و هەرمانی نەتەوەی کورد، پێشمەرگە

پەیمان ئابجامە



ویل دورانت مێژوونووسی بەناوبانگی ئامریکایی دەڵێ: مادەکان هیچ کات لە خەبات بۆ ئازادی ماندوو نابن. مێژوو بەگشتی، بە دۆست و دوژمنەوە، ئەگەر لە سەر یەک بابەتی پێوەندیدار بە کورد یەکدەنگ بن، ئەویش ئازایەتی و جوامێری ئەو گەلەیە؛ ئازایەتییەک کە وا دەکات کورد بۆ دوژمن سەر دانەنوێنێ، جوامێرییەک کە لە گزی و فێڵ بە دوور بێ و ڕاستیپەروەر بێ و لاواز نەچەوسێنێتەوە.

هەر ئەو خەسڵەتانەش وایان کردووە کە بە درێژایی مێژوو، کورد وەک نەتەوەیەک لە بەرامبەر دوژمنە دڕندەکانی نەتوێتەوە و لە خەبات بۆ ڕزگاری و بەدەستهێنانی ئازادی بەردەوام بێت کە لە سەدەی بیستەمدا ڕۆڵە ئازاکانی ئەو گەلە کە خەبات بۆ ئازادی بەڕێوە دەبەن بە پێشمەرگە ناسێنراون.

ناوی پێشمەرگە زیاتر لە ناوێک وەک نرخ و بایەخێکە کە هەڵگری فەلسەفەیەکی قووڵی ژیانە. تێیدا تاکەکان مانای ژیان بە ڕەهەندە مەعنەوی و عەقڵانییەکەی فێر دەبن و ئەو نرخە بەرزەی مرۆڤایەتی واتە فیداکاری دەکەنە سەرمەشق و سەرچەشنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان. ناوی پێشمەرگە هەر لە کاتی دانانیدا وەک کەسێک کە خزمەتی نەتەوەی خۆی دەکات و ئامادەیە بۆ خزمەت و ئامادەیە فیداکاری بنوێنێت هاتووەتە ئاراوە. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانی کە گیانفیداییەکی زۆری بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان ئەنجام دا، بە قۆناغی زۆر دژواردا تێپەڕ بووە، لە هەر یەک لەو قۆناغانەدا بە شێوازی جۆراوجۆر خەباتی بەردەوام کردووە. کەندوکۆسپ و سەختی پێشمەرگایەتی وای نەکردووە کە هەواری خەبات چۆڵ بمێنێت، دوژمن بەردەوام بەهۆی هەبوونی پێشمەرگە ترساوە و پێشمەرگەش خۆی لە نێو گەلەکەی لە شار و لادێ و لە شاخ و ئاوارەیی بۆ ئەوەی خەبات بەردەوام بکات جێ کردووەتەوە، تاڵی ڕۆژگاری چێشتووە بەڵام نەیهێشتووە دوژمن هەست بە سەرکەوتن و بنبڕکردنی خەباتی کورد بکات، هەروەها کوردیش لە ژێردەستەییدا بە هەبوونی پێشمەرگە هیوای گەیشتن بە ئازادی لە دەست نەداوە و ئەوەش وەک تابلۆی هەرمانی نەتەوەی کورد تا بە ئەمڕۆ بەردەوام بووە.

لە ژیانی پێشمەرگە و لە قۆناغی جیاوازدا دەتوانین تابلۆی گرینگی پێشمەرگە لە خەباتی کورددا نیشان بدەین، کە هەر یەک لەو قۆناغانەش بە جۆرێک شوێندانەرییان هەبووە لەسەر ژیوای کورد. لای پێشمەرگە پیرۆزترین ئامانجەکان، ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری نەتەوەکەیەتی کە لەلایەن دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانەوە بە بیرێکی دژەمرۆیی و دڵ پڕ لە قین لێی ئەستێندراوەتەوە؛ هەر بۆیەشە بەردەوام ڕووبەڕووی پیلانەکانی دوژمن دەبێتەوە و هەرکات دوژمن بۆی ڕەخسابێت ویستوویەتی دەنگی نەتەوەی کورد کپ بکات و بیخنکێنێ، بەڵام ئەوەیکە فیداکاری و هەرمانی نەتەوە نیشان دەدات پێشمەرگەیە کە بە خوێن و بیروباوەڕ و ئیرادەی پۆڵایینی خۆی دەستی دوژمنی دوولەت کردووە و هەناسەی زیندوومان و ژیانەوەی بەخشیوە بە کۆمەڵگای خۆی. ئەم ڕاستییەش لە وتەیەکی بەنرخی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوودا ڕەنگی داوەتەوە کە دەفەرمێ: «پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە.»

ئەو وتە پڕواتەیە، واتە ئەوەیکە پێشمەرگە وەک پێشەنگ بۆ کۆمەڵگای خۆی هەنگاو هەڵدێنێتەوە و هەر بەربەست و لەمپەڕ و ئاستەنگێک وەلا دەنێت، وەک ڕێنیشاندەری خەڵکی خۆی ڕۆڵ و نەخش دەگێڕێت و بێگومانە لەوەیکە هەرکات لەو نرخدانە خۆ ببوێرێ کەرامەتی مرۆڤ و ژیانێکی سەربەستی ژێر پێ دەخات و پیرۆزی ناوەکەی کەم دەبێتەوە.

بێگومان هەستی ئەو نرخانە، هەستی دژایەتی دوژمن، هەستی خەمخۆری بۆ نیشتمان، لە نێو بیر و هزری زۆرێک لە خەڵکی نیشتمانەکەماندا هەیە بەڵام ئەوە پێشمەرگەیە کە ئەو بیر و هزرە پیرۆزە بە کردەوەیی دەکات تا بەدیهێنانیان مومکین بکات. ئەگەر مافی نەتەوەییمان لێ زەوت کراوە، ئەگەر نیشتمانمان داگیر کراوە، ئەگەر ڕۆڵەکانمان لە زیندانن، ئەگەر سامانی وڵاتمان بە تاڵان دەبردرێ، ئەگەر ژیانی لاوێکی کورد بۆ نانی شەو بە بێ سڵبوونەوە وەبەر فیشەک دەدرێ، ئەوە پێشمەرگەیە کە بە کردار لەمپەڕ دادەنێ تا ئەوانە ڕوو نەدەن و بە دژی زەوتکەر دەڕاسێ و بە خەباتی خۆی هەوڵی داهاتوو و ژیانێکی بێ ئەو نادادیانە دەدات. ئەو فیداکارە دەبێ چەند ڕووناکبیر بێت کە بۆ ڕووناک کردنی وڵات بە خۆری ئازادی ئامادەیە گیانی خۆی پێشکەش بکات؟

دەبێ چەند ئازا و چاو نەترس بێت کە ئیرادە و باوەڕی ڕەوای خۆی بەرزتر لە ماشینی ئاسن و تۆپ و تانکی سەرکوتکەر بزانێ؟ دەبێ چەند ڕاستگۆ بێ کەوا بە کردەوە بۆ بیر و هزری مرۆڤانەی خۆی تێدەکۆشێ؟

لە قۆناغی ئێستای خەباتماندا واتە ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە پێشمەرگە لە چیا سەرکەشەکان و شار و لادێ و هەموو قوژبنێکی کوردستاندا دەنگی ئازادیخوازی و هەناسەی زیندوومانەوە و ژیانێکی تەژی لە سەربەستی دەخوازێ بۆ نەتەوەیەک، ئاشکرایە کە دەبێ ئەو تاکە بەرهەڵستکار و شۆڕشگێڕانە زیاتر لە پێشووش هەوڵ بۆ خۆناسین و خۆناساندن بدەن.

ئەوە کە پەیام بە کۆمەڵانی خەڵک دەدات، هەر ئەو پەیام و ئەندێشە سەوزەیە کە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان لە ناخیاندا سەرچاوەی گرت و ئێستاش لە گوێی دوژمنانی کورددا دەزرینگێتەوە و خەوی خۆشی لێ حەرام کردوون، کە پەیامی هیوابەخشی و هەرمانی ڕاسان و بەردەوامی شۆڕشی سمکۆی شکاک، پەیامی ژێکاف و هەناوی ناخی نەتەوەخوازی پێشەوا قازی، پەیامی یەکسانی و ئازادی دوکتور قاسملوو، پەیامی قەڵای باوەڕ و ڕەوای شۆڕشی دوکتور شەرەفکەندی دەدا بە گەل و دوژمن و کە تا ڕزگاری کۆتایی هەر بەردەوام دەبین.

لە سەختترین دۆخی خەبات و تێکۆشان، لە کاتێکدا زەبروزەنگی دوژمن تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە، لە کاتێکدا دوژمن دەیهەوێ شوناسی نەتەوەیی کورد لەنێو بەرێ، لەکاتێکدا دوژمن کوردستانی کردووەتە گۆڕەپانی ژینۆساید بۆ نەهێشتنی داخوازە ڕەواکانی، بۆ ئەوە کە کوردبوون زیندوو بمێنێتەوە و هەر بڵێین ئەی ڕەقیب هەر ماوەقەومی کوردزمان زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان، دەبێ هەبن ڕۆڵەی ئازا و لێهاتوو و بەخشەندە کە هەست بە بەرپرسیارەتیان بەرانبەر گەل و بەخشەندەییان ئامادەی بەخشینی گیانیان بۆ خاک و نیشتمان دەکات، لە شاخەکانی کوردستان دەگیرسێنەوە تێکەڵ بە خاک و بە بەفر و بە شلێری کوێستان دەبنەوە، لە هەوای هەناسەی هەڵۆ هەڵدەمژن و لە لووتکەی مرۆڤایەتی دەژین و دەبنە هیوای ڕزگاری گەلێک.

فەلسەفەی درووستبوون و بەردەوامبوونی هێزی پێشمەرگە کە وەک نرخێکی نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردی لێهاتووە لە فیداکاری بۆ بەرگری و پاراستنی کوردستان و سەربەستی کورد خۆی دەبینێتەوە، ڕێکخەرانی ئەو هێزە سەربازییە لە چوارچێوەگەلێکی دێموکراتیک کە بۆ مافی نەتەوەیی تێدەکۆشن وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێزی پێشمەرگەی، سەرەڕای چالاکییە سەربازییەکانی و هەڵگرتنی چەک، کردووە بە ئاشتیپارێزترین و ڕەواترین هێز لە ناوچە و بگرە جیهانیش بۆ بەدیهێنانی نرخە مرۆڤایەتییەکان و خۆشەویستی لەڕادەبەدەری خەڵک بۆ پێشمەرگە وای کردووە کە لە سەر هەمان فەلسەفە بەردەوام کاروچالاکی بکات و وەک هەناسە و هەرمانی نەتەوەی کورد ناوی دەرکردووە.

# ئەوەی شەقام دەیبینێ و دەسەڵات خۆی لێ گێل دەکات



**نەکەرۆز**

ڕەنگە بۆ خەڵکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران تا ڕادەیەک ئاسایی بێتە بەرچاو کە ڕۆژانە لە سەر شەقامی شارەکاندا تەرمی بێ گیانی تووشبوویەکی ماددە هۆشبەرەکان ببینن؛ یان بەلایانەوە ئاسایی بێت کە لە سەر شەقامدا منداڵێک، ژنێک، پیاوێکی بەساڵاچوو ببینن کە ملی بۆ نێو زبڵدانەکان شۆڕ کردووەتەوە تاکوو یان پاشماوەی خواردنی نێو زبڵدانەکە هەڵبگرنەوە یان کەلوپەلێکی گرانبەهای وەک کارتۆن، پارچەپلاستیکێک یان هەر شتێک کە بتوانن بیفرۆشنەوە هەڵبگرن؛ یان ئاسایی خۆ بنوێنێ کە بە تەنیشت دیوارەکانی شەقامی گشتیدا تێپەڕن و ببینن کەسانێک لە بری وەرگرتنی پارەیەک ئامادە بن بەشێک لە ئەندامانی جەستەیان بفرۆشن یان بەپێچەوانەوە کەسانێک داواکاری کڕینی چەند پارچە جەستەی ئینسانێکی تریان هەبێ؛ بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمەی کە ناوی دەهێنین لە یاساکانی دارستانیش و لە نێو ئاژەڵە (بەناو) وەحشییەکانیشدا جێی نابێتەوە: «فڕێدانی کۆرپەلە و منداڵی خۆت!»

ڕەنگە ئەگەر بمانهەوێ دیاردەگەلی لەم چەشنە ڕیز بکەین زۆر بن؛ بەجۆرێک کە لە تاقەتی ئەم وتارە بەدەر بێ و خوێنەر یان بیسەریش لێی بێزار بێ بەڵام دیسانەوە هیچ لە ڕاستیی ئەو ڕووداوانە کەم ناکاتەوە کە ڕۆژانە ئێمە دەیانبینین.

لەدرێژەی ئەو خەسارە کۆمەڵایەتییە خەمهێنەرانە بیستن و بینینی هەواڵی فڕێدانی منداڵانی ساوا و تازەلەدایکبوو لە سەر شەقامەکان لە ئێرانە کە ئەگەرچی لە ڕابردووشدا هەر هەبووە بەڵام لە ئێستەدا زیاتر و زیاتر بووە و وەک کارناسانی ئەم بوارە دەڵێن لە ئێستەدا دەبێ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چاوی لێ بکەین؛ بۆ نموونە لێکۆڵەرێکی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران ڕایگەیاندووە کە لە ماوەی تەنیا ١٠ ڕۆژدا ٥ هەزار منداڵی تازەلەدایکبوو لە شەقامەکاندا فڕێ دراون!

«محەممەدڕەزا مەحجوبفەر» لێکۆڵەری خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و ئەندامی ئەنجومەنی زانستیی فێرکاری بێهداشت لە ئێران دەڵێ: «بەپێی ئەو ئامارانەی کە ناوەندە دەرمانییەکان خستوویانەتە بەر دەستی لە ڕۆژدا ٢ تا ٢٥٠٠ ئاوڵەمە و منداڵی لەباربراو یان پاش لەدایکبوون لە شەقامەکاندا فڕێ دەدرێن»؛ ئامارێک کە ڕەنگە زۆر لەوە زیاتریش بێت بەڵام هەر ئەوەندەی لە بەردەستدا بووە!.

ئەم دۆخە نالەبارە کۆمەڵایەتییە کە هەنوکە باڵی بەسەر کۆمەڵگای ئێران بەگشتی کێشاوە لەڕاستیدا بۆ دوو هۆکاری یان فاکتی ڕیشەیی دەگەڕێتەوە؛ یەکەمیان پرسە ئابوورییەکان و دووهەم هۆکارە فەرهەنگییەکان (کە ئەم بەشە دەکرێ وەک ژێرکۆمەڵەی پرسە ئابوورییەکانیش لێک بدرێتەوە).

**پرسە ئابوورییەکان**

پڕئاشکرایە کە ئابووری و باری ماڵی و دارایی کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە ژیانی تاک، گرووپ، ڕێکخراو، دەوڵەت و کۆمەڵگای مرۆیی بەگشتی؛ واتە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان گەشەکردن یان پاشکەوتوویی ئاستی ژیان لەگەڵ هەبوون یان کەمبوون و نەبوونی پارە و داهات.

بە دیوێکی تریدا ئەگەر داهاتی تاک یان گرووپ یان کۆمەڵ لە سەرێ بێت یان لانیکەم لە ئاستێکی جێگەی پەسند بێت ئەوا مرۆڤەکانی نێو ئەو کۆمەڵگا لە بوارەکانی جەستەیی و زەینییەوە دەتوانن بوار و بەستێنە پێکهاتووەکان بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و گەشەی تێدا بکەن؛ بەپێچەوانەشەوە ئەگەر باری دارایی و ماڵی ئەو کۆمەڵە کەسە لاواز بێت ئەوا نە لەباری زەینی و نە لە باری عەینییەوە نابێ چاوەڕوانی گەشەکردن و پێشکەوتن بین.

لە زانستی ئابووریدا دوو پێوەر یان دیاردە بوونیان هەیە کە جیا لەوەی خۆیان دەرخەری بارودۆخی ئابوورین، هەڵگری بارێکی مانایی تایبەتن و کاریگەریشیان لەسەر یەکتر هەیە، کە بریتین لە بێکاری و هەژاری؛ بەو واتایە کە بێکاری دەبێتە هۆی هەژاری زیاتر و هەژاری کۆمەڵگاش لە ئاستی کەلان و گشتی دەبێتە لەمپەڕی سەر ڕێگای چێبوونی هەلی کار. هەر ئەمەشە وای کردووە کە بوترێ: «دایکی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان پرسە ئابوورییەکانە!.»

کەواتە بەم لێکدانەوە کورتە دەتوانین بەو ئەنجامە گشتییە بگەین کە یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی دیاردەگەلی وەک فڕێدانی کۆرپەلە لە ئێران بۆ پرسە ئابوورییەکان دەگەڕێتەوە نەک بێبەزەییبوونی دایک و باوکان؛ ئەگەرچی هەژاری و بێدەرەتانیش بۆخۆی ڕێگەخۆشکەرە لەمەڕ بێبەزەییبوون.

**هۆکارە فەرهەنگییەکان:**

ڕەگ و ڕیشەی زۆرێک لەو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە ئێمە لە کۆمەڵگا مرۆڤییەکاندا دەیانبینین، لەوانەش شێوازی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ خەڵکانی تر، منداڵان، ژنان، پیروبەساڵاچوان، کەمئەندامان، ژینگە، ئاژەڵان و ...، لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ باری فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایانە؛ واتە هەر کۆمەڵگایەک لەباری فەرهەنگییەوە (لێرەدا مەبەست تەنیا پاراستنی هەندێ کلتوور و دابی بەجێماو لە نەسڵەکانی پێشوو نییە) کە دەتوانێ خۆی لە دروست بیرکردنەوە، تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی گشتیدا ببینێتەوە، شوێندانەری و کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژیوای ئێستە و ژیانی داهاتووی؛ لێرەدا نموونەیەکی بەرهەست دەهێنینەوە:

وڵاتی ژاپۆن و خەڵکانی نیشتەجێ لەم وڵاتە بە پڕکارترین و لە هەمان کاتدا یەکێک لە خۆشبژێوترین خەڵکانی جیهان دەناسرێن کە تێیدا هاوکات لەگەڵ پاراستنی کلتوورە بەجێماوەکانی ڕابردوویان هەوڵێکی سیستماتیک و بەردەوامیش لەئارادایە بۆ کەڵکوەرگرتنی درووست لە تێکنۆلۆژییەکان و لەکارکردنیان بۆ ئاسایشی زیاتری کۆمەڵگا.

یەکێک لە فەرهەنگە جوانەکانی ئەوان کە بۆ لێفێربوون دەبێت لەڕاستیدا لەسەرێبوونی سەرانەی خوێندنەوەی کتێبە کە لە ئاستی دنیادا کەموێنە و تەنانەت دەتوانین بڵێین بێوێنەیە. یانی ئەگەر دەبینین خەڵک لە وڵاتێکی وەک ئێران ئامادەن چەندین کاتژمێر لە ژێر خۆری تیژدا ڕاوەستن تاکوو شیری سوبسیدی وەربگرن ئەوا لە ژاپۆن خەڵک بۆ وەرگرتن و کڕینی کتێب تیژی ئەو خۆرە تەحەممولْ دەکەن!

هێنانەوەی ئەم نموونە بۆ ئەوە بوو کە بڵێین پێوەندییەکی دینامیک و ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان تێگەیشتنی دروست لەگەڵ گەشەسەندوویی گشتی کە تێیدا ڕێز بۆ هەموو بوونەوەرەکان دادەنرێت، واتە هەرچەندە ڕێژەی گەشەسەندوویی زانستی و سەنعەتی و ماڵی وڵاتێک لە سەرتر بێ هەر بەو ڕێژەیەش ئاستی پێگەیشتوویی فەرهەنگی ئەو خەڵکەش لە سەرترە کە بەپێچەوانەکەشی هەر دروستە.

لێرەدایە کە دەتوانین بەمشێوەیە ئەنجامگیری بکەین کە ئەگەر ئەمرۆکە لە سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین خەڵک نەتەنیا پارچەکانی جەستەی خۆیان دەفرۆشن تاکوو چەند ڕۆژێک زیاتر بتوانن درێژە بە ژیان بدەن، نەک لەبەر پێخۆشبوون یان نەزانی و کاڵفامییان بەڵکوو لە ئەنجامی دۆخێکە کە دەسەڵاتی زاڵ بەشێوەی پلانبۆدانراو و لە ڕاستای سووکایەتی بەردەوام بە کەرامەتی مرۆڤەکانی ئەم سەرزەوینە، هەم لە باری ئابووری و هەمیش لەباری فەرهەنگییەوە، پێیان دەکات و دەیانگەیەنەتە شوێنگەیەک کە ناچار بن چاویان یان گورچیلەیان یان جەرگیان بفرۆشن و بۆ ئەوەیکە تێچووەکانی ژیان لەسەر خۆیان قورس و قورستر نەکەن ئامادە بن کۆرپەلەکەیان کە بەشێکە لە ناخ و بوونیان فڕێ بدەن و تاهەتایە بە دەست ئازاری ویژدانییانەوە بناڵێنن؛ ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە هەم شەقام و هەم دەسەڵات دەیبینن بەڵام دەسەڵات بەردەوام خۆی لێ گێل دەکات.

# خێڵی درۆ و دەهۆڵی بۆش

**بیریار**

**ـــ یەک**

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی بانەمەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، «بینیامین نیتانیاهوو»، سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئیسڕائیل دەچێتە وەزارەتی بەرگری وڵاتەکەی و کۆمەڵێک بەڵگەی هەستیار و نهێنی وزەی ناوکی ئێران، دەخاتە بەر دەستی ڕۆژنامەڤان و ڕاگەیەنەرەکان.

ئەم بەڵگە نهێنییانە بە شەو و لە کاتێکدا ٦ کاتژمێر و ١٣ خولەکی ماوە بۆ داندراوە، لەلایەن «مووساد»ەوە، لە ئەمنییەتیترین ناوەندی بایگانیی کە لەژێر چاوەدێری توندی «حەراسەتی سپای پاسداران»دان، دەستیان بەسەردا دەگیرێ و ڕەوانە ئورشەلیم دەکرێن. قەبارەی ئەم بەڵگەنامانە بە زیاتر لە نیو تۆن واتە ٥٠٠ کیلۆ مەزەندە کراوە و لەخۆگری ٥٥ هەزار لاپەڕە و ١٨٣ هەزار CD دیجیتاڵین و تۆماری لێکۆڵینەوە ناوکییەکانی کۆماری ئاخوندی و پڕۆژەی ناسراو بە «عیماد» دەکەن، کە ئاخوندەکان بە دزی و بە دوور لە چاوی کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسی وزەی ناوکی خەریکی پەرەپێدانیین.

بە باوەڕی نیتانیاهوو، مەبەست لەم گەڵاڵە شاراوەیەی کۆماری ئاخوندی، سازکردنی کڵاوەی ناوکییە کە هەر یەکیان توانای نیزیکەی ٥ بۆمبیی ناوکییان هەیە کە لە هیرۆشیمادا کەڵکیان لێوەرگیراوە. ئەو کڵاوانە، وا بڕیارە لەسەر مووشەکی شەهابی ٣ دابندرێن و تێلاویڤیان پێ مووشەکباران بکرێت.

هەر لەو کاتەدا مووساد، بەڵگەگەلێکی زۆری دەست کەوتبوو کە دەسەڵاتدارانی ئێران، لەڕێگەی دیپلۆمات تێرۆریستەکانییەوە لە ئاژانسی وزەی ناوکییان دزیبوو تا بە خوێندنەوەی ورد بتوانن شوێن و بنکە و بارەگا نیزامیی و ناوکییەکان بگۆڕن و شوێنەونکەیان پێبکەن و بە خوێندنەوەی پرسیارەکانی ئاژانس، باش بتوانن وڵامی پشکنێرەکانیی بدەنەوە و بەلاڕێیاندا بەرن. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ١٨ پرسیاری سەرەکی ئاژانس بکەین کە وا بڕیار بووە بۆ شەفافسازیی لە کاربەدەستانی پێوەندیداریی ئاخوندی بکرێت.

**ـــ دوو**

لە حەوتووی ڕابردوودا، ڕۆژنامەی «والئیستریتژوورناڵ»، وتارێکی بڵاوکردەوە کە ئاماژە بە دزینی بەڵگە نهێنییەکانی ئاژانس، لەلایەن کۆماریی ئاخوندییەوە دەکات کە دواتر دەزگای مووساد، لەڕێگەی عەمەلیاتێکی زۆر بەرنامە بۆداڕێژراوەوە دەیانهێنێتەوە ئیسڕائیل: «ئێران، دەستی گەیشتووەتە زانیارییە نهێنییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی و وزەی ناوکی.»

والئیستریتژوورناڵ، لە وتارەکەیدا باس لەوە دەکات کە بەپێی بەڵگەگەلێک کە بنکەیەکی هەواڵگریی یەکێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دژی گەڵاڵە ناوکییەکانی ئێرانە و ئەم هەواڵنێرییەش لێکۆڵینەوەی بۆ کردووە، ئێران نیزیکەی دوو دیە لەمەوبەر، دەستی وەبەڵگە نهێنییەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ڕاگەیشتووە و داویە بەدەست ئەو نیزامییە باڵادەستانەی خۆی، کە بەرپرسی شاردنەوە و دێزەبەدەرخۆنەکردنی چالاکییە گوماناوی و شاراوەکانی ئێرانن لە بواری بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیدا.

بەوتەی ئەم بڵاوکراوەیە، بەڵگەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی و بەڵگەهاوپێچکراوەکان بە زمانی فارسی، تاکتیکی ئێرانییەکانە و دەیسەلمێنێ لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ پشکێنەرەکانی ئاژانس ویستوویانە کەڵکیان لێوەربگرن تا بەلاڕێیاندا بەرن.

بەرپرسانی هەواڵگریی ئەم وڵاتە کە نەیانویستووە ناوەکانیان ئاشکرا بکرێت، وتوویانە: بەڵگە نهێنی و هاوپێچکراوی ئێرانییەکان، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٦ خراونەتە بەردەستی کاربەدەستە باڵاکانی نیزامی، ناوکی و بەرپرسانی ڕەدەباڵای دەوڵەتییەوە.

«دەیوید ئالبرایت»، سەرۆکی دامەزراوەی زانست و تەناهیی نێونەتەوەیی و پشکێنەری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەمبارەوە وتوویەتی کە دەست ڕاگەیشتنی ئێران بەم بەڵگە هەستیارانە «ژێرپێخستنی ئەمنییەتیی نێوخۆیی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکییە» و واچاکە ئێران دان بەم بابەتەدا بنێ کە ئاژانس، پێشتر پێی زانیوە. (واتە چیتر بەدزی کاری وزە ناوکییەکانی نەباتە پێش).

بەپێی ئەم ڕوومالەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، ئەوانەی ئێران دەستی وێڕاگەشتوون، (واتە دزیونی)، بەشێک لەم ١٠٠ هەزار بەڵگە و کەیسانەن کە لە لایەن ئیسڕائیلەوە لە ژانوییەی ٢٠١٨ـی زایینیدا لە ئێران وەدەرخراون. ئەو بەڵگانە یادداشت، پاشکۆی دەستنووس بەزمانی فارسیشیان تێدایە.

لە زۆربەی ئەم بەڵگەنامانەی لە لایەن واڵئیستریتژوورناڵەوە، لێکۆڵینەوەیان بۆکراوە، کاربەدەستانی ئێرانی ئاگاداریی و زانیارییان لە شێوەی پشکنینی، پشکێنەرانی ئاژانس پەیدا کردووە و بۆ بەلاڕێدابردنی ئەوان کەڵکیان لێوەرگرتووەتەوە.

**ـــ سێ**

چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا و لە میانەی بەشداریی حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهییان، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئاخوندی لە کۆڕبەندی ئابووری «داڤووس»، کە لە وڵاتی «سوئیس» بەڕێوەچوو، «فەرید زەکەریا»، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەتوانای هیندی - ئامریکایی، ئەمیرعەبدوڵڵاهییانی ڕووبەڕووی پرسیارێکی هەستیار لەسەر ڕوومالەکەی والئیستریتژوورناڵ و دزینی ئەو بەڵگەنامانە کردەوە.

ئەمیرعەبدوڵڵاهییان وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی و ئەربابەکانی، بە زمانێکی لەرزۆک، لەجێگەی وڵامدانەوە دەستی کرد بە «فرافکنی» و وتی: «ئەوە درۆی زایۆنیستەکانە کە نایانهەوێ ئێران و ئامریکا لە بەرجامدا بە ئاکام بگەن».

لەدوای وتەکانی ئەمیرعەبدولاهییان، «نەفتالی بێنێت»ی سەرۆکوەزیرانی ئیسڕائیل لە تویتێکدا کە وتەکانی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئاخوندیشی هاوپێچکردبوو، گاڵتەجاڕانە و بەپێکەنینەوە، بەشێکی زۆر لەم بەڵگەنامانەی خستەڕوو کە لەبەر دەستی ئیسڕائیلدان و ئێران لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٦ لە ئاژانسی وزەی ناوکی دزیبوونی تا پشکێنەرانی ئاژانس بەلاڕێدا بەرن و هەڵیانخەڵەتێنن و بەدوور لەچاوی بیروڕای جیهانی و ئاژانس، بە ئاواتە چەپەڵەکانیان بگەن و لە پیتاندنی ئۆرانیۆمدا سەرکەون و دەستیان وە وزەی ناوکی ڕابگات.

بەپێی هەواڵی هەواڵدەرییەکان، ئەو بەڵگانەی نەفتالی بێنێت ئاشکرای کردوون زیاتر لە ١٠ گیگابایت واتە سەدان لاپەڕەن و چەند وێنەیەکیشی لە گوگێڵدرایودا داناوە. هەروەها ١١٤ لاپەڕە بەڵگەی نهێنی ئاژانس کە دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئاخوندی لە ئاژانسیان دزیوەتەوە.

دیارە بەشێکی‌تر لە بەڵگە دزراوەکان پێوەندییان هەیە بە ئاوی قورسی ئەراکەوە کە ئاژانس لێی بەگومانە و بڕیارە دووبارە پشکنینەوەی بۆ بکرێ.

نامەگۆڕینەوەی فەخریزاد لەگەڵ کەسێکی‌تر لە سەر شەریکەیەک بەناوی «کیمیا مەعدەن»، یەکێکی‌تر لە بەڵگەکانی «نەفتالی بێنێت»ە. ئەم شەریکەیە لە بواری بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆم چالاکی هەبووە. لەولاشەوە بە فەخریزاد دەڵێن کە ئاژانس گومانی لەسەر «کیمیا مەعدەن» هەیە و دەبێ بەپەلە داستانێکی دروستکراوی جێگەی باوەڕ چێبکرێت تا باوەڕمان پێبکەن. بە فەخریزاد ڕادەگەیەنن کە دەبێ مێژووی هەڵوەشاندنەوەی «کیمیا مەعدەن» بگۆڕدرێت تا بتوانین بە ئاژانس ڕابگەیەنین کە ئەم شەریکەیە سەر بە کەرتی تایبەتە و تێکۆشانەکانی هیچ پێوەندییان بە کاری نیزامیی و ناوکییەوە نییە.

وێنەیەک لە ژووری تەقینەوەی «پارچین»، یەکێکی‌تر لە بەڵگەکانە، کە بۆ تاقیکردنەوەی ناوکی کەڵکی لێوەرگیراوە.

ناوی چەند کەسیش لە بەڵگەنامەکاندا دەبینرێن، جگە لە فەخریزاد، حەسەن فیروزئابادی، عەلی شەمخانی و ئەحمەد وەحیدی، کە ئەمانەش وەک بەرپرس و ڕێگەخۆشکەری گەڵاڵە بۆگەنە ناوکییەکەی کۆماری ئاخوندی دێنەئەژمار.

ئەوەیە ماهییەتی سیستمێک کە بناخەکەی لەسەر درۆ دامەزراوە و بەم شێوەیە تەواوی دەست و پێوەندەکانی لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بن، دەبێ ڕووڕەشانە درۆ لەگەڵ بەرامبەرەکەیان بکەن.

هەرچەند تەقییە و درۆ بەشێکی دانەبڕاوەی ڕەفتاری ئاخوندەکانە، بەڵام لە دونیای سیاسەت و لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان بەم پێوەرە جووڵانەوە، بەڕاستی تەنیا سەرشۆڕییە و هیچی‌تر!!

# ڕۆستەم جەهانگیری:

## کۆماری ئیسلامی چاک دەزانێ گاڵتە بە حیزبی دێموکرات ناکرێت، باجی خۆی هەیە!

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی




بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکان، پیلانی تێرۆرکردنی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن یەکەی ٨٤٠ی لقی قودسی سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە، ئاشکرا کرا.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، یەکەی ٨٤٠ی سپای تێرۆریستی قودس بە هاوکاری لەگەڵ چەند جاشی خەڵکی ورمێ، یەک لەوان «مەنسور ڕەسووڵی و لوقمان ڕەسووڵی» لە هەوڵی بەڕێوەبردنی پیلانی تێرۆرکردنی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و «ڕۆستەم جەهانگیری» بەرپرسی دەزگای چاوەدێریی ئەو حیزبە بوونە.

مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ، میدیاکانی ئیسرائیل باسیان لەوە کرد، لەنێو خاکی ئێراندا لێپرسینەوە لە «مەنسوور ڕەسووڵی» بەکرێگیراوی سپای پاسداران خەڵکی گوندی «هاشم ئاباد» سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ کراوە کە دانی بەوەدا ناوە کە پیلانی چەندین تێرۆری ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە بەڕێوە ببات.

سەرچاوەکانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە ورمێ ڕایانگەیاندبوو کە لێپرسینەوە لە مەنسوور ڕەسووڵی، ١٤ مانگ پێش لە بەمیدیاییکردنی ئەو بابەتە لە ورمێ ئەنجام درابوو و ناوبراو هەروا لەژێر چاوەدێریی وەزارەتی ئیتلاعات لە ماڵێکی ئەمن بەسەر دەبات.

یەکەی ٨٤٠ی لقی قودسی سپای تێرۆریستی پاسداران بە شێوەی نهێنی دامەزراوە، ئەرکی ئەو لقەی سپای پاسداران بەرنامەدارشتن و بەڕێوەبردنی هێرشی تێرۆریستی لە دەرەوەی ئێران دژی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژاواییە.

بەشێک لە پیلانەکانی ئەو یەکە تێرۆریستییەی سپای پاسداران لە سێ بەشی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقا»، «قەفقاز و ئاسیا» و هەروەها «ئورووپا و ئامریکا» دابەش کراوە و لە ساڵی ڕابردوودا زۆرێک لە چالاکییە تێرۆریستییەکانی ئەو یەکەیە ئاشکرا و پووچەڵ کراوە.

لەو وتووێژەدا لەگەڵ کاک «ڕۆستەم جەهانگیری» بەرپرسی دەزگای چاوەدێری و بەدواداچوونی حیزبی دێموکرات دەپەرژێینە سەر ئەم مژارە:

**ـــ تۆڕەکانی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە چ ڕێگاگەلێکەوە و بە چ شێوەیەک کار دەکەن؟**

ئەسڵی بناغەی کۆماری ئیسلامی لەسەر تیرۆر و کوشت و کوشتار و وەحشەت دروست کردن، لەمەیدان هەڵگرتنی ڕکەبەرەکانی خۆی یان باشترە بڵێین نەیارانی خۆی دارێژراوە، چونکە هەمیشە لە ترسدایە و دوای زیاتر لە چوار دەیە هێشتا باوەڕی بەخۆی نییە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە لە ئێستەدا هیچ پێگە جێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و لەو نێوانەشدا بەتایبەتی گەلی کورد نییە؛ ئەمە ڕاستییەکە کە هەم خەڵک لێی ئاگادارە و هەمیش خودی کۆماری ئیسلامی. کەوابو دەیهەوێت بە زەبروزەنگ و کوشتوکوشتار و زیندانی کردنی ئازادیخوازان لە نێوخۆی وڵات، و هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش خەباتکارانی ڕێکخراوەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی بە تیرۆر لە مەیدان وەدەر بنێ.

بەدرێژایی مێژوو و تەمەنی کۆماری ئیسلامی، ئێمە ئەو شێوە کارەمان لێ دیتووە. بەداخەوە ئەگەرچی دادگای میکۆنۆس کە لەسەر تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی ئێمە لە ئاڵماندا پێک هات و کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا مەحکوم کرا و بەهۆیەوە هێندێک لە خێرایی ماشینی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کەم کرایەوە بەڵام لە باشووری کوردستان و لە ناوخۆی وڵات تیرۆر و ئێعدام بە بێ ڕاوەستان درێژەی پێدرا،بەچەشنێک کە لەو ساڵانەی دواییدا ئێمە جارێکی دیکە دەبینین کە لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە ئورووپا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیسان دەستی کردووەتەوە بە تێرۆر و تۆقاندن و ڕفاندنی جیابیر و دژبەرەکانی خۆی.

لەوەش زیاتر بەئاشکرا و بە بێ شەرم هێندێک جار، بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوییەوە ڕادەگەیەنێ کە سەربازانی گومنامی ئیمامی ئاخرزەمانەکەیان ئەنجامیان داوە. بەداخەوە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریی وڵاتان و بێدەنگیان مەیدانی تیرۆری بۆ کۆماری ئیسلامی ئاوەڵا و خۆش کردووە. هێزە ئیسلامییەکانی سەر بە ڕێژیمی تاران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک حیزبوڵای لوبنان و حەشدی شەعبی و هێزە نیابەتییەکانی لە عێراق و سوریە و هێندێک جاریش لە نێو کوردە خۆفرۆشەکانی ناوخۆی وڵات کەڵک وەردەگرێ.

**ـــ -یەکەی ٨٤٠ی لقی «قودس»ـی سپای تێرۆریستی پاسداران چییە؟ چەندە زانیاریتان لەسەری هەیە؟**

یەکەی ٨٤٠ی لقی قودسی سپای تیروریستی پاسداران، دەزگایەکە کە بۆ بەڕێوەبردنی ماشینی تیرۆر لەدژی خەباتکاران و ئازادیخوازانی گەلانی ئێران و سەرانسەری ئێران پێک هاتووە؛ لە هەموو وڵاتان چالاکە و بەداخەوە لە هێندێک لە وڵاتانیشدا چاوپۆشی لە کاروکردارەکانی دەکرێت و بگرە هێندێک جاران هاوکاری و ئاسانکاریان بۆ دەکرێت. ئێمە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی خۆمان دەتوانین عێراق و سوریە و لوبنان و فەلەستین بەنمونە بێنینەوە؛ سەیر کەن موشەکبارانی بنکەوبارگاکانی حیزبی دێموکرات لەم چەند ساڵەی دواییدا لە هەرێمی کوردستان و موشەکبارانی شاری هەولێر لە زستانی ڕابردوودا و هێرش و موشەکبارانەکان بۆ سەر باڵوێزخانە و کونسولخانەکانی وڵاتان لە عێراق! هەموو ئەوانە بە ئێمە دەڵێن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی ئاواڵا کراوە.

چونکە تەنانەت دژکردەوەیەکی ئەوتۆ نیشانی کۆماری ئیسلامی نەدراوە کە ئیحساس بکات ئەگەری تۆڵەکردنەوەی لەئارادایە و بەم شێوەیە ترسێکی لێ بنیشێ.

لەم نێوانەدا تەنیا دەوڵەتێک کە بە ئاشکرا و بە تەنێ دژکردەوەی نیشان داوە، وڵاتی ئیسرائیلە، کە هەم لە ناوچە و هەم لە ناوخۆی ئێران لە دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی و لە مۆرەکانی سپای پاسدارانی داوە.

هەتا ئێستا ئێران نەیوێراوە و نەیتوانیوە باسی بیکات یان تۆڵە بکاتەوە؛ بۆیە ئێران لە ناوچە و بگرە لە دونیاشدا حیساب بو دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات و خوی لێ لادەدات.

**ـــ سپای قودس بۆ بەڕێوەبردنی هەندێک لەو هەوڵە تێرۆریستییانە لەدژی ئێوە کەڵکی لە بەکرێگیراوێکی خۆی بە ناوی «مەنسوور ڕەسووڵی» وەرگرتووە، لەسەر ئەم کەسە چەندە زانیاریتان هەیە و ئایا پێشتر ئاگاداری ئەو پیلانەی ڕێژیم بوونە؟**

بەڵێ ڕاستە، مەنسور ڕەسوڵی خاوەنی باندێکی بڵاوکردنەوە و قاچاخی ماددەی سڕکەرە، ئەوەیکە هەتا ئێستا لەسەر ئەم پیشەیە واتە فرۆشت و ڕاگواستنی ماددەی سڕکەر نەگیراوە و سزا نەدراوە دەریدەخات کە باندەکە کە بە ئیستلاح بەناوی مەنسورە، دەبێ سەر بە دەزگای ئیتلاعات و سپای پاسداران بێت. چون کۆماری ئیسلامی زۆرجاران مانۆر لێدەدا کە لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان بەربەرەکانی دەکات، بەڵام لەوبارەوە و چەندین حاڵەتی دیکەی هاوشێوەش دەبینین کە نەک بەرخوردی پێناکەن، بەڵکوو هاوکاریشیان دەکەن.

مەنسور لە تایفەی هەرکییە لە مەرگەوەری ورمێ؛ لە گوندی هێشماوێ دادەنیشێت یان باشترە بڵێین خەڵکی ئەم گوندە بوو بەڵام ئێستا لە شارەکانی ورمێ و تاران دادەنیشێت.

لە بنەماڵەی ئەم کەسە چەندین چەکداری ڕێژیم بوونیان هەیە کە لە شەڕی کوردستاندا هێندێکیان بەدەستی پێشمەرگە کوژراون و کەسانێکیشیان هەیە کە بەپێچەوانەوە زۆر شۆڕشگێڕ بوون و لەدژی داگیرکاری ڕێژیم وەستاونەتەوە و شەهیدیشیان داوە بۆ ڕزگاری کوردستان؛ بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش هێندێکیان هەر چەکداری ڕێژیمن.




**ـــ لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا بۆچی کادر و ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکرات ئامانجی سەرەکیی دەزگای تێرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوونە؟**

لە وڵامی ئەم پرسیارەتاندا دەبێ بڵێم، کۆماری ئیسلامی بەداخەوە لە بەربەرەکانێی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و گەلانی ئێراندا توانی یەک لەدوای یەک ئەوان لە مەیداندا هەڵبگرێ یان لەنێویان ببات بەڵام نەیتوانی ئەم کارە لەگەڵ حیزبەکانی کوردستاندا بکات و وەک چۆن دەڵێن تەنیا پاژنەی ئاشیلی کۆماری ئیسلامی کوردستانە.

لە کوردستان حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و ئازادیخوازی لائیک و دێموکرات هەبوون و هەن کە خاوەنی نفووز و پێگە و جێگەی تایبەتین لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا؛ هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە کە دەبینین، کوردستان لەگەڵ بنیاتی کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دژایەتی کردووە و دژایەتیش دەکات.

هەر لە یەکەم ڕێفراندۆمەوە بگرە کە ساڵی ٥٨ بەڕێوەچوو تا سیستمی حوکمڕانی داهاتووی ئێران دیاری بکرێت، گەلی کورد بە پێشەنگایەتی ڕێکخراوە سیاسی و ئازادیخوازەکانی، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەو کۆماری ئیسلامیان گوت نا! هەربۆیە کۆماری ئیسلامی غەرەز و قینێکی مێژوویی لە کورد و بەتایبەتی لە حیزبی دێموکرات لەدڵدا هەبووە وهەیە. وەک بینیشمان چونکە کۆماری ئیسلامی ئەم هەڵوێستەی گەلی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەزانی، بۆیە هەر زۆر زوو هێرشی کردە سەر کوردستان .

تا تۆڵەی خۆی بکاتەوە؛ دژکردەوەیەک کە هەتا ئێستەش هەر بەردەوامە و هێرشەکانی دواتریشی بۆ سەر ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە؛ بەکورتی بەرحەقبوونی ئایدیا و سیاسەتەکانی حیزبە کە وای کردووە کۆماری ئیسلامی وەها بە هیستریایی بەرامبەر بە کورد بجوڵێتەوە.

خەلکی کوردستان بە ڕێبەری حیزبی دێموکرات لەهەمبەر هێرشی دوژمنانەی کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانێیان کرد و توانیان زەبری گورچکبڕ لە هێزە هێرشکەرەکان بوەشێنن. لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نوێنەری ڕاستەقینەی ویستەکانی گەلی کوردە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا مقاومەت دەکەن.

کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە ئەو جۆرەی کە دەیهەوێ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی قایم لە نێو جڤاکی کوردستاندا بۆ خۆی مسۆگەر یا دروست بکات، ئەوەش هەمووی لە مەیدانداری حیزبی دێموکرات دەزانێ، بۆیە بە درێژایی تەمەنی خۆی لە هیچ پیلانێکی گڵاو دژ بەم حیزبە خۆی نەبواردووە.

ئەم حیزبە دوو سکرتێری بەناوبانگی وەک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور محەممەدسادق شەرەفکەندی و دەیان کادری ڕێبەری و بە سەدان کادری باڵا و بە هەزاران پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی خۆی فیدا کردووە بەڵام هەر لە مەیدانی خەباتدا ماوەتەوە، زۆر خاوەنڕا و چالاکی سیاسیش لێکدانەوەی ڕاستی و دروستی ڕێبازی حیزبی دێموکراتیان تەئید کردووە و دەبینین کە ئەم حیزبە لە لێکدانەوەکانیدا لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی قەت تووشی تەوەهووم نەبووە بەڵکوو کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرەی کە هەیە ناسیوە و بەکردەوە و بە هێزەوە لە بەرامبەریدا ڕاوەستاوە.

ئێستاش کە گەلی کورد لەم قۆناغەدا لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا یەکدەست و یەکدەنگە بە باوەڕی من، لەگەڵ ڕێزم بۆ خەباتکارانی ڕێکخراوەکانی دیکەی هاوسەنگەر و هاوپەیمان، ئەوە پشکی هەرەزۆری ئەم خەباتە و ڕۆڵی سەرەکی لەم خەباتە وەبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتووە؛ بۆیە هەمیشە ترسی لە هێزی کورد و حیزبی دێموکراتە، چون هەروەک گوتمان حیزب زۆر جیددییە لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا؛ هەر ئەمەشە وای کردووە کە هەمیشە ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە لە مەترسیی تیرۆری کۆماری ئیسلامیدا بن.

کۆماری ئیسلامی چاک دەزانێ گاڵتە بە حیزبی دێموکرات ناکرێت، باجی خۆی هەیە، حیزبی دێموکرات لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دانوستان ناکات و ئازادی و دێموکراسی و مافەکانی مروڤیش بۆ هەمیشە بوونەتە پڕەنسیپی نەگۆڕی ئەم حیزبە.

# هەڵپەرتاوتنی دارستانی هزر
# پێویستیی گرینگیدان بە تێفکرینی ڕەخنەگرانە

دکتور مستەفا مەلیکیان

وەرگێڕانی ڕەهبەر مەحموودزادە



لە باسی تێفکرینی ڕەخنەگرانەدا باشتر وایە سەرەتا بزانین تێفکرینی ڕەخنەگرانە پێوەندی بە کامە بواری مەعریفی لە زانستە ئینسانییەکانەوە هەیە. هەموو لقەکانی خوێندن یا ئەوەی دیسیپلینی پێ دەگوترێ بە سەر سێ دەستەی گەورەدا دابەش دەبن کە بریتین لە لقەکانی «زانستی»، «تەکنیکی» و «هونەری». لە هێندێک لەم لقانەدا یەکەمین هەوڵ ناسینی جیهانی بوون بە بەربڵاوترین مانای خۆی و ئاگاداربوون لەو شتانەیە کە ڕوو دەدەن بەڵام لە هێندێک لقی تردا ئامانجێکی لەم چەشنە ڕەچاو ناکرێ بەڵکوو ئامانج ئەوەیە گۆڕانکارییەک لە جیهانی بووندا وەدی بێ.

ئێمە لە لقە زانستییەکاندا هەر بۆیە جیهان دەناسین هەتا ناسیبێتمان بەڵام لە لقە تکنیکی و هونەرییەکاندا بۆیە جیهان دەناسین هەتا ڕێگای وەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لە جیهاندا تەخت بکەین. لە لقە تکنیکی و هونەرییەکانیشدا ئامانجەکانی گۆڕینی جیهان جۆراوجۆرن؛ بەم مانایەی لە لقە تکنیکییەکاندا گەرەکمانە بۆ دروستکردنی ئەو کەرەستانەی دەمانگەیەنن بە ئامانجەکانمان گۆڕانکاری لە جیهاندا وەدی بهێنین بەڵام لە لقە هونەرییەکاندا دەمانەوەی زێدە جوانییەکی تر بخەینە سەر جوانییەکانی جیهان یان بە لێکدانەوەیەکی ڕەشبینانە بڵێین شتێک لە ناحەزییەکانی جیهان کەم کەینەوە بەڵام لە کۆتاییدا لقە تکنیکییەکانیش و لقە هونەرییەکانیش گۆڕانگاری لە جیهاندا وەدی دەهێنن.

چەمکی «وەدیهێنانی گۆڕانکاری» لەگەڵ چەمکی «کردەوە« خاوەنی میسداقێکی هاوبەشن. وەدیهێنانی گۆڕانکاری بەمانای شاندانە بەر کردەوەیە و شاندانە بەر کردەوەش بەمانای وەدیهێنانی گۆڕانکارییە. مەحاڵە کردەوەیەک وەدیهێنی گۆڕانکاری نەبێ و گۆڕانکارییەکیش لە ڕێگای شاندانە بەر کردەوەیەکەوە وەدی نەیێ. کەوایە زانستە تکنیکی و هونەرییەکان ئەوان زانستانەن کە ئامانجەکەیان «کردەوە«یە بەڵام دەستەی یەکەمی زانستەکان واتە زانستە تیۆرییەکان ئەم زانستانەن کە ئامانجی دواییان کردەوە نییە بەڵکوو «تیۆری ڕووت»ە.

کەرەستەیەکی بەکەڵک بۆ ڕاییکردنی پرسەکان یا لابردنی گرفتەکان

لەسەر بنەمای هێندێک گرێبەستی گریمانەییەوە لە لقە زانستییەکاندا هەرچی پرسیارە «پرسێک»ە کە پێویستی بە «ڕاییکردن» هەیە و لە لقە تکنیکی و هونەرییەکانیندا هەرچی «گرفت»ە پێویستی بە «لابردن» هەیە. کەوایە بەگشتی لە کۆی دیسیپلینە بەشەرییەکاندا ئێمە یا لەدوای ڕاییکردنی پرسەکانین یا بە شوێن لابردنی گرفتەکانەوەین. یەکەمین خاڵ کە لەمەڕ «تێفکرینی ڕەخنەگرانە»وە دەبێ بیڵێین ئەوەیە کە لە هەر دوو شوێندا واتە لە لقە زانستییەکانیشدا و لە لقە تکنیکی و هونەرییەکانیشدا کەڵکی خۆی هەیە. بە دەربڕینێکی تر دەکرێ بڵێین ئەگەر من پسپۆری زانست بم یا ڕەخنەگری زانست، پسپۆری تکنیک بم یا ڕەخنەگری تکنیک، هونەرمەند بم یا ڕەخنەگری هونەر، لە هەر سێ پێوداندا تێفکرینی ڕەخنەگرانە کەرەستەیەکی ئەوتۆیە کە نەک هەر بۆ من بەکەڵکە بگرە تا ئەو ڕادەیەش پێویستیی بۆ من هەیە کە بەبێ ئەو کەرەستەیە من نە دەبم بە زانایەکی گەورە و نە دەبم بە تکنیسییەنێکی لێهاتوو و نە هونەرمەندێکی مەزنیش.

## جۆرەکانی تێفکرین

خاڵی دووهەمی شیاوی لێکدانەوە ئەوەیە کە لە سۆنگەی ئەوەی تێفکرینی ڕەخنەگرانە لە وڵاتی ئێمەدا پێشینەیەکی ئەوتۆی نییە، هێندێک جار دیتوومانە کەسانێک بەچەشنێک دەدوێن کە وا دیارە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئاوەڵناوی «ڕەخنەگرانە« یا «ڕەخنەیی» بۆ تێفکرین ئاوەڵناوێکی بایەخدەرانەیە؛ وەک ئەوەی بڵێین تێفکرینی ڕەخنەیی واتە تێفکرینی چاک و ئەگەر شێوە تێفکرینێک ڕەخنەیی نەبێ، تێفکرینێکی باش نییە. تەنانەت لە دەقی هێندێک نووسەرانماندا لەمەڕ کەسێکەوە کە خاوەنی تێفکرینی ڕەخنەییە گوتوویانە چاک بیر دەکاتەوە و مامۆستای بواری بیرکردنەوەیە. لەم دۆخەدا سروشتییە ئەگەر کەسێک تێفکرینێکی ڕەخنەگرانە لەکار نەکا مانای ئەوەیە خاوەنی تێفکرینێکی لاواز و لەرزۆکە. بۆچوونێکی لەم چەشنە، بەتەواوی ناڕاستە. تێفکرین شەش جۆری هەیە و جۆرێکیشی یا بەو شێوەی ڕوونی دەکەینەوە ئەوپەڕەکەی دوو جۆری تێفکرینی ڕەخنەگرانەیە.

### ١. تێفکرینی توێژەرانە

یەکەمین جۆری تێفکرین کە مرۆڤ خاوەنییەتی تێفکرینی توێژەرانەیە. ئەم شێوە تێفکرینە لە بواری توێژینەوەدا بەکار دەهێندرێ و توێژینەوەش هەر بە تەنیا لەو شوێنەدا دەکرێ کە ئێمە بە هیچ کلۆجێک شێوەی ڕاییکردنی پرسێک یا لابردنی گرفتێک نازانین و توێژینەوەی ئێمە بە نەزانینی تەواوەوە دەست پێدەکا. تێفکرینی توێژەرانە دەربارەی کەسێک مانا پەیدا دەکا کە پرۆسەی توێژینەوەی دەست پێ کردووە و ئەم لێکدانەوەیە جوداوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی کەسێک خۆی ئاگادارە شێوەی ڕاییکردنی پرسێک یا لابردنی گرفتێک نازانێ و وێکەوتووە هەتا بیدۆزێتەوە.

### ٢. تێفکرینی ئیستدلالی

جۆری دووهەمی تێفکرین، تێفکرینی ئیستدلالییە. لەم جۆرە تێفکرینەدا شێوەی ڕاییکردنی پرسێک یا لابردنی گرفتێک دەزانین بەڵام بەردەنگەکەی ئێمە نایسەلمێنێ. لەم دۆخەدا ئێمە بە بەڵگەهێنانەوە (ئیستدلال) دەریدەخەین کە شێوەی ڕاییکردنی پرسەکە یا لابردنی گرفتەکە هەر ئەوەیە کە ئێمە دەیڵێین. بە دەربڕینێکی تر بەڵگەهێنانەوە بۆ دەرخستنی ئەو بابەتەیە کە وڵامی ئێمە بەو پرسیارەی ورووژاوە وڵامێکی دروستە.

### ٣. تێفکرینی ڕەخنەگرانە

جۆری سێهەمی تێفکرین، تێفکرینی ڕەخنەگرانە یا ڕەخنەییە. لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا هەنگاوێک بەرەو پێشتر هەڵدەگرین. لەم شێوە تێفکرینەدا ڕێگای ڕاییکردنی پرسێک یا لابردنی گرفتێک ڕانراوە، بە بەڵگەهێنانەوەش دەرمانخستووە کە ئەو ڕێگایە بێئەملاوئەولا وڵامی پرسیارەکەیە بەڵام بەردەنگی ئێمە لە بەڵگەهێنانەوەکەماندا یا لە یەکێک لە پێشەکییەکانی بەڵگەهێنانەوەکەدا یا لە یەکێک لە هەنگاوەکانی بەڵگەهێنانەوەکەدا، یا لە یەکێک لە پێشگریمانەکانی بەڵگەهێنانەوەکەدا دەمەتەقە دەکا. لەم دۆخەدا دەمەتەقەکار (واتە بەردەنگ) ڕەخنەکاریی ئێمە دەکا و لە پێگەی ڕەخنەکاریدا تێفکرینی ڕەخنەگرانەی خۆی دەکار دەکا. لەم تێفکرینە ڕەخنەگرانەیەدا دەبێ هێندێک ڕێوشوێنی میتۆدۆلۆژیک بە شێوەی سەلبی و ئیجابی ڕەچاو بکرێ.

### ٤. تێفکرینی بەرگریکارانە

تێفکرینی بەرگریکارانە ڕێک پێچەوانەی تێفکرینی ڕەخنەگرانەیە. کاتێک بەردەنگ ڕەخنەکاریی بۆچوونی ئێمەی کرد، ئێمەش دەبێ بەرگری بکەین و بڵێین لەو هەنگاوەی [لە بەڵگەهێنانەوەکەدا] تۆ گومانت خستبووە سەر، دەکرێ گومانەکە بڕەوێندرێتەوە یا ئەو پێشەکییەی دەمەتەقەت لەسەر دەکرد، دەمەتەقەکە بۆ ئەوە دەبێ وڵامی بدرێتەوە یا ئەو پێشگریمانەیەی نەتدەسەلماند ئێستا پێت دەسەلمێنم و بەم شێوەیە بەرگری لە بۆچوونەکەمان دەکەین و تێفکرینەکەمان لایەنی بەرگریکارانەی هەیە.

### ٥. تێفکرێنی دانوستانکارانە

جۆری پێنجەمی تێفکرین کە هەر بە تەنیا لە زانستە عەمەلییەکاندا ـ واتە لە لقە تکنیکی و هونەرییەکاندا و بەتایبەت لە لقە تکنیکییەکاندا. مانای هەیە، تێفکرینی دانوستانکارانەیە. ئەم شێوە تێفکرینە لەسەر ئەم بنەمایە دادەمەزرێ کە ئێمە چۆن بتوانین پێکەوە دانوستان بکەین. لە زانستە تیۆرییەکاندا «دانوستان کردن» بەمانای «نەوی کێشان» مانای نییە. بە دەربڕینێکی تر، دانوستان بۆ ئەو کاتەیە کە من وڵامی پرسیارەکەم هەیە و تۆش وڵامەکەت هەیە، بەڵام وڵامەکەی من قەناعەت بە تۆ ناهێنێ و وڵامەکەی تۆش قەناعەت بە من ناهێنێ کەوایە هیچ کاممان ئەوی دیکەمان لە مەیدان پێ دەرناکرێ بەڵام هەرچۆنێک بێ بە کردەوە دەبێ کارێک بکەین کەوایە ڕێگاییەکی مامناوەندی هەڵدەبژێرین بۆ نموونە ئاوا پێک دێین کە تا ڕادەیەک من دەست لە داواکارییەکانم هەڵبگرم و تا ڕادەیەکیش تۆ و بەم شێوەیە هەنگاوێک بەرەوپێش هەڵبگرین. ئەمە مێتۆدێکە کە بۆ جیهانی سیاسەت و پەروەردەکردن و ڕاهێنان و .... یەکجار زۆر بەکەڵک دێ. لە شێوازی دانوستاندا دیاری کراوە کە ئەو تێفکرینەی ڕووی لە دانوستاندایە چ جۆرە تێفکرینێکە و چۆن دەتوانین بیر لە بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەینەوە و لەگەڵ ڕکەبەرەکانمان پێک بێین.

### ٦. تێفکرینی داهێنەرانە

تێفکرینی داهێنەرانە، جۆری شەشەمی تێفکرینە. لەم شێوە بیرکردنەوەیەدا وەک ئەوە وایە ئێمە خۆمان لە خودا بچوێنین و بە بیرکردنەوەی خۆمان شتێک دابهێنین و بیخولقێنین. جوداوازیی تێفکرینی داهێنەرانە لەگەڵ پێنج شێوە بیرکردنەوەکەی تر لەمەدایە کە لەو پێنج شێوە بیرکرنەوەی تردا گومان لەوەدا نییە مێتۆدی ناسراو و دیاریکراو لە گۆڕێدا هەیە بەڵام ئایا دەتوانین بۆ تێفکرینی داهێنەرانەش مێتۆدی ئەوتۆ پێشنیار بکەین کە ئەگەر پێیان ملزەم بین و هەنگاو بە هەنگاو ڕەچاویان بکەین بتوانین داهێنان بکەین؟ ئێرە ئیتر شوێنی کورتبڕینەوە نییە.

زۆرتر گوتوویانە تێفکرینی داهێنەرانە شێوە بیرکردنەوەیەک نییە کە بکرێ بە توێژەرەوان و خوێندکاران و بەگشتی بە خەڵک بڵێین ئەگەر ئەم هەنگاوانە هەڵبگرن دەبن بە خاوەنی زەینێکی داهێنەر و دەتوانن تازەگەری بکەن. هەڵبەت ئەمڕۆ هێندێک لە دەروونناسانی داهێنان گوتوویانە ئێمە بەرەبەرە دەتوانین مێتۆدی ئەوتۆ پێشنیار بکەین کە ئەگەر مەرجی تەواویش نەبن بۆ ئەوەی زەینی ئێمە ببن بە زەینی داهێنەر، هەر نەبێ بکرێ بڵێین مەرجی پێویستن.

## ڕەخنەکاری گرینگتر لە بەرگریکردن

دیتمان تێفکرینی ڕەخنەگرانە، جۆری سێیەمی بیرکردنەوە بوو بەڵام ئەمڕۆ هێندێک کەس هاتوونەتە سەر ئەم بڕوایە کە جۆری چوارەمی بیرکردنەوەش کە بریتی بوو لە تێفکرینی بەرگریکارانە، لە بنەڕەتدا هەر تێفکرینی ڕەخنەگرانەیە. پێشتر گوتمان کە تێفکرین شەش جۆری هەیە کە تێفکرینی ڕەخنەگرانە یەکێک لەم شەش جۆرەیە یا ڕەنگە دوو جۆر لەم شەش جۆرە لەخۆی بگرێ. کەوایە ئێمە لە تێفکرینی ڕەخنەگرانەدا لەگەڵ جۆرێک تێفکریندا بەرەوڕووین نە دوو شێوە تێفکرینی چاک و خراپ. تێفکرینی ڕەخنەگرانە جۆری تێفکرینمان بۆ دیاری دەکا کە ئەویش وەک جۆرەکانی دیکەی تێفکرین بەهێز و لاوازی هەیە. هەر کاتێک ڕەخنە لە بۆچوونی کەسێک دەگرین یا بەرگری لە بۆچوونی خۆمان دەکەین، دەبێ مێتۆدەکانی ڕاسپێردراو لەلایەن پسپۆڕانی تێفکرینی ڕەخنەگرانە ڕەچاو بکەین. هەڵبەت لەم بەشەدا ڕەخنە لە بەرگریکردن گرینگترە. بەتایبەت ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو کەسانەی بانگەشەی ڕەخنەکارییان کردووە دەبینین هەمیشە گوتوویانە یەکەمین بنەمای تێفکرینی ڕەخنەگرانە ئەوەیە کە تۆ بە کەڵکوەرگرتن لە شێوە بیرکردنەوەی ڕەخنەکارانە پێشان بۆچوونەکانی خۆت ڕەخنەکاری بکەی پاشان بۆچوونی کەسانی تر. ئەگەر ئەم بابەتە لەبەرچاو بگرین کە من دایمە قاتڵی سەری بۆچوونەکانی خۆم بم و بمەوێ لە پشت زەڕەبین بڕوانمە بۆچوونەکانمەوە و خاڵی لاوازی بۆچوونەکانم بەدی بکەم، ئەودەم تێدەگەین ڕەخنە زۆر لە بەرگریکردن گرینگترە و ڕەنگە هەر بۆیەشە کەسانێک ڕەخنە و بەرگریکردنیان تێک کردووەتەوە و بە تێفکرینی ڕەخنەگرانەیان ناو هێناوە.

## سەرچاوەی تێفکرینی ڕەخنەگرانە

خاڵی تر ئەوەیە کە سەرچاوەی تێفکرینی ڕەخنەگرانە حوکمێکی ئەخلاقییە بەڵام پێگەکەی تایبەتە واتە ئەوەی گەرای تێفکرینی ڕەخنەگرانەی پێ دەگوورێ بریتییە لە حوکمیکی ئەخلاقی؛ هەڵبەت مەبەست لە لقێکی ئەخلاقە کە پێی دەڵێن «ئەخلاقی باوەڕ». لە ئەخلاقی باوەڕدا پێمان دەڵێن کە تۆ دەبێ ڕادەی دڵپێوەبوون و پێملبوونت بە بۆچوونێک لەگەڵ ڕادەی پتەوبوونی ئەو بەڵگە و شایەتانەی بۆچوونەکە پشتڕاست دەکەنەوە هاوڕێژە بکەی. هەرچەندەی بەڵگە و شایەتگەلێک کە بڕواکەت پشتڕاست دەکەنەوە بەهێزتر بن، با ڕادەی دڵپێوەبوون و پێملبوونی تۆش بەو باوەڕە ئەوهێندە زیادتر بێ و هەرچەندەی ئەو شایەت و نیشانانەش بە سوودی بابەتێک هەن لەرزۆکتر و لاوازتر بن دەبێ ڕادەی دڵپێوەبوون و ملزەمبوونی تۆش بەو بڕوایە سستتر بێ و ئەمە بنەمای ئەخلاقی باوەڕە.

ئێستا دەبێ بزانین ئەو شایەتانەی هەن بە یەقین شایەتی لەسەر ڕاستی بۆچوونێک دەدەن یا نا؟ ئایا بەڕاستی ئەو گوزارەیە پشتڕاست دەکەنەوە یا نا؟ و لێرەدایە کە ڕوو لە تێفکرێنی ڕەخنەگرانە دەکەین؛ کەوایە هەبوونی تێفکرینی ڕەخنەگرانە جگە لەوەی بە ئاراستەی زانیندا بەرەو پێشمان دەبا، بەرەو جێبەجێکردنی ئەرکی ئەخلاقیشمان ڕێنوێنی دەکا. ئێمە دەبێ ئەو خاڵەی ئەخلاقی باوەڕ ڕەچاو بکەین کە ئەخلاقی باوەڕ کاری بە خودی باوەڕەوە نییە، کاری بەوە داوە چەندە بەڵگە بە قازانجی ئەو باوەڕە بوونیان هەیە یا نییە و داوامان لێ دەکا ڕادەی پێملبوون و دڵپێوەبوونمان لەگەڵ ئەم ڕادەیە هاوڕێژە بکەین و لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لە بواری تێفکرین، فەرهەنگ، زانست و ...دا هەڵسوکەوتێکی ئەخلاقیمان هەبێ، پێویستیمان بەوە هەیە لە ڕاییکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا شارەزا بین و بە کردەوەش ئەم شێوە تێفکرینە دەکار بکەین؛ و وا نەبێ هەر ڕێساکانیمان لەبەر بێ و قەت بۆ قۆناغی جێبەجێکردنی نەگوازینەوە. کەواتە پێویستیی ئێمە بە زانین و دەکارکردنی بە کردەوەی تێفکرینی ڕەخنەگرانە لە «ئەخلاقی باوەڕ»ەوە سەرچاوە دەگرێ.

## جێگەوپێگەی تێفکرینی ڕەخنەگرانە لەناو زانستەکاندا

ئێستا پرسیار ئەوەیە تێفکرینی ڕەخنەگرانە چ چەشنە زانستێکە و لە چ ئاستێکی زانستەکاندا جێگیر دەبێ؟ لە ڕوانگەیەکەوە دەتوانین بڵێین تێفکرینی ڕەخنەگرانە خاڵی پێکگەیشتنی «مەنتیقی غەیری سووری» و «مەعریفەناسی»یە؛ واتە شوێنێک کە ئەم دوو بوارە تێک دەبەزن. بە دەربڕینێکی تر هەر باسوخواستێک لە کتێبەکانی تێفکرینی ڕەخنەییدا لە ڕوویەکەوە باسێکی مەعریفەناسانەیە و لە ڕوویەکی ترەوە باسێکی پێوەندیدار بە مەنتیقی ناوەرۆک (غەیری سووری)وە هەیە کەواتە دەتوانین بڵێین تێفکرینی ڕەخنەگرانە لکی مەنتیقی غەیری سووری و مەعریفەناسییە.

## پێشگریمانەکانی تێفکرینی ڕەخنەگرانە

خاڵێکی تری شیاوی سەرنج ئەوەیە کە تێفکرینی ڕەخنەگرانە و هەر کەسێکی ڕوو لەم شێوە تێفکرینە دەکا کۆمەڵێک پێشگریمانەی هەیە کە ئەگەر تەنانەت یەکێک لەم پێشگریمانانەی نەبوایە، پێویست نەبوو ڕووی لە شێوە تێفکرینە کردبا.

یەکەمین پێشگریمانە ئەوەیە کە بەگشتی ئەو بۆچوونانەی لە ماوەی ژیانماندا بەرەوڕووی ئێمە دەکرێنەوە و داوامان لێ دەکرێ بڕوایان پێ بهێنین، نە ڕاست بوونەکەیان ڕوونە و نە ناڕاست بوونەکەیان هەر بۆیە بۆ تێگەیشتنی ڕاستی و ناڕاستییەکەیان پێویستیمان بە کەندەوەکۆڕی هەیە. ئەگەر ئەم پێشگریمانەیە نەبوایە پێویست نەبوو ئێمەش تێفکرینی ڕەخنەگرانەمان ببێ.

پێشگریمانەی دووهەم ئەوەیە بتوانین ڕاستی و ناڕاستی زۆریەک لەو گوزارانەی لە بەرانبەر زەینی ئێمەدا ڕادەندرێن و داوا دەکەن بیانسەلمێنین، تێبگەین. چونکە ئەو تێگەیشتن و لێکجوداکردنەوەیە جوداوازییەکی بنەڕەتی لە ژیانی ئێمەدا وەدی دەهێنێ و ئێمە ناتوانین لەئاست ڕاستبوون یا ناڕاستبوونیاندا خەمسارد و بێهەڵوێست بین.

پێشگریمانەی سێیەم ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین هەر لەبەر ئەوەی کابرای دەربڕی بووچوونێک دەڵێ ئەو بۆچوونە ڕاست یا ناڕاستە، متمانە بە قسەکەی بکەین. چونکە لەبەر ئەوەی ئێمە پێوەندی نێوان قسەی کەسێک و کەسێتی و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو کەسە بە پێوەندییەکی دابڕاو گریمانە دەکەین کەوایە ئێمە بۆ ئەوەی ڕاستی و ناڕاستی گوزارەیەک تێبگەین ناتوانین دەستەوداوێنی بێژەرانی قسەکە بین جا ئەو بێژەرانە چ هەموو خەڵکی سەر ئەم گۆی زەوییە بن یا تاقەکەسێک بێ.

بەگوێرەی پێشگریمانەی چوارەم، سەرەڕای گشت ئەو لێکدانەوانە، منیش وەکوو هەموو مرۆڤێک کەموزۆر هێزی ناسینەوەی ڕاستی و ناڕاستیم هەیە. کەوایە تێفکرینی ڕەخنەگرانە کاتێک لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێ کە بڕوامان وابێ ئێمەش دەتوانین کەموزۆر لە ڕاستی و ناڕاستی قسەی کەسێک بکۆڵینەوە و ڕاستی و ناڕاستیی قسەکەی دەربخەین.

پێشگریمانەی دواییش ئەوەیە کە ئەو کاتە دەست دەدەینە تێفکرینی ڕەخنەگرانە کە خۆمان هەست بەوە بکەین ئێستا پێویستیمان بە تێگەیشتنی ڕاستی یا ناڕاستی بابەتێکەوە هەبێ. (ئێژن لە کاولە لەحسایێ/ کابرایەک دوو کەوانی هەس/ دە با یەکیان تێدا بچێ/ لەبۆ ئێمە چ زیانی هەس؟).

ئەمە گریمانەیێکە ئێمە بە حیکمەتی «بە من چی؟» دەناسین. دەبێ وریا بین زڕەپرسەکان بە پرس نەگرین و نەکەوینە شوێن ئەو ڕاستییانەی پێوەندییان بە ئێمەوە نییە.

ئێمە ڕۆژانە بە زانیاریگەلی زۆروزەوەندەوە بوردومان دەکرێین. ئەگەر دەمانەوێ لە ژێر هەرەسی ئەم زانیارییانەوە نەنێژرێین، عیلاجمان نییە جگە لەوەی دارستانی ئەندیشەکان هەڵپەرتێوین. چونکە ئەگەر تەنانەت لە دەستمان نەیێ لەم دارستانەدا نەمامی ئەندێشەی ساغ بچەقێنین، هەر نەبێ دەبێ ئەوەندەمان لە دەست بێ ئەندێشە چەوتەکان هەڵپەڕتێوین. دەربارەی هەر بابەتێک بەسەدان بۆچوون هەیە و ئێمە نازانین کام یەک لەو بۆچوونانە ڕاستن و کام یەک هەڵەن.

ڕۆحی ئێمە لە ژێر هەرەسی ئەو هەموو زانیارییە هەمەچەشنانەی ڕێگەی چوونە پێش و چوونەپاشمان لێ دەشارنەوە نووزەی لێ دەبڕێ.

هیچ نەبێ تێفکرینی ڕەخنەگرانە دێ و دارستانی ئەو بۆچوونانەی لە بەرانبەر ئێمە ڕادەندرێن و زەینمان تووشی پشێوی و ئاڵۆزی دەکەن، هەڵدەپەرتێوێ.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :824 · 5 June 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکوومکردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

### ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

**دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان:**

حەوتووی ڕابردوو، چالاکێکی ژینگەیی بە ناوی «ئوسوەت زەردۆیی»، تەمەن ٣٠ ساڵ و کوڕی ئیبراهیم، خەڵکی شاری باینگانی پاوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی «دوکتور عەلی دڵباختە» و «یەزدان جوانمیری» بەهۆی نارەزایەتی دەربڕین بە گرانی، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوون.

هەروەها لەو پەیوەندییەدا هاووڵاتییەکی دیکە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو کە هەتا ئێستا شوناسی بۆ ئاژانسی کوردپا ڕوون نەبووەتەوە.

ڕۆژی شەممە ٧ی جۆزەردان، «ئیرەج ڕەحیمزادە» چالاکی ژینگەیی خەڵکی گوندی «ڕوار»ی سەولاوا و دانیشتووی شاری مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «دانا پیروزی» تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی عەتا خەڵکی گوندی «سەردۆشە»ی مەریوان، پاش بانگهێشتکرانی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە ١٠ی جۆزەردان، مەجید کەریمی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموٚستایانی کوردستان - سنە و کەڵاتەرزان، لەلایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرشید کەریمی» تەمەن ٣٥ ساڵ خەڵکی شاری سنە، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە هەروەها دەسبەسەرە.

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خالید قوربانی» تەمەن ٢٦ ساڵ، کوڕی یووسف خەڵکی گوندی «بزوەش»ی شاری کامیاران، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

**بانگهێشتکردن بۆ ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکان:**

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی جۆزەردان، «عوسمان ئیسماعیلی» چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سەقز، بانگهێشتی دادگای ئینقلابی ئەو شارە کرا. ئەو چالاکە کرێکارییە لە بانگهێشتنامەیەکدا کە ڕۆژی سێشەممە ١٠ی جۆزەردان بۆی نێردرابوو، بە تۆمەتی «تێکدانی بیروڕای گشتی و پڕوپاگەندە دژی نیزام» بانگهێشتی دادگای ئینقلابی سەقز کرابوو.

**بێتاوانی چوار هاووڵاتیی کورد:**

ڕۆژی شەممە ٧ی جۆزەردان، چالاکێکی ژینگەیی بە ناوی «سامان میرەکی» لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتی «حوسێن سەعیدی» بە ٦ مانگ زیندانی تەعزیری و دوو ساڵ زیندانی تەعلیقی مەحکووم و چوار هاووڵاتیی دیکە بە ناوەکانی «ئارمان سەلیمی»، «ئومید شێخی»، «ئومید ئەسەدی» و «پارسا بەهرامی» لە تۆمەتی وەپاڵدراویان بێتاوان ناسران.

**ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان:**

ڕۆژی یەکشەممە ١ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم تاریمورادی» کوڕی محەممەدساڵح خەڵکی گوندی «هەمرۆڵە»ی سنە، پاش بانگهێشتکردنی بۆ لقی ٤ی جێبەجێکاریی یاسای کەیفەریی ئەو شارە، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندان کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٣ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «یووسف ئەمینی» تەمەن ٥٢ ساڵ خەڵکی گوندی «گورگاوێ»ی شاری شنۆ، بۆ جێبەجێکردنی حوکمی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٣ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەدڕەسووڵ ئەلیاسی» تەمەن ٢٧ ساڵ کوڕی محەممەدتاهیر خەڵکی شاری پیرانشار، پاش بانگهێشتکردنی بۆ دادگای ئینقلابی ئەو شارە، بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٤ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕێبوار چارکداری» پاش بانگهێشتکردنی بۆ دادگای ئینقلابی شنۆ، دەسبەسەر و بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی جۆزەردان، «عەزیز قادرتاج» ماموٚستای قوتابخانەی سەرەتایی گوندی «نەرزیوێ»ی شاری شنۆ، پاش بانگهێشتکرانی بۆ دادگای ئینقلابی ئەو شارە دەسبەسەر و بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی جۆزەردان، فەرهاد مەعرووفی هاووڵاتیی کوردی خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ»ی شاری شنۆ، پاش بانگهێشتکردنی بۆ دادگای ئینقلابی ئەو شارە، دەسبەسەر و بۆ زیندانی شنۆ ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە ٧ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «کەماڵ قوێتاسی» پاش بانگهێشتکردنی بۆ لقی جێبەجێکاری سزاکانی دادگای ئینقلابی شنۆ، دەسبەسەر و بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٩ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلیم شەریفی» پاش بانگهێشتکردنی بۆ لقی جێبەجێکاری سزاکانی دادگای ئینقلابی شنۆ، دەسبەسەر و بۆ جێبەجێکردنی حوکمی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

**ڕاگواستنەوەی زیندانیی بۆ حیفازەت ئیتلاعاتی سپا:**

ڕۆژی دووشەممە ٢ی جۆزەردان، «مەحیەدین ئیبراهیمی» زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام، خەڵکی شاری شنۆ، لە بەندی زیندانییانی سیاسیی زیندانی ورمێ بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

**مانگرتن لە خواردنی زیندانی:**

ڕۆژی دووشەممە ٩ی جۆزەردان، «ئەسکەندەر لوتفی» ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموٚستایانی کوردستان - مەریوان، لەمەڕ بەردەوامیی دەسبەسەریی نایاسایی و لەژێر گوشارداوبونی بۆ لێوەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ، دەستی بە مانگرتنی وشک کرد.

فاتێح مەجیدی ماموٚستای دەرکراو و چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری بانە، لە ڕۆژی دووشەممە ١٩ی بانەمەڕ، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ دەسبەسەرکرانی نایاسایی و بێبەریکردنی لە دەستپڕاگەیشتن بە دەوا و دەرمانەکانی، مانی لە خواردن گرتووە.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی جۆزەردان، ژمارەیەک لە چالاکانی سێنفیی ماموٚستایان بە نیشانەی نارەزایەتی بە دەسبەسەرکردن و زیندانیکردنی ماموٚستایان و دۆسیەسازی دژی ئەوان و هەروەها هاوڕێیەتی لەگەڵ مانگرتنی ئەسکەندەر لوتفی وتەبێژی شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی سێنفیی فەرهەنگییانی ئێران، مانیان لە خواردن گرت.

**شوناسی چالاکانی سێنفیی مانگرتوو:**

موحسێن عومرانی/ بووشێهر، محەممەد ڕەزا ڕەمەزانزادە/ خوراسانی باکوور، عەزیز قاسمزادە/ گیلان، تاهیر قادرزادە/ کوردستان، عەبدوڵڵا ڕەزایی/ هەرسین، ڕەزا موسلمی/ هەمەدان، ئامانج ئەمینی/ کوردستان، مورتزا ئەلیاسی/ لوڕستان، پەروین ئیسفەندیاری/ تاران، ئەسغەر حاجب/ بووشێهر، خان عەزیزی ئیسماعیلی/ شاباد، یەعقووب یەزدانی/ خوراسانی باکوور، ئەردەشیر سەیادی/ بووشێهر، وەحید میرشکاری/ تاران، وەلی میرزا سەیدی/ تاران، پەروین سەلیمی/ تاران، مەرزیە تەلایی/ کوردستان، شەهرزاد قەدیری/ تاران، مەهدی فەتحی/ پاسارگاد، مەحموود مەلاکی/ بووشێهر، ئەحمەد قادری/ کوردستان، زەینەب سپێهری/ تاران، سەلاح ئازادی/ کوردستان، محەممەد حەسەن پوورە/ تاران، مەعسوومە دێهقان/ تاران، فەرزاد داوودپوور/ کەرەج، فەرامەرز خواشناس/ تاران، شەهریار نادری/ کرماشان و مەحبووبە فەرحزادی/ تاران

«محەممەد ڕەمەزانزادە» بەڕێوەبەری ئەنجومەنی سێنفیی فەرهەنگییانی خوراسانی باکوور، بۆ پشتیوانی لە ماموٚستایانی زیندانی و «ئەسکەندەر لوتفی» ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی سێنفیی ماموٚستایانی کوردستان - مەریوان و وتەبێژی شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی سێنفیی ماموٚستایانی ئێران، مانگرتن لە خواردنی تەڕی خۆی ڕاگەیاند.

هەروەها ١١چالاکی سێنفیی ماموٚستایان بە نیشانەی نارەزایەتی لە دەسبەسەرکردن و زیندانیکردنی ماموٚستایان و دۆسیەسازی لە دژی ئەوان و بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی «ئەسکەندەر لوتفی» وتەبێژی شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی سێنفیی فەرهەنگییان و ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی ماموٚستایانی کوردستان- مەریوان، مانیان لە خواردن گرت.

شوناسی چالاکانی سێنفیی مانگرتوو بریتین لە: «ئەکبەر زەندیبودی/ بووشێهر، مێهران داوودیان/ تاران، کەوکەب بوداغیپوگا/ شاری ئیزەی ئەحواز، یاسین ئەمینیئازەر/ مەهاباد، فاتمە بەهمەنی/ ئەراک، سولێمان عەبدی/ کوردستان، سوهەیل سیاوەشی/ بووشێهر، ئەمروڵڵا نەسروڵڵاهی/ شیراز، هومەن دەشتی/ تاران، محەممەد ساڵح شەکەری/ کوردستان و فەرهاد تەنهای ڕەشوانلوو/ خوراسانی ڕەزەوی».

**مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە زیندان:**

هاووڵاتییەک بە ناوی «خالید سەیفپەناهی» کوڕی ئەحمەد خەڵکی شاری سنە، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بە سەرۆکایەتیی دادوەر «حوسێن سەعیدی» بە سێ مانگ و ڕۆژێک زیندانی تەعلیقی بۆ ماوەی دوو ساڵ مەحکووم کرا.

**قرتاندنی دەستی زیندانیی لە زیندانیی ئێڤین:**

ئارش سادقی زیندانیی سیاسیی پێشوو و چالاکی مافی مرۆڤ لە تویتێری کەسیی خۆیدا، باسی لە قرتاندنی چوار قامکی زیندانییەک لە زیندانی ئێڤینی تاران کردووە.

**گوشاری ئیدارەی ئیتلاعات بۆ لێوەرگرتنی دانپێنانی زۆرەملی:**

ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بە بنەماڵەی مەجید کەریمی، چالاکی سێنفیی ماموٚستایان و ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموٚستایانی کوردستان - سنە و کەڵاتەرزان ڕایگەیاندووە کە لە ئەگەری هاوکاری نەکردنی مەجید کەریمی، ناوبراو ئازاد ناکرێت. ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە هەروەها بە بنەماڵەی کەریمیی وتووە، ئەگەر ئەو شتانە کە ئەوان دەیڵێن و مەجید کەریمی باسی نەکات، ئەو هەروەها لە گرتنگەی ئەو ناوەندە ئەمنییەتییە دەمێنێتەوە.

**ڕاگواستنی چالاکانی سێنفیی بۆ بەندی ئەمنییەتیی زیندانی ئێڤین:**

شەعبان محەممەدی و مەسعوود نیکخا، لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموٚستایانی کوردستان - مەریوان، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بۆ بەندی ئەمنییەتیی زیندانی ئێڤین ڕاگوێزران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٤ی جۆزەردان، ئەو دوو چالاکە سێنفییە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بنەماڵەکانیان ڕایانگەیاندووە کە لە ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بۆ بەندی ئەمنییەتیی زیندانی ئێڤین ڕاگوێزراون.

**دادگاییکردنی چالاکانی سێنفیی:**

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی جۆزەردان، کۆبوونەوەی پێڕاگەیشتن بە تۆمەتی سەلاح ئازادی، چالاکی سێنفیی ماموٚستایان و ئەندامی ئەنجومەنی ماموٚستایانی کوردستان - مەریوان، لە دادگای ئینقلابی مەریوان بەڕێوە چوو. ئەو چالاکە سێنفییە لەگەڵ دوکتور وەحیدی پارێزەری دۆسیەکەی بۆ دادکۆکیکردن لە تۆمەتی وەپاڵدراوی لە دادگای ئینقلابی مەریوان، ئامادە ببوو.

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

ڕۆژی چوارشەممە ٤ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مادێح کەریمی» خەڵکی گوندی «بڵبەر» و دانیشتووی شاری مەریوان، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی سنووری «تەتە»ی هەورامان بە سەختی بریندار بوو.

ئەمڕۆ شەممە ٧ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئاکۆ ڕەسووڵی» تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی ڕەحیم خەڵکی شاری بانە، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری ئەو شارە گیانی لەدەست دا.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ٧ی جۆزەردان، تەرمی «بەهلوول سەیدانیفەر» دووەمین کۆڵبەری ونبوو لە بەفر و کرێوە، خەڵکی گوندی «باوان»ی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لە بەرزاییەکانی گوندی «گەلێشم» لە تورکیە دۆزرایەوە.

شەوی دووشەممە ٩ی جۆزەردان، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە ژمارەیەک لە کۆڵبەران، دوو کۆڵبەری خەڵکی جوانڕۆ بە سەختی بریندار بوون. هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرەی بە ناوەکانی «عومەر یەعقووبی و جەلال مروەتی» خەڵکی گوندی «کلاشی باخان»ی شاری جوانڕۆ ڕاگەیاندووە.

**گیانلەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:**

ڕۆژی شەممە ٣١ی بانەمەڕ، مینووبووسێکی هەڵگری کرێکارانی وەرزی لە جادەی کرماشان- کوزەران وەرگەڕا و بەهۆیەوە ١٣ کرێکاری وەرزی بریندار بوون. هەواڵدەریی «ئیرنا» لەوبارەیەوە بڵاوی کردووەتەوە، بریندابوونی ١٣ کرێکاری وەرزی بەهۆی تەقینی تایەی دواوەی مینووبووسەکە بووە و ئەمەش بووەتە هۆی وەرگەڕانی ماشینی ئەو کرێکارانە.

**خۆکوژیی ژنان و پیاوان:**

ڕۆژی یەکشەممە ١ی جۆزەردان، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵە بە ناوی «محەممەد بادرە» کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی شاری مەریوان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا

ڕۆژی دووشەممە ٢ی جۆزەردان، لاویکی تەمەن ٢١ ساڵ بە ناوی «فەردین قەزڵباش» کوڕی «ڕەحیم» خەڵکی گوندی «ماکۆکەندی»ی شاری ورمێ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەو لاوە لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە خۆی کوشتووە.

ڕۆژی چوارشەممە ٤ی جۆزەردان، ژنێکی لاو بە ناوی «ئازادە ئیبراهیمی» کچی عەسکەر خەڵکی ورمێ، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی هەینی ٦ی جۆزەردان، پزیشکێک بە ناوی «نگین ئیبراهیمزادە» کچی مەنسوور خەڵکی گوندی «گونبەد» سەر بە ناوچەی سۆمای ورمێ، پاش هەوڵدان بۆ خۆکوژی گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی دووشەممە ٩ی جۆزەردان، ژنێکی لاو بە ناوی «شوکریە پەژووهی» کچی محەممەدساڵح خەڵکی گوندی «بایەوە» و دانیشتووی مەریوان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.





